No:4

# مەگەزین پۆلیتەکنیک

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەریدەکات



## مافی بەشداری پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا

لا ٦

أصدر أول صحيفة كوردية باسم (كوردستان) في القاهرة بتاريخ ١٨٩٨/٤/٢٢، إذ طبع منها ٣٠٠٠ نسخة.

ص٩٠


دوير ١ | سالا عولي | عدد ١

كردستان
١٣١٥

عنوان
مصرده كردستان غزته سي صاحب ومحرري بدرخان پاشا زاده
مقداد مدحت

كرداري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون شمديلك
اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته در

روژا پنجشنبي ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

## (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و پێشێلکاری لە مادده دەستوورییەکانی بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان

لا ٨



## أهمية التبادل الطلابي والاتفاقيات بين الجامعات العالمية

ص٨٦

www.epu.edu.iq

## پۆلیتەکنیك
مەگەزین


**خاوەن ئیمتیاز:**

**پ.د. ادریس محمدطاهر هەرکی**

**سەرنووسەر:**

م. شاکر رضا احمد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.ی.د ئازاد رمضان علی
پ.ی.د دلێر احمد حمە
پ.ی.د بەهات حسیب قرەداغی
پ.ی.د عبدالخالق ابراهیم مصطفی

**بەڕێوەبەری نووسین:**

عبدالخالق صابر (هێمن حەساری)

**دەستەی نووسەران:**

پ.ی.د سیروان انور
پ.ی.د سەرسام خلیل عمر
م.ی. رحمت الله حبیب امین
هەلۆ مجید

**تەکنیککاران:**

فیروز علی فرج
شاخەوان رضا احمد
هەڵگورد یوسف



**ناونیشان:**

هەولێر ـ ڕێگەی کەرکوک
پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر
بەشی تەکنیکی میدیا
poly.magazine@epu.edu.iq


ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY
بەشی تەکنیکی میدیا
MEDIA TECHNIQUES DEPARTMENT 1999
ERBIL ADMINISTRATIVE TECHNICAL INSTITUTE


* گۆڤاری (پۆلیتەکنیك مەگەزین) لەسەر ئەرکی سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ـ بڵاودەبێتەوە.
www.epu.edu.iq


### پەیامی گۆڤار:

ڕۆشنبیربوون و ڕۆشنبیری، کەڵەکەبوونی زانست و زانیارییە بۆ خزمەتی گشتی کۆمەڵگە..

### ئامانجی گۆڤار:

* ئامانجی گۆڤاری (پۆلیتەکنیك مەگەزین)، بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەچەشنەی تایبەت بە بواری ڕۆشنبیری گشتییە و زیاتر گرنگی بە بواری میدیا دەدات و کار دەکات لەسەر دەوڵەمەندکردنی هزری خوێنەران.
* ئامانجی بەشداریکردنی مامۆستایان و قوتابیان زانکۆیە بە بڵاوکردنەوەی بابەت و ڕاپۆرت و دیدارو چاوپێکەوتنەکانیان بەرەچاوکردنی ڕێنووسی زمانی کوردی و شێوازو تەکنیکی نووسین..
* ئامانجێکی تری گۆڤار، ئەوەیە کە ببێتە سەکۆیەك بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی نووسەران و ئەکادیمیان و قوتابیان و خستنەڕووی بابەتی هەمەچەشنەی فیکری بە مەبەستی خزمەتکردنی ڕۆشنبیری گشتی.


(چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر) بۆ بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی
هەولێر ـ نزیک پەروەردەی گشتی
ژمارە مۆبایل: 07504483863


فۆتۆ: ڕێژوان هێمن

# POLYTECHNIC



ان أهمية التبادل الثقافي في التعليم لتعزيز وفهم وتقدير وجهات النظر المختلفة والتقاليد فهو يساعد على توسيع آفاق الطلاب ويعزز المواطنة ويشجع الانفتاح والتسامح من خلال التبادل الثقافي والعلمي تتاح للطلاب الفرصة للتعرف على الثقافات الاخرى بشكل مباشر وكذلك التعرف على برامج التعليمية والمشاركة في التواصل بين الثقافات وتطوير الكفاءة بين الثقافات.




بەرزو پیرۆز بێت

یادی (١٢٦) ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

1898



Achieving peaceful coexistence requires open dialogue, understanding, empathy, and a willingness to compromise. It involves fostering a culture of peace, promoting education and awareness, and addressing the root causes of conflicts, such as poverty, inequality, and injustice.







## 16

### کارامەیی ئاخاوتن لە ڕاگەیاندندا

ئێمـە ڕۆژانـە هـەڵ و کاتێکـی زۆر و هاوڕێییەتـی و پێوەنـدی کۆمەڵایەتی..... هتـد، بەهـۆی ئاخاوتنی بێ سـەروبەر و نادروست و ناورد لە دەست دەدەین.....

## 20

### گوتاری (سەروتاری) ڕۆژنامەی.....

لەباسـی هەردوو سەروتارەکەی ڕۆژنامەی (کوردسـتان 1898-) و (تێگەیشـتنی ڕاستی1918-) ، مەبەستمان نییە وەک هونەری نووسینی ڕۆژنامەوانی....







## 22

### یادی ڕۆژنامەگەری کوردی.....

سـاڵانە لـە ڕۆژی 22ی مانگی نیسـان، یادی یەکـەم ڕۆژنامەی کـوردی بە ناوی (کوردسـتان) دەکەیـنـەوە، کـە لەلایەن (مقداد مدحت بدرخان)....

## 24

### ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ لە.....

ئێسـتا، کە جیهـان بەخێراییەکـی خێرا تێدەپەڕێـت هەر جرکەیـەک هەواڵی تێدا دابرێژرێـت دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بایەخپێدەرانی، ئەمەش شتێکە....



# گرنگی (ڕاهێنانی مەیدانی یاخود مەشقی هاوینە و ئالوگۆڕی قوتابیان) لەزانکۆدا



پرۆفیسۆر ادریس هەرکی
سەرۆکی زانکۆی
پۆلیتەکنیکی هەولێر

مەشقی مەیدانی یاخود مەشقی هاوینە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزموون و پراکتیزەکردنی ئەو بابەتەی قوتابی بە تیۆری خوێندویەتی و لەیەکێک لە دامەزراوەکان بە کردەیی جێەجێی دەکات بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاست و توانای قوتابیان لە ئاستێکی دیاریکراو لەڕووی تێگەیشتن و کارامەییەکان بۆ ئاستێکی بەرزتر تا بتوانن بە پشت بەستن بەخۆیان و سەربەخۆ کار بکەن، کەواتە مەشقی هاوینە: ئەو پراکتیزە مەیدانییەیە، کە تیایدا چەندین بنەمای فرە ئامانجدار بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی قوتابیان بۆ تێگەیشتن لەو زانست و زانیارییانەی، کە خوێندویەتی و کارامەیی تەکنیکی بۆیان دەرەخسێنێت بۆ باشترکردنی تایبەتمەندی کەسایەتی قوتابی، زیادکردنی زانیارییەکانی بە بەستنەوەی زانستە تیۆرییەکانی ناو پۆلی خوێندن لەگەڵ شێوەی کرداری و مەیدانی لەنێو دامەزراوەکاندا.

گرنگی ڕاهێنانی مەیدانی، کە یەکەم بوارە بۆ شارەزابوونی قوتابیان، لەمیانەیدا دەست دەکات بەجێبەجێکردنی ئەو زانستەی لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی فێریبووە و دەرفەتێکە بۆ قوتابی، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ فشارە جیاوازەکاندا بکات، لەکاتێکدا لەوانەیە لە بازاڕی کار تووشی ببێت، ئەمە وا دەکات ئەزموونی قوتابیان زیاد بکات لۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و کارلێککردن لەگەڵ ڕاهێنەران و سەرپەرشتیارانی خاوەن ئەزموون لەبواری کاردا، ڕاهێنانی مەیدانی یان مەشقی هاوینە کۆتایی دێنێت بەو ئالنگاریانەی، کە ڕێگرن لە پێشکەوتنی خێرای زانست و زانیاری و بەدەست هێنانی باشترین شێوازی پیشەیی و تەکنیکی، هەروەها ڕاهێنان و مەشقی هاوینە لەپاڵ سوودە مەیدانی و تواناییەکان، ئیلهامبەخشیشە بۆ خۆشویستنی کار.

لە دوای مەشقی هاوینە و ڕاهێنانی مەیدانی قوتابیان، تێگەیشتنێکی گەورەتر و فراوانتر دروست دەبێت لە پسپۆڕی قوتابی ژێر مەشق، کە وا دەکات جیاوازتر بیربکاتەوە و زیاتر داهێنەر بێت، هەروەها قوتابیان ئاشنا دەکات بە سروشتی بازاڕی کار و پێداویستیەکانی بازاڕ و وایان لێدەکات زیاتر ئامادەبن بۆ کارکردن لە داهاتوودا، چونکە ئەو ئەزموونە سەرەتاییەیان پێدەبەخشێت، کە لە بازاڕی کاردا پێویستیان پێیەتی. لەلایەکیتر دەکرێت ئەم ماوەیەی ڕاهێنان پێشەنگێک بێت بۆ دامەزراندنێکی هەمیشەیی، چونکە کۆمپانیا و دامەزراوەکان هەلی دامەزراندنی ئەو بەهرانە لەدەست نادەن، کە دێتە بەردەمیان، دەزگای مەشق دەرفەتێک دەدات بە قوتابیان و لەمیانەیدا هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئەوەی لە زانکۆ فێریبووە تا بزانێت ئایا ئامادەیە بۆ بازاڕی کار و خاڵ لاوازەکان دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت زووتر چارەسەریان بکات و بە باشترین شێوە خۆی ئامادە بکات بۆ بازاڕی کار و خۆی سنووردار نەکات تەنها بەو پرۆگرامە زانکۆییەی، کە خوێندویەتی، بەڵکو زۆر و زیاتر بخوێنتەوە و فێر بێت لە بواری پسپۆڕییەکەیدا.

تەکنیکەکانی مەشقی هاوینە زۆرو جیاوازن، ئەو تەکنیکە بەپێی بوارەکانی پراکتیک و سروشتی کار و بەرنامەی ڕاهێنانی مەیدانی دەگۆڕێت، بۆیە دەبێت سەرپەرشتیاران ئەم جیاوازییانە لەبەر چاو بگرن، لە گرنگترین ئەو تەکنیکیانەی لە ڕاهێنان و مەشقی هاوینە بەکار دەهێنرێن بریتین لە: شێوەی وانە ووتنەوە لە شوێنی کارکردن، پانێلی گفتوگۆ، سمیناری وێب، بەکارهێنانی پراکتیکی.

دوای ئەنجامدانی ڕاهێنان و مەشقی هاوینە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکرێت لەسەر بنەمای هەستی ئەرێنی قوتابیان، میتۆدی کارکردنیان لەگەڵ کەسانیتر، توانای قوتابی

و خۆڕاگـری و هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتی، پەرەپێدانـی کارامەیـی، توانـای قوتابـی بۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی پیشـەیی و لـە کۆتاییدا توانای قوتابییان بۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری بـۆ کۆمەڵگـەی دەوروبەری و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لە سەرانسەری جیهان و لەگشت زانکۆکان گرنگیەکـی زۆر دەدرێـت بـە بواری مەشـقی مەیدانـی هاوینـە، زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی هەولێریـش وەک زانکۆیەکـی زینـدوو و کارا لە کوردستان، سـتراتیژیەتێکی تایبەتی هەیە لەبواری مەشـقی هاوینە، هەر لەم سۆنگەیەوە گرنگـی زۆر بە ناردنـە دەرەوەی قوتابییان و ئالوگۆڕکردنـی قوتابییان لەگەڵ زانکۆ جیهاني و ناوچەییەکان دەدات.

گرنگی گۆڕینەوە و ئالوگۆڕکردنی قوتابیان بۆ مەشـقی هاوینە لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکان ئامانجـی زۆرە، لەوانـە: ئامانجی ڕۆشـنبیری و کلتـووری، کۆمەڵایەتیـی و پەروەردەیـی. بۆ باشـتر لێکتێگەیشـتن لە کلتـوور و داب و نەریتی جیاواز و پێگەیاندنیان بۆ دروستکردنی کارامەییەکـی بەهێز بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییەکان، تا توانـای مامەڵەکردنیان بەتین بێت لەگەڵ سیسـتەمی فرە کلتوورییدا لـەڕووی پەروەردەیی، دەتوانـن زمانێکی نوێ و ئـەو لێهاتووییە نوێیانـەی، کە بۆیان دابین دەکات فێربـن و لێکۆڵینەوە بکەن لە پرسـە تەکنەلۆژی، ئیکۆلۆژی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

ئالوگـۆڕی قوتابـی بۆ مەشـقی هاوینە و ڕاهێنانـی مەیدانـی دەرفـەت دەرەخسـێنێت بـۆ فێربوونـی شـێوازە بێوێنەکانـی ژیـان و دەسـتکەوتنی ئەزموونـی بەسـوود، هەروەها ئالوگـۆڕی قووتابیـان دەبێتـە هـۆی باشـتر لێکتێگەیشتن و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و ئارامـی نێـوان گـەلان و باشـترکردنی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکان و پێشخسـتنی هاوکاری ئاشتیانەی نێوان وولاتان و پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ڕەخساندنی بواری کارکردن لە بازاڕی کاری جیهانی.

سەرەڕای ئەمانە، ئەمڕۆ بابةتی ئالوگۆڕی قوتابیان پەیوەستە بە بابەتی بە نێودەوڵەتی کردنی زانکۆ و وةک یەکێکک لە نیشاندەرەکانی ڕیزبەنـدی یاخـود رانکینگـی زانکـۆ گرنگی پێدەدرێـت لە زۆر لە ڕانکینگـە جیهانیەکان، هـەر بۆیە زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی هەولێر بە بایەخـەوە دەڕوانێتە بابەتی ڕاهێنانی مەیدانی و مەشـقی هاوینـە و ئالوگۆڕکردنی قوتابیان لەگەڵ زانکۆ جیهانییـەکان و بەرنامەی کاری تایبەت بەخۆی دەبێت.

**ئالوگۆڕی قوتابی بۆ مەشقی هاوینە و ڕاهێنانی مەیدانی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ فێربوونی شێوازە بێوێنەکانی ژیان و دەستکەوتنی ئەزموونی بەسوود...**



## لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

# با ڕاگەیاندن بکەینە هۆکاری ئارامی دەروونی



**م. شاکر رضا ـ سەرنووسەر**

ڕاگەیاندن و کەرەستەکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ کۆمەڵبوونی مرۆڤ بوونیان هەبووە و مەبەستیش تیایدا گەیاندنی پەیامێک بووە لە کەسانێکەوە بۆ کەسانێکیتر، جا ئەو پەیامە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان هەر بە هەمان ئاواز و ڕیتم بەردەوامە، ئەوەی، کە لە گۆڕەپانەکە دەگۆڕێت هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە واتا ئەو کەرەستانەی، کە ئامانجەکە دەگەیەنن نەک خودی ئامانجەکە، چونکە خودی ئامانجەکە بەستراوەتەوە بە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانیش لە هەموو سەردەمەکاندا لە یەک بازنەدا بووە وەک دەگووترێ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەم دووبارە بوونەوەی مێژووە بەرهەمی هەمان بیرکردنەوەی مرۆڤە لە کاتە جیاوازەکاندا، کەواتە دەتوانین بڵێین، مرۆڤ هەر مرۆڤە لە هەموو سەردەمەکاندا و ئامانج و ویستیش هەمان ئامانج و ویستە بە کەمێک گۆڕانکاری لە شێواز نەک ناوەڕۆک، بەڵکو ئەوەی دەگۆڕێت تەنها هۆکار و ڕێگاکانی گەیاندنە .

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ زۆر بە دوای ئەوە بووە، کە ڕێگەیەک بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دەیەوێت، بێگومان ئەم ئامانج و هۆکارانەش کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنیان هەبووە بۆ سەر هەست و دەروونی مرۆڤ، بۆ نموونە لە میسری کۆندا هۆکار گەلێکی ڕاگەیاندن و تەکنیکی ڕاگەیاندن بەکار هاتوون بۆ نیشاندانی شکۆی پاشا یان شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی پاشا لەکاتێکدا شەرعیەتی دەسەڵاتی نەبووە وەک لە دایک بوونی خوایی، کاتێک پاشا شەرعیەتی دەسەڵاتی نەبووە هاتووە بە خەڵکی ڕاگەیاندوە، کە ئەو کوڕی خواوەندەکانە و لەوانەوە لەدایک بووە بۆیە مافی دەسەڵاتی هەیە، یان لەڕێگەی هونەری پەیکەرسازی شکۆ و گەورەیی بە پاشا بەخشراوە بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر دەرونی خەڵک، بە هەمان شێوە لە میسۆپۆتامیا، یۆنان و ڕۆمانیش بە هەمان شێوە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکار هاتوون بۆ بەجێهێشتنی کاریگەری دەروونی، بە درێژایی مێژوو و لە هەموو سەردەمەکان ئەمە دووبارە بۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆش.

> **هەر لە کۆنەوە مرۆڤ زۆر بە دوای ئەوە بووە، کە ڕێگەیەک بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دەیەوێت..**

لە سەردەمی نوێشدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گرنگترین ڕۆڵ دەبینن بۆ دروستکردنی کاریگەری دەروونی بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی، لە تەواوی جیهاندا ڕاگەیاندن بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و کاریگەرەکان دادەنرێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئامانج و مەبەست بەدەست بهێنرێت و بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی خاوەنی ئامانجەکە، هەر لەبەر ئەوەشە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دەتوانێ ڕای گشتی بجولێنێ و جولە بە کۆمەڵگە بکات و بەرەو ئاراستەیەک پەلکێشی بکات، کە خۆی دەیەوێت، ئەمەش بابەتێکی هەستیار و گرنگە پێویستە ئاگاداری بین.

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە کوردستانەوە، لە ماوەی ڕابردوو لە بەرنامەی (صورة من المعركة)ی ڕژێمی سەددام تا دەگاتە ڕاگەیاندنی داعش و چەندانیتر بینیمان ڕاگەیاندن چۆن کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر تاکی کۆمەڵگەی عێراقی بە کوردستانیشەوە بە جۆرێک دوای زیاتر لە 30 ساڵ وێنە تراژیدی



ژ‌وپێر ۱ — سالا ئه‌وڵی — عدد ۱

# کردستان

۱۳۱۵

عنوان

مصرده کردستان غزته‌سی صاحب ومحرری بدرخان پاشا زاده

مقداد مدحت

مرطیندنه ... نسخه کردستان ولایت‌لرینه ارسال وروساء کرده قرا و قصبه‌لره نشر وتعمیم اوله‌جقدر

کردستان خارجنه هر بر ایچون سنه‌لك ابونه بدلی ۸۰ غروشدر

کردستان داخلنده حصرعی ادالرینه مجاناً گوندریلور

تحچی کاغذێك ڤی ربکه دڤی رێکێت مصری سرنامه خوییڤی جریده‌یی لاڤی بدرخان پاشا مقداد مدحت بکی

هرجار دوهزار جریده‌یا بی بره آزره دبکم کردستانی ده بدین خلکی

پازده روژا جارکی تیته تقیساندن

کردلری ایقاظ وتحصیل صنایعه تشویق ایچون نشر اولنور

اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در

روژا پنجشیده ۳۰ ذوالقعده سنه ۱۳۱۵ پنجشنبه ڤی ۹ نیسان سنه ۱۳۱٤

و نامۆکان لە بیر و هزری ئەوانە ماون، کە بینیویانە و ئێستاش لە کۆڕ و دانیشتنەکان وەک نموونەیەکی قێزەون و ڕوخێنەری دەروونی و بێبەها کردنی مرۆڤ باس دەکرێت، بێگومان ئەم جۆرە مامەڵە کردنە بە دەروونی مرۆڤ لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە مێژووەکەی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان، کەدەوڵەتێکی تۆقێنەری تەواو سەربازی بوو، بۆ داگیرکردنی ناوچەکان هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر بە دەوڵەتێکی سەربازیی لە قەڵەمدراوە و لەم لایەنەشدا اه نەقش و هەلکۆڵین و نووسراوەکانیان ڕاگەیاندنیان بەکارهێنا بۆ کاریگەر بوون لەسەر ئەقڵ و دەروونی کۆمەڵگەکان.

لێکدانەوەی زانستی لەڕێگەی بۆ مانەوەی مێژوویی پێمان دەڵێت، ئەو تووەی، کە لە سەردەمی ئاشوریەکان چێنرا تا ئێستاش لەم ناوچەیە کاریگەری هەیە، ئێمەش کەم تا زۆر کەوتووینەتە بەر ئەم ڕێسایە، چونکە ئەوەی لە نزیک و دەوروبەری ئێمە دەگوزەرێ بەشێکی بەر ئێمەش دەکەوێت، بۆیە زۆر گرنگە لێرەدا لە بابەتی ڕاگەیاندندا هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە و بە ووردی لە نووسین و دەربڕین و دیدار و ووتارەکانمان فۆکسمان بخەینە سەر ئارامی دەروونی مرۆڤ و تاکی کورد، لە هەمان کاتدا گووتارمان بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و خاک و پێکەوە ژیان و برایەتی و بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستان بێت، چونکە بەرهەمهێنانی تاکێکی دەروون ڕووخان گەورەترین زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، بە پێچەوانەشەوە دەکرێ ڕاگەیاندن بکەینە سەکۆی دروستکردنی کەسایەتی و بەهێز بوونی کەسایەتی و پاراستنی کەسایەتی تاکی کورد، کە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئێمە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ڕووداو و بابەتی بەردەوامان هەیە.

با تێکڕای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێندراو، لە میدیای نوێ و کلاسیک لە خزمەت پرۆسەی ئارامی و هێمنی دەروونی تاکی کورد بن تا بتوانین تاکێکی بەهێز و بروا و متمانەی تەواوەوە بەرهەم بهێنین و ببێتە داینەمۆی ووزە و ئینێرگی بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی ئاوەدان.

**با تێکڕای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێندراو، لە میدیای نوێ و کلاسیک لە خزمەت پرۆسەی ئارامی و هێمنی دەروونی تاکی کورد بن..**

# مافی بەشداری پێکهاتە جیاوازەکان

# لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا




**پ.ی.د. سەرسام خەلیل شوانی**

ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر


مافی بەشدار بوونی پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵات و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لەسەر ئاستی جیهان، یەکێکە لە گرنگترین مافە سیاسیەکانی هەر تاکێک، کە شێواز و فۆرمی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت و لە چوارچێوەی سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا، کە هەر یەکەیان ڕێگاو شێوازی جیاوازیان هەیە بۆ جێ بەجێ کردنیان، تەنانەت شیکردنەوەی ئەم مافەش لە سیستەمێکی سیاسیەوە بۆ سیستەمێکی تری سیاسی و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر تێڕوانین و شیکردنەوەی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت، کە سەرئەنجام ئەم مافە تایبەتە بە هەر تاکێک لە هەر وڵاتێک دابێت، هەروەها لەو چوارچێوەیەشدا مافی بەژداری پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵات و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی هەر وڵات و سیستەمێکی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر ئەم مافە پێشێل نەکرێت و وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت دەبێتە داینەمۆی پێشکەوتنی وڵات لە گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەقامگیری وڵات ئەگەر بواریان پێبدرێت، سەرئەنجام دەبێتە فاکتەری سەرکەوتن و سەقامگیری وڵات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات چونکە یەکێک لە پێوەرەکانی پۆلین کردنی وڵاتان بریتیە لە ڕادەی بەژداری هاووڵاتیان بەگشتی بێ جیاکاری بەتایبەتی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات و پرۆسەی سیاسی وڵات.

لە هەمان کاتدا مافی بەژداربوون لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتیەکانی وڵات بۆ هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی لە بەڵگەنامە و یاسا نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان ئاماژەی پێکراوە، بۆ نموونە: لە ماددەی (21)ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، کە لە ساڵی (1948) ڕاگەیەنرا، هەروەها لە ماددەی (25)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ماددەی (11) برگەی (ا) لە بەیاننامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا، لەگەڵ پرۆتۆکۆلی یەکەم لە ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (13) لە بەڵگەنامەی ئەفریقی بۆ مافی مرۆڤ و گەلان.

وێڕای ئەوەی سیستەمە سیاسیە جیاوازەکان کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان بەسەر جێبەجێکردنی ئەم مافە دەبێت، چونکە میکانزم و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان ڕەنگدانەوەی سیستەم و دامەزراوەکانی وڵاتە، جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، وێڕای بوونی یاسای تایبەت بەم مافە چ یاسای ناوخۆی وڵاتێکی دیاریکراو بێت یان یاسای نێودەوڵەتی بێت بۆ مافی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەنەش سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی وڵات کاریگەری و کارتێکردنی ڕاستەوخۆی بەسەریانەوە دەبێت، هەر کەم و کورتیەکیش لە جێبەجێکردنی ئەم مافانەش زیانێکی زۆری دەبێت بەسەر دینامیکیەتی کاروبارەکانی وڵات لە ناوخۆ و تەنانەت لە پەیوەندیەکانیشدا لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێژەیی چونکە مافی بەژدار بوون بە شێوەیەکی گشتی و مافی بەژداربوونی پێکهاتە جیاوازەکان لە

بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ووڵات و کاروبارە گشتییەکان لە ووڵاتێکی دیاریکراو مافێکی یاسایی و سروشتی هەر تاکێکە بەبێ جیاوازی لەنێوانیان بەهۆی بوونی جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز یان ئایین یان بیروڕای سیاسی یان زمان یان بنەچەی کۆمەڵایەتی و … هتد، لە هەمان کاتدا، ئەم مافە مافی هەموو کەسێکە بەژدار بێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکان لە هەر دامەزراوەیەکی ووڵات بێت، کە خزمەت بگەیەنێت بە بەرژەوەندی و سیاسەتی گشتی لەناوخۆ و دەرەوەی ووڵاتەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ووڵاتێک بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی پشت بەچەند دامەزراوەیەک دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم کاروبارانە لە ناوخۆ و دەرەوەدا، کە هەر یەک لەم دامەزراوانە لەلایەن چەند کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێن لە چوارچێوەی یاسا و دەستورێکی تایبەت، کە هەر ووڵاتێک دایدەنێت لە ڕێوشوێن و چۆنیەتی ئیدارەکردنی ووڵات و ماوەی حوکمڕانی هەر پۆستێکی باڵای تێدا دیاری دەکات، کە لە زۆربەی ووڵاتاندا، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پۆستە باڵاکان بریتین لە سەرۆکی دەوڵەت و وەزیر و پلە و پایە یاسایی و کارگێڕی و زانستی و سەربازییەکان، کە مافی هەموو هاووڵاتییانی هەر ووڵاتێکە، کە بەهرەمەند بێت لەم مافە ئەویش لە چوارچێوەی یاسادا، کە ڕێوشوێن و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم پۆستانە یەکلایی دەکاتەوە و نابێت هیچ کەسێک لەبەر هەر هۆیەک بێت لەم مافە بێبەش بکرێت، چونکە مافی بەژداربوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری ووڵات، بە واتای بەژداربوون لە بەرەوپێش بردن و گەشەسەندنی ووڵات دێت لە گشت بوارەکاندا، کە سوود بە ووڵات بگەیەنێت سەرەڕای بوونی بیروڕا و تێڕوانینی جیاواز، سەرئەنجام خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی ووڵات بگەیەنێت، کە لەو ووڵاتانەی سیستەمی دیموکراتیان تێدا پەیڕەو دەکرێت و کار بە یاسا دەکرێت تیایدا، ئەم ڕەوتە باوە، کە گشت بیروڕا جیاوازەکان لەیەک بۆتەدا قالب دەگرن، کە ئەویش بریتییە لە خزمەت گەیاندن و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ووڵات، ئەویش لە ڕێگای بەژداربوونی تاک و پێکهاتە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی ووڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پلە و پایە گشتی و باڵاکان، لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی دیموکراسی هۆکارێکە بۆ بەژداربوونی هاووڵاتیان بەگشتی لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی ووڵات بە پێچەوانەوە لە سیستەمە نادیموکراتییەکان و ووڵاتانی تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا مافی بەژداری پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسە سیاسی و کارگێڕییەکانی ووڵات پێشێل دەکرێت و دەرفەتیان پێنادرێت لە کایە گرنگەکان و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانی ووڵات بەژدار بن، چونکە لەو جۆرە ووڵاتانەدا گشت دەسەڵات و پلە و پایە باڵاکان لە ووڵاتدا بە دەست چەند کەسێکەوە قۆرغ کراوە و گوێ بە ئیرادەی گەل و هەڵبژاردنی ئازاد و دەستا و دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نادرێت، وێڕای ئەوەی لە زۆربەی یاسا ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ گرنگیەکی زۆر دراوە بەم مافە.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم مافە پایەیەکی گرنگی هەیە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ، ئەگەر سەیری دەستووری عێراقیش بکەین، ئەوا دەبینین لە ماددەی (125)دا هاتووە، کە ئەم دەستوورە زامنی مافە کارگێڕی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و فێرکارییەکانە بۆ نەتەوە جیاوازەکانی تورکمان و کلدان و ئاشوورییەکان و پێکهاتەکانیتر، کەچی لە ئێستادا ڕەوتێک لە بەغدا بە ئەقلیەتی شۆڤێنی و ئەجێندای دەرەکی و دوور لە بنەما یاسایی و مرۆییەکان دەیەوێت ئەم مافە لە پێکهاتەکان زەوت بکات و ئاستەنگ لەبەردەم بەژداریان لە پرۆسەی سیاسی دروست بکات، ئەمەش بە پێچەوانەی گشت بنەما یاساییەکان و بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیە، لە کۆتاییدا ئەم ئەقلیەتە لە بەڕێوەبردنی ووڵات دەبێتە هۆکاری دواکەوتوویی زیاتر و دوور کەوتنەوە لە پراکتیزە کردنی بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی و پێشکەوتنی ووڵات لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا.

**بابەتی ئاسایشی خۆراک و ئاو و ووزە، ئەگەر بەشێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان کاری بۆ نەکرێت، لە ئایندە دەبێتە مەترسییەکی گەورە کە ڕووبەڕووی ووڵاتان دەبێتەوە..**

# (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق) و پێشێلکاری لە ماددە دەستوورییەکانی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان





ئامادەکردن و بەدواداچوون:

د. هاوکار یاسین شەریف

سەبارەت بە خوێندنەوەی یاسایی بۆ بریارەکانی دادگای فیدراڵی، کە بەپێی دەستور، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری نابێت دەستوەردان لە کاروباری سیاسی بکات، زیاد لەمەش سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە دژی ئەم ماددانەی دەستور وەستاوەتەوە:

**مادەی ١١٦:**

سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزییەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان.

**مادەی ١١٧:**

یەکەم: ئەم دەستوورە لە ڕێککەوتی پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی.

دووەم: ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت، کە بە گوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێنرێن.

**مادەی ١١٨:**

دەبێت ئەنجوومەنی نوێنەران لەماوەیەکی دیاریکراودا بەمەرجێک شەش مانگ زیاتر تێنەپەڕێت بەسەر یەکەم دانیشتنیدا، بە زۆرینەی سادە یاسایەک دەربکات بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێوشوێنە جێبەجێکارییانەی تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە.

**مادەی ١١٩:**

پارێزگایەک یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە پشتبەستن بە داواکارییەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری، داواکارییەکە بە یەکێک لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت:

أ- لەسەر داواکاری سێیەکی (3/1) ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی، کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.

ب- لەسەر داواکاری دەیەکی (10/1) دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی، کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.

**مادەی١٢٠:**

هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.




**مادەی ١٢١:**

یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە جگە لەو دەسەڵاتانەی، کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

دووەم: حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی یان دژیەک لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک، کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت، کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی.

سێیەم: دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵیدا بەدەست دەهێنرێت، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت، کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستیەکانی و ڕێژەی دانیشتوانیشی.

چوارەم: نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.

پێنجەم: هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.هەروەها پەرلەمانی عێراق یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای چۆنییەتی پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراق)، دەرچوواندووە.

ئەگەرچی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری عێراق باس لەوە دەکات، کە هەلومەرجەکە گۆڕدراوە و ئەگەر دەستور ئێستا بنووسرێتەوە وەک سەردەمی ساڵی ٢٠٠٥ نانووسرێتەوە بەڵام تا ئەو کاتەی، کە دەستور هەموار نەکرێتەوە دەستوری عێراقی فیدراڵ، بەرکارە.

زیاد لەمەش، ئەگەر باس لە پاراستنی سەربەخۆیی ئەنجومەنەکە بکەین، ئەوا خودی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەپێ مادەی ٣٧ لە یاسای ڕێکخستنی دادوەریی سوێندی خواردووە، کە یاساکان بە ئەمانەتەوە پیادە بکات (اقسم بالله العظيم وبالمقدسات التي دعانا الله سبحانه وتعالى الى الالتزام بها والعمل بموجبها، ان اعمل على كل ما يرفع شان العدل والعدالة وان لا تاخذني في الحق لومة لائم، وان لا اجانب الحق في احكامي تحت كل الظروف والاسباب، وان اجهد نفسي واستخدم امكاناتي الى اقصى ما يتطلب الامر، بحثا عن الحقيقة، وكل ما يستوجبه الحق والعدل، وان اقوم بكل ذلك بموجب القانون وان احترم الدستور)، بەڵام دیارە، کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بێلایەن نەبووە لە پاراستنی ئەم سوێندە.

بێگومان دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سەرباری

> **لە مادەی ١٢١ و خاڵی سێیەم: دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵیدا بەدەست دەهێنرێت، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت...**

ئـەوەی بـەردەوام لـە دژی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان وەسـتاوەتەوە، لەهەمـان کاتـدا دەستی بۆ سەروەرییەکانی هەرێم درێژ کردووە، لەبەرامبەریشـدا توانـای ئەوەی نەبووە دەسـت بەرێت بـۆ بەرژەوەندییەکانی ئـەو لایەنانەی لە عێراقدا بریار بەدەستن.

سـەربارى ئـەوەی دادگای فیدڕاڵـی کۆمەڵێـک بریاری دەرکرد بۆ ئەوەی کاریگەری سـزادانیان لەسەر دژبەرانی سیاسی بەرەی لایەنگیری ئێران هەبێت، جگە لـەوەش بەهۆی کۆمەڵێک بابەتی سیاسـییەوە دادگاکە ژمارەیەک بریاری مشتومڕ خولقێنـی (بەتایبەتـی لە بەرژەوەنـدی ئێران) دەرکـردووە، بەتایبەتی لەبەرژەوەندی ڕێکخراوە سیاسـییەکانی سـەر بە کەتیبەکانـی حزبوڵا و ئەو میلیشـیایانەی لەلایەن ئێرانەوە پشییوانیان لێدەکرێـت و لەلایـەن ئەمریـکاوە خراوەتـەوە لیسـتی گەمارۆکانەوە، هەر بۆیـە دادگای باڵای فیدراڵی توانای دەسـتبردن بۆ بەرژوەندییەکانی ئەو لایەنانەی نیە، کە لەعێراق بریار بەدەستن.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٤) لە یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق، لە سەردەمی بریمەر، بەپێی یاسای ژمارە (٣٠) لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، کە ئەوکات ئەیاد عەلاوی وەک سەرۆکی حکومەتی کاتی عێراق دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانی هەبوو، ئەم یاسایەی دەرکرد، لە کاتێکدا دەبوایە لە دوای پەسەند کردنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی مادەی ٩٢ لە دەستووری عێراق یاسایەکی نوێی تایبەت بە دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵی لە پەرلەمان دەرچووبایە، کە دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکانی دادگاکە لە مادەی ٩٣ی دەستووری عێراق دیاری کراوە جیاواز لەم دەسەڵاتانەی، کە لە یاسای ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دادگاکە دانراوە، بەڵام ئەمە ڕوویندا و کارکردنی دادگای باڵای فیدراڵی بەم یاسایەی سەرەوە بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٢١ پاشان بەهۆی لەکارکەوتنی نصاب، کە یەکێک لە دادوەرەکانی دادگای فیدراڵی کۆچی دوایی کرد و یەکێکی تریش خانەنیشین بوو لە کاتێکیش دانیشتنی دادگا پێویستی بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامان هەبوو، کە ژمارەیان ٩ دادوەر بوو، هەر بۆیە لەبەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق و پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سەرۆکی کۆمار بە مەرسومی کۆماری لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری عێراق فایەق زێدان دوو ئەندامی خانەنشینی دادگای تەمیز لە شوێنیان دانا، دواتر کە سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی مادەی ٣ لە یاسای دادگای فیدراڵی تانەی لێدا ناچار هەردوو ئەندامەکە هەڵوەشایەوە و سەرۆک کۆمار ناچار داوای هەمواری یاساکەی کرد لە پەرلەمان، ئەمەش هەر بەردەوامی دان بوو بە پرۆسەیەکی نادەستووری، چونکە لەلایەک دەبووایە پرۆژە یاسایەکی نوێ بۆ دادگای باڵای فیدراڵی بنێردرایەتە پەرلەمان نەک ئەم یاسایە کۆنە هەموار بکرێتەوە، کە بە پشت بەستن بە دەستووری نوێی عێراق دانەڕێژرا بوو، لە هەمان کات بەپێی مادەی ٩٢ لە برگەی دووەم دەبوایە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان پەسند بکرایە، کەچی بە زۆرینەی سادە یاساکە بەڕێکرا بە بیانوی ئەوەی هەمواری یاسایە نەک دەرچوونی یاسایەکی نوێ. لەلایەکی تر بەپێی دەستوور جگە لە دادوەر دەبێت شارەزای فقهی ئیسلامی و شارەزای یاسای ببن بە ئەندام لە دادگای فیدراڵی کەچی ئەمەش پشتگوێ خرا، هەموو ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی، کە دەسەڵاتی تەواوەتی بدرێتە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دژی هەرێمی کوردستان بریار بدات.

> **لە مادەی ٩٤ی دەستوور دەڵێت بریارەکانی دادگا یەکلاکەرەوە و کۆتاییە و لەسەر بنەمای دەستوور بریار بدات، بەڵام لەکاتێکدا، کە سەرپێچی دەستوور دەکات..**

هەروەک دەزانین لە مادەی ٩٤ی دەستوور دەڵێت بریارەکانی دادگا یەکلاکەرەوە و کۆتاییە (قرارات المحكمة الاتحادية العليا باتة وملزمة للسلطات كافة) ئەمە کاتێک ڕوودەدات، کە لەسەر بنەمای دەستوور بریار بدات، بەڵام لەکاتێکدا، کە سەرپێچی دەستوور دەکات یان بریارەکان پاڵنەری سیاسییان هەیە بێگومان مادەی ٩٤ دەوەستێت، لە هەمان کات دەکرێت بەم ڕێگایانە دەنگ بەرامبەر بریارەکانی ئەم دادگایە بەرز بکرێتەوە :

1- بەپێی مادەی ١٣ لە برگەی دووەم، کە دەڵێت: (لايجوز سن قانون يتعارض مع هذا الدستور، ويعد باطلا اي نص قـانوني آخـر يتعارض معه) واتە هەر یاسایەک یان دەقێکی یاسایی یان بریارێکی دژ بە دەستوور پوچەڵە (باطل)ـە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم بریارانەی پێچەوانەی دەستوورن لە ڕووی دەستوورییەوە تەندروست نین و پوچەڵن دیار ترینیان بریاری دژ بە یاسای نەوت و غازی کوردستانە.

2- لە مادەی ٦٧ تایبەت بە بەرپرسیاریەتی سەرۆک کۆمار دەڵێت: (يسهر على ضمان الالتزام بالدستور) واتە سوورە لەسەر گەرەنتی پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە بنەماکانی دەستوور لە نێویشیاندا دادگای باڵای فیدراڵی، کاتێک هەر لایەنێک پابەند نابێت بە دەستوور یان ماددەیەکی دەستووری جێبەجێ ناکرێت یان بریار و یاسایەکی دژ بە دەستوور دەردەکات، پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار بەپێی ماددەی سەرەوە بە رۆڵی خۆی هەڵبستێت و بەرگری لە دەستوور بکات، چونکە سەرۆک کۆمار پارێزەری دەستوورە لە وڵات بەتایبەت، کە سەرۆک کۆمار کوردە و نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات، جا لەهەر حیزبێک بێت زۆر پێویستە ئەم دەسەڵاتەی خۆی بەکار بێنێت بۆ ڤیتۆ کردنی بریاری دادگای فیدراڵی دژ بە یاسا و دۆسیەی نەوت و غازی کوردستان یان هەر بریارێکی تری لەم جۆرە، چونکە ئەو لەسەر پشکی گەلی کورد لەم پۆستەیە پێش ئەوەی وەک نوێنەری هەر حزبێک لەم شوێنە بێت.

3- دەکرێت فشاری سیاسی و هەمەجۆر بخرێتەسەر دادگا، تا خودی خۆی یان بە پێشکەشکردنی داوا بە بریارەکانی خۆیدا بچێتەوە یان هەمواری بکاتەوە یان هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەمەش روویداوە لە چەندین کەیس دیارترینیان دەست نیشانکردنی کوتلەی گەورەی پەرلەمانی بوو، کە دوو بریاری دژ بەیەکی دا.

4- گرنگە داوای پێچەوانە لەم دادگایە تۆمار بکرێت لە رێگای کەسانی شارەزا، بۆ ئەمەش دەکرێت حکومەتی هەرێم لە دادگای فیدراڵی بەرگری لە خۆی بکات، بێگومان لە بریاری دادگا دژ بە یاسای نەوت و غازی هەرێم خەسارەدیەک هەبوو لەلایەن هەرێم، کە لانی کەم دەیتوانی داوای (استئخار) تۆمار بکات لانی کەم بۆ دواخستنی کەیسەکە.

5- دەکرێت داوای یاسایەکی نوێ بەپێی دەستوور و مادەکانی (٩٢،٩٣،٩٤) بۆ دادگای فیدراڵی بکرێت یان داوای هەمواری یاساکە بکرێت، هەروەک لە مادەی ٩٢ لە برگەی دووەم لەبارەی دادگاکە دەڵێت: (يحدد عددهم وتنظم طريقة اختيارهم وعمل المحكمة بقانون يسن باغلبية ثلثي اعضاء مجلس النواب) بەمەش کورد دەتوانێت لە میکانیزمی دەنگدانی دادگاکە داوای ٩/٨ دەنگی ئەندامان بکات یان داوای زیادکردنی ئەندامێکی تر دادگا بۆ خۆی بکات تا بگات بە ٣/٢ لە پرسەکانی تایبەت بە هەرێم یان مافی ڤیتۆ بدەن بەم دوو ئەندامەی کورد لە پرسەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

6- زۆر گرنگە کاتێک داوای یاسایەکی نوێ بۆ دادگاکە دەکرێت مافی تانە لێدان (طعن) لە بریارەکانی دادگای فیدراڵی بدرێت لە خوودی دادگای فیدراڵی بدرێت، ئینجا بریارەکان (ملزم و بات) بن، کە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ دەستوور.

7- هەوڵبدرێت رێگە لە دووفاقی بریارەکانی دادگا و جێبەجێ کردنی بەشێک لە بریارەکان و پشتگوێ خستنی هەندێکی تریان بگیرێت، نموونە بریاری دادگای فیدراڵی تایبەت بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە ساڵی ٢٠١٩، کە تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە و لە پرسی نەوت و غازیش هەموو جۆرە فشارێک دەکەن بۆ جێ بە جێ کردنی.

حکومەتی عێراق پلانەکانی بە لەسەرخۆیی و هەنگاو بە هەنگاو دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات و بریارەکانی دادگای فیدراڵی هەنگاوی تریشیان لە دژی هەرێم بەدوادادێت، ترس هەیە لە بریاری دیکەی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان، چونکە پلانی سەرەکی عێراق بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە، جا پلانەکان لە رێگەی برسیکردنی خەڵکەوە جێبەجێ دەکرێن یاخود لە رێگەی دروستکردنی کێشەی ئابوورییەوە بۆ هەرێم. ئەم هەڵوێست و هەنگاوانەی نەیارانی کورد گرتویانە بەر مایەی مەترسی و هەرەشەی جددین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوەی پێویستە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی بۆ ئاستێکی تر بەرز بکاتەوە، ئیتر دەبێ بە جددی کار بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێک پرس بکات.

راستە تا دەکرێت لەم دۆخە ناسک و هەستیارەدا پێویستە بە راگرتنی هاوسەنگی پرۆسەی سیاسی لە عیراق بە گشتی هەیە، بەڵام ناکرێت دەرفەت بە هەندێک لایەن بدرێت، کە کەمینەی سیاسیین یاری بە ئایندەی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەوەی ئێستا لە دژی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لە ئایندە دەبێتە ئەمری واقع و لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێو دەوڵەتیش پەیوەندییە دیبلوماسی و ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە.

**حکومەتی عێراق پلانەکانی بە لەسەرخۆیی و هەنگاو بە هەنگاو دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات و بریارەکانی دادگای فیدراڵی هەنگاوی تریشیان لە دژی هەرێم بەدوادادێت...**

# هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان - لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن




**پ.ی.د. کاوە یاسین سلیم**

**دکتوراە لە یاسای گشتی**

**مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر**


یەکەم: لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان، چەند نموونەیەک لێرە دەخەینە بەردەست:

١- هەمواکردنی یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە 111 ی ساڵی 1969، لە ساڵی 2001، یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2001، پەرلەمانی کوردستان ماددەی377 بڕگەی 2 لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 ی هەموارکراوی هەرێمی کوردستانی لە کارخست، کە لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (ئەگەر پیاو لە ماڵی هاوسەرێتی زینا بکات بەهەمان سزا سزا دەدرێت، کە لە بڕگەی 1ی ماددەی 377 دا هاتووە)، واتە پیاو ئەگەر لە ماڵی هاوسەرێتی زینا بکات سزا دەدرێ، ئەم مادەیەش جیاکاریەکی ئاشکرایە لە نێوان ئافرەت و پیاو لە دیاریکردنی سزاکاندا، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان ئەو ماددە و بڕگەیەی هەموار کرد بەم شێوەیە: (مێردی زیناکار و ئەو ئافرەتەش، کە زیناکەی لەگەڵ پیاوەکەدا کردووە هەر بەو سزایە حوکم دەدرێ، کە لە بڕگەی 1ی ماددەی 377ی یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969 ی هەموارکراودا هاتووە).

٢- هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عیراقی ژمارە 188ی، 1959 لە ساڵی 2008، ژمارە (159 ی ساڵی 2008: ئەو بڕگەو مادانەی لەپێناو گێڕانەوەی مافەکانی ئافرەت لەیاسای باری کەسێتیدا هەموارکران.

گۆڕانکاری یەکەم/ دانانی مەرجەکانی فرەژنی: ماددەی سێیەم/ دووەم

أ- لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەرگیری یەکەم لەسەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ.

ب- توشبوونی ژنەکە بە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سەلمێنراو، ڕێگە لە کاتی سەرجێیی ئافرەت و مێردایەتی بگرێ و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ، یاخود نەزۆک بێ، کە بە ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتی پزیشکی سەلمێندرابێ.

ت- ئەو پیاوەی ژنی دووەم دێنێ، توانای دارایی وای هەبێت، کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات و ئەمەش دەبێ بە بەڵگەنامەی فەرمی بیسەلمێنی و لە کاتی ڕێکاری گرێبەندی هاوسەرگیریەکەدا پێشکەش بە دادگای بکات.

ث- دەبێ مێردەکە لەبەردەم دادگا بەڵێننامەیەک بە نووسین لە گرێبەندی هاوسەرگیری پێشکەش بکات، بە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هەردوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێیی هاوسەری و پەیوەندیەکانی دیکەی هاوسەرگیری لەڕووی (ماددی و مەعنەوی) یەوە.

ج- نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیری دانابێ، کە هەوێی بەسەر نەیەت.

ح- هەرکەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ زیاتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەریەک لە بڕگەکانی ئەم ماددەیەی کرد، حوکم دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر و لەساڵێکیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەی دە ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.

خ- نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایەی، کە لە بڕگەی (ح) دا هاتووە ڕابگرێ.

گۆڕانکاری دووەم/ ئافرەت و پیاو لە شایەدداندا یەکسانن لە یاسای باری کەسێتی

مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم/د "شایەددانی دوو شایەد، کە شایستەی شایەددانیان هەبێ بۆ گرێبەندی هاوسەرگیریەکە" لێرەدا ئافرەت و پیاو یەکسانن.

گۆڕانکاری سێیەم/ مافی تەڵاقدان بە ئافرەت

له یاسای باری کەسێتی: ماددەی شەشەم برگەی پێنجەم لە یاسای باری کەسێتی: "هاوسەرەکە بۆی هەیە لە کاتی گرێبەندی هاوسەرگیریدا مێردەکەی مافی ئەوەی بداتێ، کە بۆی هەبێ تەڵاقی بەدەست بێ".

گۆڕانکاری چوارەم/ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت لە کاتی تەڵاق و لە دوای تەڵاقدان لە یاسای باری کەسێتی: برگەی 1– ماددەی 39 (هەرکەسێک بیەوێ ژنەکەی تەڵاق بدات، پێویستە داوایەک لە دادگای باری کەسێتی بکاتەوە، داوای کەوتنی تەڵاقەکەی بکات و بڕیاری دادگای لەسەر وەربگیرێ). ئەگەر نەیتوانی سەر لە دادگا بدا پێویستە تەڵاقدانەکەی لە ماوەی (عیدە) دا لە دادگا تۆمار بکات.

برگەی 2/ "مێرد ناچار دەکرێ گوژمەیەک پارە بۆ ماوەی 3 مانگ لە سندوقی تایبەتی چاودێری خێزان دابنێت لە لای دادگا، لە کاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاق".

برگەی 3/ "ئەگەر ژنەکەی تەڵاق داو و لەلای دادگا ساغ بۆوە، کە پیاوەکە خەتابارە لە تەڵاقدانی ژنەکەی لەو بارەیەوە توشی زیان ببوو، ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات، بەوەی، کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە و قەرەبوویەکی وای بکاتەوە، کە گونجاو بێ لەگەڵ باری دارایی و پلەی خەتاو توندوتیژیەکەیدا تێکڕا دەخەملێندرێت بەمەرجێک کەمتر نەبێ لە نەفەقەی سێ ساڵ و زیاتریش نەبێ لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی، کە سەلمێنراون".

برگەی 4/ "حکومەتی هەرێم چاودێری ژنی تەڵاقدراو دەخاتە ئەستۆی خۆی، کە هیچ دەستکەوتێکی نەبێت، پارەیەکی مانگانەی لە لایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تەرخان دەکرێ تاکو دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەرەخسێ یاخود هاوسەرگیری دەکاتەوە".

گۆڕانکاری پێنجەم/ دایکیش دەبێتە "وەلی ئەمری منداڵ" لە یاسای باری کەسێتی: بەندی هەشتەم/ برگەی سێیەم/ تێیدا هاتووە: (هەرکەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا بکات، بەغەرامەیەک سزا دەدرێ لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ و سزایەکی حەبس کردن دەبێ بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، ئەگەر هاوسەرگیریەکەی دیکەی لە ژیانی هاوسەریدا لە دەرەوەی دادگا گرێدا).

٣- دەرکردنی یاسای ژمارە 89 ی ساڵی 2011 ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی: ئەم کردەوانە لە یاساکەدا بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت:

- هاوسەرگیری بە زۆر.
- بەشوودان لە جیاتی خوێن.
- جیابونەوەی بە نابەدڵی (الطلاق بالاكراه).
- بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (قطع الارحام).
- مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات.
- خەتەنەکردنی مێینە.
- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.
- خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.
- لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.
- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بەهەر بیانویەک بێت.
- سووکایەتی پێکردن وجنێودان و جنێودان بە کەسوکار و بەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێیکردن.

٤- دەرکردنی یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008ی تایبەت بە قەدەغەکردن و خراپ بە کارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن.

٥- یاسای ژمارەی 2ی ساڵی 2009 لە بارەی ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان. مادەی چوارەم لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو: (هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی عێراق بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات، کە ناوی پاڵێوراوەکان لەسەر ئاستی

کوردستان – عێراقی تێدابێ، بەمەرجێک ڕێژەی ئافرەت لە 30% کەمتر نەبێت و زنجیرەی ناوەکان بە جۆرێک ڕێکبخات ئەم ڕێژەیەی ئافرەت دەستەبەر بکات، بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێ.

٦- یاسای ژمارەی 4ی ساڵی 2009 لە بارەی بەشداری ڕێژەی ئافرەت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان: ئەم یاسایە، کە لە 41 مادده پێکدێت، لە ماددەی هەشتەمی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا تێیدا هاتووە: "لیستی پاڵێوراوان بە جۆرێک ڕێکبخرێ، کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا 3% ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ".

٧- یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2009 لە بارەی بەشداری گەیشتنی ئافرەت بە ئاستی دادوەری: یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق. (ئەم یاسایە، کە لە 25 مادده پێکدێت، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕەگەزی ئافرەت لە بواری دادوەریدا پێبگەن، لە ئێستاشدا لە ناو دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەک دادوەری ئافرەت هەن، بەشێکیشیان ڕاستەوخۆ دادوەری ئەو دۆسیانەن، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مافەکانی ئافرەت و گرفتە خێزانییەکانەوە هەیە.

دووەم لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن

١- دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە ئێستادا (6) بەڕێوبەرایەتی و (28) نوسینگە لە ناحیە و قەزا و پارێزگاکان هەیە. لە کۆتایی ساڵی 2007 لەسەر فەرمانی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی (بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان) لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ دامەزرا. بەڵام لەساڵی (2010) بە فەرمانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوبەرایەتیەکە کرا بە (بەڕێوبەرایەتی گشتی) و ئەرکەکەی لە (بەدواداچوونەوە) بوو بە (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیەکانی دژ بە ئافرەتان)، بەمەش کار و دەسەڵاتی دامەزراوەکە فراوانتر بوو، وەک نموونە لە ماوەی ساڵەکانی (2014 تا 2017) توانرا "28543" سکاڵا لە بەڕێوبەرایەتی و نوسینگەکان تۆمار بکرێ و لیکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دۆسیەکان بکرێ.

ئەرکە سەرەکیەکانی:

أ- ئەرکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دۆسیەکان:

أ- پاراستنی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو و بێ داڵدە، لە شاڵتەرەکاندا.

ب- دۆسیەکانی کوشتن، خۆکوشتن.

ت- سوتان، خۆسوتاندن.

ث- لیکۆڵینەوەی سکاڵا سوک و قورسەکان.

ب- ئەرکی هۆشیاری پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان: پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لەرێگەی: (سیمینار، وورکشۆپ، خولەکانی پێگەیاندنی تواناکان، هەڵمەتەکانی وشیارکردنەوە، بلاوکردنەوەی یاساکان).

ج- دارشتنی سیاسەت و نەخشەرێی کارکردن: لە ڕێگەی پرۆژەی کورت مەودا و دوور مەودای بەرێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

٢- دامەزراندن و کردنەوەی "ماڵەکانی دالدەدانی ئافرەتان، (شەڵتەرەکان).

ئەرکە سەرەکییەکانی:

أ- گواستنەوەی پاراستنی ئەو ئافرەتانەی لەژێر هەرەشەی خێزان و کەس و کاریان ماڵەکانیان بە جێهێشتوە.

ب- چاودێریکردنی لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی.

ت- دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتەکان.

٣- دامەزراندنی "ئەنجومەنێکی تایبەت بە کاروباری خانمان": ئەم ئەنجومەنەی لە ساڵی 2011 بە کردەیی دامەزراوە و ئەرکی ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بوار و پرسە جۆربەجۆرەکانی تایبەت بە ئافرەتانی هەرێمی کوردستان، لە ئەمیندار و شەش ئەندامی ئەنجومەن "بەپلەی

بەڕێوەبەری گشتی" پێکدێت و هەریەک لە وەزیرەکانی پەروەردە، ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، داد، دارایی و ئابوری، رۆشنبیری و لاوان، ئەندامی ئەنجومەنەکەن.

٤- دەزگای یەکسانی: ئەم دەزگایە لەسەر ئاستی ئیداری بەیەکەمین دامەزراوەی حکومی دادەنرێ، کە لە ساڵی 2005 لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری راستەوخۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەو کات دامەزرا.

٥- نوسینگەی هەرێم بۆکاروباری ژنان و ئافرەتان: ئەم نوسینگەیە، کە زیاتر لە وەزارەتێک دەچوو، لە وەزیرێک و ژمارەیەک فەرمانبەر پێکهاتبوون، هەریەکێکیان بەرپرسیارێتی بەشێکیان پێسپردرابوو، تەنها لە یەک کابینەی حکومیدا توانی بەردەوام بێ، دواتر لە کابینەکانی تردا هەڵوەشێنرایەوە.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی: لە ساڵی 2004 بە پێی یاسای ژمارە 34 ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە و سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یەکێک لە ئەرکەکانی، سەرپەرشتیکردنی کچان و ژنان و نەوجەوانانی بەندکراوە.

٧- سەنتەری کوردستان بۆ جێندەرسازی: ئەم سەنتەرە بەهاوبەشی لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سۆران، ئاژانسەکانی UN، UNDP و WOMEN و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە زانکۆی سۆران کراوەتەوە، بە ئامانجی پەرەپێدانی پرۆسەی یەکسانی و تێگەیشتن و رونکردنەوەی چەمکەکانی پەیوەست بە ماف و ئەرکەکانی نێوان هەردوو رەگەز بە میکانیزمێکی زانستی.

٨- کۆمسیۆنی باڵای رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان: ئەم کۆمیسۆنە لە ساڵی 2008 بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی ئەو کات و ئەندامێتی بەشێک لە وەزیرەکانی ئەوکات، هەر سێ مانگ جارێک کۆبونەوەی ئاسایی خۆی دەکرد بۆ پێداچوونەوە بە کار و پلان و داتاکانی پەیوەست بە باردۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان، ئەم کۆمیسۆنە تا کۆتاییەکانی ساڵی 2010 بەردەوام بوو.

٩- راگەیاندنی هەڵمەتی ساڵانەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان: ساڵانە ئەم هەڵمەتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەبڕیاری سەرۆکی حکومەت ئەنجام دەدرێ لەسەر ئاستی میدیا، دامەزراوەی حکومی، رێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی، مامۆستایانی ئایینی لە رێگەی وتاری رۆژانی هەینی.

١٠- دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ: ئەم دەستەیە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، بەشێکی سەرەکی ئەرکەکانی بریتیە لە چاودێریکردنی و بەدواداچوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت بە سەرپێچیەکان و بڵاوکردنەوەی لە رێگەی میدیاکانەوە بۆ رای گشتی، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان نووسینگەیان هەیە.

١١- پێکهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەی ژنان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە: بۆ نموونە: دروستکردنی بەتالیۆنی تایبەتی ژنان، هێزی پێشمەرگەی ژنانی ئێزیدی، هێزی ژنانی زێرەڤانی.

١٢- زەمینەسازی بۆ بەشداری ئافرەت لە سلکی سەربازی: بەشداری ئافرەتان لە پۆلیس و ئاسایش و خوێندنیان لە کۆلێژ و ئەکادیمیای سەربازی، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، مێژووی دەرچوونی یەکەمین خولی ئافرەتان لە کۆلێژی پۆلیسدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2003، سەرەرای ئەو زەمینە سازییانەی، کە بۆ رەگەزی ئافرەت دەکرێ بۆ وەرگرتنیان لە کۆلێژەکانی پۆلیس و ئەکادیمیای سەربازیدا، بە ئامانجی هاندانی زۆرترین ئافرەت بۆ کارکردنیان لەم سلکە هەستیارەدا.

١٣- پەسەندکردنی پلانی کاری نیشتمانی لە بارەی بڕیاری 1325: لە رێکەوتی 11/3/2014 لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند کردنی پلانی کاری نیشتمانی لە بارەی بڕیاری 1325 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر دروشمی "ئافرەت و ئاشتی و ئاسایش".

# کارامەیی ئاخاوتن لە ڕاگەیاندندا



پ.ی.د. ئازاد ڕەمەزان
مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر

**ئێمە ڕۆژانە هەل و کاتێکی زۆر و هاوڕێیەتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی..... هتد، بەهۆی ئاخاوتنی بێ سەروبەر و نادروست و ناورد لە دەست دەدەین. شێوازی قسەکردنمان زیاتر لایەنی کەسایەتی و ڕەوشت و زیرەکیمان دەردەخات، وەک لە شێوازی ڕۆیشتن و نانخواردن و جل و بەرگ و خوێندنەوەمان.**

کاتێ دەربارەی ڕاگەیاندن و کاریگەری قسە دەکەین، ئێمە پێویستییەکی ڕاستەقینەمان بە فێربوونی کارامەیی قسەکردن هەیە، تاکو بتوانین پێوەندیکردنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ دەوروبەرمان دەستەبەر بکەین و ئامانجەکانمان لەم پێوەندیکردنەدا جێبەجێ بکەین.

بۆ ئاخاوتنی ڕێک و پێک، کە لە بوارەکانی کارکردن و گفتوگۆی پسپۆڕان لە سیمینار و کۆنگرەکان و هۆڵەکانی خوێندن و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و........هتد، بەڕێوەدەچن، لە هەموو ئەم بارودۆخانەدا پێویستمان بە پلانێکی باش هەیە بۆ ئاخاوتن، کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

بابەتی یەکەم/ پلانی ئاخاوتنی ڕێک و پێک:-

پلانی باش بۆ ئاخاوتنی ڕێک و پێک بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت :-

قۆناغی یەکەم / ئامادەکاری بۆ ئاخاوتن.

قۆناغی دووەم / ئاراستەکردنی ئاخاوتن.

قۆناغی سێیەم / هەڵسەنگاندنی ئاخاوتن.

قۆناغی یەکەم / ئامادەکاری بۆ ئاخاوتن:-

ئەم قۆناغە چەند هەنگاوێک لە خۆدەگرێ:

١. دیاریکردنی ئامانجی ئاخاوتنەکە : بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە، کە دەڵێ بۆ قسە دەکەین.

٢. دیاریکردنی ئاخاوتنەکە: بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەکاری دەروونی و هزری هەموو لایەنەکان.



٣. هەڵبژاردنی شـوێنی گونجاو : هەر جۆرە ئاخاوتنێک شـوێنێکی گونجاوی هەیە و جیاوازە لەگەڵ هی تر.

٤. دیاریکردنـی جۆری جەماوەر : کە ئەمەیـان بۆ هەموو لایەنەکانـی ئاخاوتن بە کەڵکمان دێت.

٥. هەڵبژاردنـی بابەتـی ئاخاوتنەکە: تەنها دەربارەی ئەو بابەتانە قسەدەکین، کە زانیاریمان زۆرە لە سەری.

قۆناغـی دووەم / ئاراسـتەکردنی ئاخاوت:-

**ئـەم قۆناغەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆدەگرێ:**

١. بڕوا بەخۆبوون.

٢. پیشاندانی ڕووخۆشی.

٣. شـێوە و جـل و بەرگـی بـاش و گونجاو.

٤. دەستپێکێکی باش.

٥. نمایشێکی ڕێک و گونجاو.

٦. گرنگیدان بـە گوێگر و هەوڵدان بۆ سەرجڕاکێشانی.

٧. بەکارهێنانـی زمانێکـی گونجـاو و خێراییەکی گونجاو.

٨. گرنگیدان بە پرۆسـەی ڕێکخستنی کات.

٩. گەڵاڵەکردنـی بابەتـی ئاخاوتنەکە لـە چوارچێوەی چەند خاڵێکی دیاریکراودا و دووبارەکردنەوەی بۆ گوێگران.

١٠. دەسـتپێکردن بـە کورتەیەکـی خێرای ئەو خاڵانەی، کە گفتوگۆیان دەربارە دەکەی.

**بێژەری سەرکەوتوو ئەوەیە، کە ڕواڵەتی لەکاتی قسەکردنی بەرچاوی خەڵک و ڕەنگی تێک نەچێ و قسەی نەبزرکێ، چونکە ئەمانە نیشانەی دوو دڵی و بێ باوەڕین بەخۆ...**



بۆ ئاخاوتنی ڕێک و پێک، کە لە بوارەکانی کارکردن و گفتوگۆی پسپۆڕان لە سیمینار و کۆنگرەکان و........هتد، پێویستمان بە پلانێکی باش هەیە بۆ ئاخاوتن....

١١. دوورکەوتنەوە لە درێژدادڕی.
١٢. بەکارهێنانی ڕستەی کورت.
١٣. کۆتاییەکی باش بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

قۆناغی سێیەم/ هەڵسەنگاندنی ئاخاوتن:-

پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن شانبەشانی ئاخاوتنەکە بێت، واتە هەر لە قۆناغی ئامادەکاری و پاشان لە کاتی ئاخاوتن، لە چوارچێوەی بە دەنگەوە هاتن (فیدباک)، تاکو کۆتایی ئاخاوتنەکە، لە دواییدا گوێگرتن لە تێبینی گوێگران، ئینجا لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی ئاخاوتنەکەت بۆ دەردەکەوێ.

بابەتی دووەم/ تایبەتمەندییەکانی ئاخێوەری سەرکەوتوو:-

**ئاخێوەری سەرکەوتوو سێ جۆر تایبەتمەندی هەیە، کە بریتین لە :-**

یەکەم / تایبەتمەندی کەسایەتی.
دووەم / تایبەتمەندی دەنگ.
سێیەم/ تایبەتمەندی توانای قایلکردن.

**یەکەم/ تایبەتمەندی کەسایەتی ئاخێوەری سەرکەوتوو :-**

١- ڕاستگۆیی: ئاخێوەری ڕاستگۆ، زۆرترین کاریگەری هەیە بەسەر گوێگرانی.
٢- بابەتی : دادپەروەری لە بڕیاردان بەسەر شتەکان و پشتگیری کردنی خاوەن ماف.
٣- ئاشکرایی: واتە زمانی ئاخێوەر سادە و ڕێک و پێک بێت.
٤- وردی : واتە وردی لە دەربڕینی ئەو مانایانەی پێویستییەتی.
٥- گەرم و گوڕی: واتە حەز و ئارەزووی زۆرت هەبێت بۆ ئەو بابەتەی دەتەوێ قسەی لەسەر بکەیت.
٦- توانستی بیر هاتنەوە: واتە مێشک و هزر ئامادەییان هەبێت لە کاتی ئاخاوتندا.
٧- پاراستنی هاوسەنگی لە هەڵچووندا: واتە پێویستە ئاخێوەر کۆنترۆڵی خۆی بکات و دوور بێت لە هەڵچوون.
٨- ڕوخسار : واتە ئاخێوەر ئاگاداری ڕوخساری خۆی بێت و هەروەها ئاگاداری خەڵکانی بەرانبەریشی بێت، کە چۆن سەیری دەکەن.
٩- توانست لە گوزارشتی جوولەییدا: کە پێی دەوترێ زمانی جەستە و کاریگەری زۆری هەیە لە سەرکەوتنی ئاخاوتندا.

**دووەم/ تایبەتمەندییەکانی دەنگ لە لای ئاخێوەری سەرکەوتوو :-**

١- دەربڕین بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.
٢- ڕوونی و ئاشکرایی دەنگ .
٣- جۆراوجۆرکردنی خێرایی دەنگ .
٤- بەکارهێنانی وەستان .

**سێیەم/ تایبەتمەندی قایلکردن :-**

قایلکردن بریتییە لە بەدەستهێنانی پشتگیری تاک بۆ بیرورایەک، یان بابەتێکی دیاریکراو، ئەمەش لە ڕێگای پێشکەشکردنی بەڵگە و سەلماندنەوە، کە بەدەنگەوەهاتن (فیدباک) لە لای تاک (وەرگر) دەستەبەر دەکات.

توانستی قایلکردن لەلای ئاخێوەری سەرکەوتوو چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:-

١- توانستی نمایشکردن و

گوزارشتکردن.

٢- توانستی شیکردنەوە و داهێنان
.

٣- توانستی کۆنترۆلکردنی هەڵچوون
.

٤- توانستی بەرگەگرتنی ڕەخنە .

بابەتی سێیەم / پێداویستییەکانی ئاخاوتنی کاریگەر :

دەشێ پێداویستییەکانی ئاخاوتنی کاریگەر لە چوارچێوەی سێ ڕەهەندەوە دیاری بکەین÷

ا- ئەو پێداویستییانەی پێوەندییان بە ئاخێوەرەوە هەیە .

ب- ئەو پێداویستییانەی پێوەندییان بە جەماوەرەوە هەیە و ئاخێوەر لەلای خۆیەوە لەبەرچاویان دەگرێ.

ج – ئەو پێداویستییانەی پێوەندییان بە بنەمای مەنتقی زمانی ئاخێوەرەوە هەیە.

ا- ئەو پێداویستییانەی پێوەندییان بە ئاخێوەرەوە هەیە، ئەمانەن÷

- دەستپێکێکی نوێ و کۆتاییەکی باش.
- بەکارهێنانی زۆرترینی هەستەکان.
- کۆنترۆلکردنی وردی ئاخاوتن.
- فێربوون لە جوان گوێگرتن.
- دوورکەوتنەوە لە لاساییکردنەوەی کەسانی تر.
- پێداگری و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەدەنگەوەهاتنی (فیدباک)ی گوێگر.
- بۆچوونی باش بەرانبەر گوێگر.
- هەوڵدان و پێداگری بۆ ئاخاوتن بەشێوەیەکی لە خۆوە (تلقائی).

- داننان بە هەڵە.

ب – ئەو پێداویستییانەی جەماوەر، کە ئاخێوەر لەبەر چاویان دەگرێ÷

- زانین و ئاگاداربوون لە بیروبۆچوونی جەماوەر بەرانبەر بابەتی ئاخاوتن.
- دەستپێکردن بە خاڵە هاوبەستەکان لەگەڵ گوێگردا.
- چارەسەرکردنی بیروبۆچوونە شاراو و نادیارەکان.
- ڕێزگرتنی بیروڕای بەرانبەر.
- کارێکی وا بکە کەسی بەرانبەر هەست بە گرنگی خۆی بکات.
- کارێکی وا بکە کەسی بەرانبەر بیرۆکەکە بە هی خۆی بزانێ.
- لە جیاتی فەرماندان، پرسیار لە بەرانبەر بکە .
- گفتوگۆ (چەلەحانێ) (مجادلە) زۆر مەکە .
- بە نەرم و نیانی لە کەس یان جەماوەری بەرانبەر نزیک ببەوە .

ج – ئەو پێداویستییانەی پێوەندییان بە بنەمای مەنتقی زمانی ئاخاوتنەوە هەیە÷

- پاڵپشتی لایەنی ئەرێنی بەرانبەر بکە .
- دوورنەکەوتنەوە لە بابەت.
- کۆکردنەوەی هۆکارە جیاجیاکانی کاریگەری.
- جۆراوجۆر کردنی ڕێگاکانی لێکۆلینەوە .
- دوورکەوتنەوە لە هەڵە مەنتقییەکان، وەکو: تێکەڵاوکردن لە نێوان بیروڕا و ڕاستییەکان، یان گشتاندن، یان پەلەکردن لە بڕیاردان، یان پیشاندانی بەڵگە، کە لە شوێنی خۆیدا نەبێت.

**قایلکردن بریتییە لە بەدەستهێنانی پشتگیری تاک بۆ بیروڕایەک، یان بابەتێکی دیاریکراو، ئەمەش لە ڕێگای پێشکەشکردنی بەڵگە و سەلماندنەوە، کە فیدباک لای وەرگر دەردەخات...**

# گوتاری (سەروتاری) ڕۆژنامەی

# (کوردستان و تێگەیشتنی ڕاستی)



پ.ی.د. دلێر احمد حمە
مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا

لەباسی هەردوو سەروتارەکەی ڕۆژنامەی (کوردستان 1898-) و (تێگەیشتنی ڕاستی1918-) ، مەبەستمان نییە وەک هونەری نووسینی ڕۆژنامەوانی قسەیان لەسەر بکەین، بەڵکو مەبەستمانە شیکاری گوتاری هەردوو سەروتارەکە بکەین، کە لە دوو زەمەنی جیاوازدا نووسراون و لە دوو هەل و مەرجی تەواو جیاوازدا ڕۆژنامەکان دەرچوون.

ڕۆژنامەی کوردستان لەدوای ڕوخانی میرنشینی (بۆتان و میر بەدرخان دێت) واتە دوای شۆڕشی چەکداری و میرنشینێکی بەهێز، بیرکردنەوەی نەوەیەکی میر بەدرخان لەدەرکردنی ڕۆژنامەیەک لە ئاوارەیدا نیشانەی تێگەیشتوی و پێگەیشتویی هۆشیاری نەتەوەیی خاوەنی ڕۆژنامەکەیە و ویستێکە لەلایەن (میقداد بەدرخانەوە) بۆ ئەوەی کورد لەوە زیاتر لە کاروانی ڕۆژنامەنووسی و مەعریفی و باس و خواسی دنیا لەو سەردەمەدا دابڕاو نەبێت.

## شیکاری گوتاری وتارەکەی کوردستان

سەرنووسەر زیرەکانە بەناوی خودا و سوپاسگوزاری دەستپێدەکات، کە کوردی وەک (موسڵمان دروستکردووە و هۆشیاری و زیرەکی زانیاری پێبەخشیوە) دەسپێکی سەروتارەکە بەم لۆجیکە ئاینیە لەخۆوە نییە و مەبەستی لەپشتەوەیە، وەک بڵێی دەیەوێت پیشانی بدات کورد موسوڵمانێکی ڕاستەقینەیە و خودا پەرستێکی سەر ڕاستە، ئاماژەدان بە ژیری و زانست بۆ ئەوەیە بە خوێنەری کورد بڵێت مادام هۆش و دانایی پێبەخشیویت دەبێت بەکاری بهێنیت بۆ فێربوون و گەڕان بەدوای ڕاستی و زانستدا، کە ئەمە مەبەستە (زاست و خوێندەواری و فێربوون) پانتایەکی باشی سەروتارەکەی گرتووە هانی خەڵکی ئەدات بۆ خوێندن و چوونە قوتابخانە، خۆی دەڵێت گەر لەهەر شوێنێک بزانم خوێندنگە هەیە بەکورد دەڵێم تاکو بچن لەوێ بخوێنن، بەئاشکراش ئامانجی ئەوەیە لەڕێی ڕۆژنامەی کوردستانەوە باسی زانست و مەعریفە بکات .

گەر سەرنج بدەین باسی (قوتابخانە) چەند بەلایەوە گرنگە ئەمە بۆ؟ تا ئەو سەردەمەش تەنیا سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و فێربوون (حوجرەکان) بوون، لەم حوجرانەدا خوێندەواری کورد فێری زانستەکانی ئاین و زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی) دەبوون و زانستیان وەرگرتووە، بەدیوێکی تردا سەرنووسەر ئەیەوێت بە کورد بڵێت سەرباری جوامێری ولێهاتوویی بەڵام خوێندەوار نین و (خوێندنی حوجرە بەسەر چوو) ئێستا کاتی خوێندنی قوتابخانەیە لەوێ مەعریفەی سەردەم باشتر وەردەگیرێت و ئاسۆی بیر فراوانتر دەبێت، دیوێکی تریش، کە دەست بەرداری هەستە ئاینیەکە نابێت ئەوەیە ئەو باش دەزانێت ڕۆژنامەکەی ئەو لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی ئاینی داگیرکەرە (سوڵتانی عوسمانی) کۆمەڵگەی کوردیش موسوڵمانە و لەوانەیە دەسەلاتداری عوسمانی بۆ دژایەتی کردنی هەستی ئاینی بجوڵێنێت دژی ڕۆژنامە و خاوەنی ڕۆژنامەکە وەک ئەوەی بوترێت ئەم ڕۆژنامەیە و خاوەنەکەی کافرن و ئینگلیزەکان لەپشتی دەرکردنیەوەن.

لەلایەکی تریش پەیامی سەروتارەکە ئەوەیە دەزانێت کورد لە دنیای دەرەوە بەتەواوەتی دابڕاوە ئاگای لێ نیە لەدەرووی خۆی چی دەگوزەرێت، بۆیە ئەو ڕۆژنامەکە دەکاتە ئەو سەرچاوەیەی، کە کورد لەڕێیەوە ئاگاداری ڕوداوەکانی جیهان بن .

## ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی

نێوانی ئەم ڕۆژنامەیە لەگەڵ کوردستاندا (20) ساڵە لە هەلومەرجی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق (61) ژمارەی لێ دەرکراوە، ئەم ڕۆژنامەیە وەک بڵاوکەوەیەکی پروپاگەندەیی بۆ ئینگلیز هەژمار دەکرێت، ڕاستە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا حسابێکی بەرچاوی هەیە



کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحیم



تی‌گەیشتنی راستی

(مسلك)

و خزمەتێکی باشی بەبواری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی کوردی کردووە، بەڵام وەک ڕۆژنامەیەکی ئاڕاستەکراوی ئینگلیزەکان دەمێنێتەوە.

سەروتاری ڕۆژنامەکە ناونیشانی هەیە (مەسلەک) واتە خۆی پێت ئەڵێت ئەمە ڕێباز و ئامانجی ئێمەیە (یەک بوونی کورد، زانست و مەعریفە) بەلام چۆن؟ لە پەیامی گوتارەکەدا ئەمە گرنگە، ڕۆژنامەکە باسی سەربەستی و یەکبوونی کورد دەکات نەک وەک ئەوەی بیەوێت بڕوات بەرەو چەکەرەکردنی سەربەخۆیی و بونیاتنانی بیرۆکەی دەوڵەت، بەڵکو ئەو لای وایە ئەم یەکبوون و یەکریزی کوردە تەنیا لەژێر سایەی (بەریتانیا) دەبێت، کە ئەو بە (حکومەتی موعەزمە) ناوی دەبات، ئەو یەکریزییە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا حساب دەکات (کورد و ئەرمەن و عارەب و جولەکە و مەسیحی) لەو جوگرافیایەی، کە دوو ساڵ دواتر دروستی دەکەن و ناوی دەنێن عێراق.

گوتاری ڕۆژنامەکە بەجۆرێکە، کە دەکەوێتە بەراوردکاریەوە لەنێوان سەردەمی پێشووی دەسەڵاتداری عوسمانی و دەستکەوتەکانی ئێستای خەڵک لەسایەی ئینگلیز وەک (ئازادی)، کە ئەمە بۆخۆی مانای وایە ڕۆژنامەکە نایەوێت وەک داگیرکەر ئینگلیز پیشان بدات، بەڵکو وەک فریادڕەسێک، کە لەئاسمانەوە خوا ناردبێتی وێنای دەکات لەکاتێکدا ئەوان ئیستعمار بوون زۆر وڵاتی تریشیان داگیر کرد. ڕۆژنامەکە ئاڕاستەکەی وایە قەناعەت بەخەڵک بهێنێت لەڕێی خستنە ڕووی هەندێک بەڵگەوە بەخەڵک بڵێت: ئینگلیز خزمەت دەگەیەنێت بە کۆمەڵگەی عێراق وەک ئەوەی لەسەردەمی پێشوو جادەوبان تاریک بوو (فانۆس) بەکار دەهات ئێستا (ئەلەتریک — کارەبا) و گلۆپ هەیە، لەسەردەمی پێشوودا (ترس و کوشتن) هەبوو، ئێستا خەڵک ئازادە، پێشتر عوسمانیەکان (رزقی خەڵکیان دەخوارد و دەسوتاند) و (هەژاری) هەبوو ئێستا رزق زۆرە و هەژاری کەمە، پێشتر (کوڕی خەڵکیان بەکوشت) دەدا ئێستا لەوە ڕزگاریان بوو، لەسایەی بەریتانیا (هەڵبژاردنی پەرلەمان) کراوە واتە دیموکراسی هەیە، دادپەروەری هەیە، خەڵک لە وەزیفەی گشتی دادەمەزرێت ، ئەمان هەیە، دادگا هەیە کە پێشتر نەبووە....هتد

# یادی ڕۆژنامەگەری کوردی
# لە سەردەمی میدیای نوێدا



شیلان عسمەت قادر
مامۆستا لە بەشی
تەکنیکی میدیا

ساڵانە لە ڕۆژی 22ی مانگی نیسان، یادی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) دەکەینەوە، کە لەلایەن (مقداد مدحت بدرخان) بەر لە 126 ساڵ لە دوورە وواڵت و لە شاری قاهیرەی پایتەختی وواڵتی میسر دەرچوو، دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بە بەردی بناغەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی هەژمار دەکرێت.

ڕۆژنامەگەری وەک پیشەیەک هەڵدەستێت بە ئەرکی کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی هەواڵەکان و بیروڕا و بابەتەکان، پاش دڵنیابوون لە ڕاستگۆییان پێشکەشی جەماوەری دەکات و ڕۆڵێکی گرنگ لە ناو کۆمەڵگەدا دەگێڕێت و کاریگەری دەبێت لەسەر گواستنەوەی زانیاری، چاودێری دەسەڵات، دروستکردنی ڕای گشتی، شەفافییەت، پەروکردنی سیستەمی دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی ئەرک و پەیامە پیرۆزەکە، لەم نێوانەشدا ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و ئالنگاری وەک: چاودێریکردنی حکومی و قەدەغەکردن یان بەرتەسککردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەڕەشەی هەواڵی چەواشەکاری دەبێتەوە.

ساڵڕۆژ و یادەکان وێستگو و هەلن بۆ هەڵوەستەکردن و زیاتر قوڵبوونەوە لە ئامانج و ناوەڕۆکی یادەکان؛ بە مەبەستی خوێندنەوە و زیاتر تێگەیشتن لێیان و قوڵبوونەوە لە لایەنە بەهێز و بێهێزەکان و ئەو بەرەوپێش چوونانەی لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە و چۆنیەتی خۆگونجاندن و بەردەوامبوونی هەنگاونان؛ لەگەڵ پێشهات و پێشکەوتنەکان لە هەموو کایە و بوارەکان، بۆ ئەوەی دەرەنجامەکەی لە بەرژەوەندی دۆز و بابەتی یادکردنەوەکە بێت و پەیام و گیانی یادکردنەوەکان بە درێژایی ڕۆژانی ساڵ بە زیندوویی بمێنێتەوە و کاریگەریەکەیان بەردەوام بێت.

ڕێکخراوی (UNESCO) لە مانگی ئایاری ساڵی 1991، کۆنگرەیەکی لە شاری (ویندهۆک)ی پایتەختی کۆماری نامیبیا ئەنجامدا و جاڕنامەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری ئازادی ڕاگەیاند، کە ناسراوە بە (جاڕنامەی ویندهۆک)، ڕۆژی 3ی مانگی ئایاری بە ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەستنیشانکرد، ڕۆژەکە ئەوە بیر حکومەتەکان دەهێنێتەوە، کە پێویستە ڕێزبگرن لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و پابەند و وەفادارین لە پراکتیزەکردنی بەڵێننامەکانیان و چاکسازیکردن لە یاسا پەیوەندیدارەکان بە ئازادی ڕۆژنامەگەری، هەروەها ڕۆژنامەنووسان لە نێوان خۆیان هەڵوەستە لەسەر چەمک و ناوەڕۆکی ئازادی ڕادەربڕین و ئیتیکی ڕۆژنامەگەری دروست و پیشەییانە بکەن. هەمووان ڕۆژ و هەلی یادکردنەوەکە بکەن بە هەوێنی دامەزراندن


دۆبڕا ١
تعجبی کاغذك فی دبکه
دفی ربکت مصری مز
ناف خوینی جریده‌یی
لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بکی
هرجار دو هزار جریده‌یا
بی بره ازیه دبکم
کردستانی ده بدین خاکی
پازده روزا جارکی تیت
تیساندن
کردلی ایقاظ وتحصیل ...
اون بش کونده بر نشر ...
١٣١٥
روزا پنجشنبی‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ...
بسم الله الرحمن الرحیم
صد هزار شکر وحمد ژ خدی تعالی‌ره ام مسلمان
خلق بکرن، وظائینا علم ومعرفتیه پش وزکا دامه. در حقا
تعلیمانینا علم ومعرفتیه گلك آیتین جلیله واحادیث شریفه

و پەتەوکردن و پاراستنی بنەماکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری، لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ئازاد و گۆڕانە بەردەوامەکانی هەموو بوار و کایەکانی ژیان، داکۆکیکردن لە ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەری ئازاد، لەگەڵ بەرزڕاگرتنی یادی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی گیانیان بەخشیووە لە پێناو خزمەتکردنی ووشە و ئەنجامدانی ئەرکی پیرۆزیان لە گەیاندنی ڕاستییەکان و هۆشیارکردنەوە و داکۆکیکردن لە بەها مرۆیی و نیشتیمانی و نەتەوەیی و کلتورییە پیرۆزەکان.

ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ بە بەردی بناغەی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان و وەدیهێنانی دادپەروەری هەژمار دەکرێت، لە ڕێگەی فەراهەمکردن و گەیاندنی زانیارییەکان بە تاک بەتاکی کۆمەڵگە، لە پێناو دروستکردنی دید و بۆچوون و بیروڕاکان و داواکردنی مافەکان و داکۆکیکردن لێیان. بەکارهێنانی ڕۆژنامە وەک گۆڕەپانێک؛ بۆ بەشداریکردن و هاوبەشیکردنی خوێنەر تیایدا، وەک پاڵپشتێک بۆ لێپرسینەوە و ڕێزگرتن لە بەهاکانی ژیانی شەرەفمەندانە و گیانی دیموکراسیەت و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ، لە بەرامبەر ئەو هەڕەشە و هێرشە چەواشەکارانە و توندڕەوانەی دەکرێنە سەر زانیارییەکان و ڕاستییەکان و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی.

ئەو بەرەوپێشچوونەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە بواری تەکنەلۆژیا و کەرەستەکانی پەیوەندیکردن و وەشان هاتۆتە ئاراوە، لە هەمانکاتدا بە ئالنگاریەکی گەورەش هەژمار دەکرێت بۆ بزاف و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە جیهان و لە لای خۆشمان، ئەمەش وا پێویست دەکات، پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا و گەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە جۆرێک بقۆزرێتەوو، ببێت بە ڕێگایەکی سانا و دروستی خزمەتکردن بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری، هەروەها گونجاندن بکرێت لەنێوان ڕۆژنامەگەری و تایبەتمەندیەکانی لە سەردەمی میدیای نوێ و لەگەڵ میدیای ترادیشناڵی، بۆ ئەوەی باشترین سوود بە ساناترین ڕێگە و بە دروستی؛ بگات بە دەستی بەکارهێنەر و خوێنەر و لە ڕێگەی خەسڵەتەکانی کارلێککەری و هاوبەشیکردن لە بڵاوکراوەکان؛ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆک و بابەتەکان و کاریگەرییان. گونجاندنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ تایبەتمەندی و کاریگەرییەکانی ئامراز و کەرەستەکانی ڕۆژنامەگەری و پەیوەندیکردن لەسەردەمی ئینتەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی، بەو مەرجەی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری ئازاد لە گەیاندنی ڕاستییەکان و زانیارییەکان و پێگەیاندنی تاک و دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی دیموکراسی بەرجەستە بکات، لە ژێر چەتری یەکسانی و دادپەروەری و گیانی هاوڵاتیبوون و مرۆڤدۆستی و دوارۆژێکی گەش بۆ تاک و کۆمەڵ، هەروەها ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی ئازادانە لە سایەی بنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری ئازاد و فرەیی، بەشداری کاریگەری هەبێت لە ڕەوتی بنیادنان و پێشقەچوون و چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئاگادار و شارستانی.

**ساڵرۆژ و یادەکان ویستگو و هەلن بۆ هەڵوەستەکردن و زیاتر قوڵبوونەوە لە ئامانج و ناوەڕۆکی یادەکان؛ بە مەبەستی خوێندنەوە و زیاتر تێگەیشتن لێیان و قوڵبوونەوە لە لایەنە بەهێز و بێهێزەکان...**


عدد ۱
عنوان
مصرده «کردستان» غزەسی
صاحب ومحرری بدرخان
پاشا زاده
مقداد مدحت
کردستان خارجنه هر یر
۸۰ غروشدر
پنجشنبه فی ۹ نیسان سنه ۱۳۱۱

# ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ لە کاغەزەوە بۆ مۆبایلی زیرەک




**پ.د.ئاریانا ئیبراهیم**

مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین هەولێر


ئێستا، کە جیهان بەخێراییەکی خێرا تێدەپەڕێت هەر چرکەیەک هەواڵی تێدا دابڕێژرێت دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بایەخپێدەرانی، ئەمەش شتێکە کە ڕۆژنامە کاغەزییەکان دابینی ناکەن، کە تیایدا هەواڵ کۆدەکرێتەوە و ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ بڵاوکردنەوە لەم جیهانە خێراییەدا. هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو، نەوەیەکی نوێ سەریهەڵداوە، کە هەواڵی درێژ و شیکاری ورد ناخوێنێتەوە، بەڵکو تەنها پوختەیەکی بەسوود دەخوێنێتەوە، کە پرۆسەی کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەواڵەکەدا تیایدا دابیندەکات. هەروەها تایبەتمەندی کۆمێنتکردنیان لەسەر ئەو هەواڵە، کە چەند چرکەیەک لەمەوبەر پێشکەشی جەماوەر کراوە دەخاتەروو، تیایدا هەواڵی بینراوی وەک گرتەڤیدیۆ پێشکەش دەکەن، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە، کە هەواڵەکە دەوڵەمەندتر و سەرنجڕاکێشتر و گرنگتری دەکات، لە هەمان کاتدا ڕێگەی هاوبەشکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان ئاسانتر دەکات.

هەروەک تێبینی دەکەین کە میدیای نوێ، بە هەموو جۆرەکانییەوە، گرنگی خۆی هەیە و کاریگەری بەهێزی هەیە لە گەیاندنی ڕووداوەکان و گواستنەوەیان بە خێرایی، و قسەکردن لەگەڵ خەڵک بەبێ هیچ سنوورێکی بەرچاو و ئاڵۆزیدا، تا گەیشتە تەکنەلۆژیای مۆبایل، بە جۆرێک کامێرای مۆبایلەکە بەهێزێکی کاریگەر لە گەیاندنی وێنەکە و ڕووداوەکەدا هاتە کایەوە، بەوەی کە کامێرای وێستگە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی نەیانتوانی بیکەن و بگەنە ئەو ئاستە، بۆیە مۆبایل بە تەکنەلۆجیایەکی زۆر وردی وێنەگرتن و ڤیدیۆگرتن و نووسینی ئەلیکترۆنی و گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری بە جۆرێکی نوێی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، کە بەردەستی هەمووانە و لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئەو هەموو ڕووداو و وردەکاریانەی، کە لە دەوروبەریدا دەگوزەرێت دوکیۆمێنت بکات، جگە لە ڕەخساندنی هەلی کار لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا، جا چ بینراو بێت، یان بیستراو بێت، یان فۆتۆگرافەری.

سەرەتاکانی ڕۆژنامەوانی مۆبایل بریتی بوو لە گواستنەوەی نامەی کورت و ئاڵوگۆڕکردنیان لەنێوان خەڵک و هاوبەشکردنی هەواڵ لەگەڵ یەکتری سەبارەت بەو شتانەی کە ڕوودەدەن، پاشان بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت لە سەرانسەری جیهاندا و گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگەیەکی بچووک، کە هیچ سنوورێکی بەرچاوی تێدا نەبوو، ئەمە و جگە لە پەرەسەندنی کامێرای تەلەفۆن لە ڕووی وردبینییەوە و ژمارەی پێکسڵ و بەردەستبوونی تەکنەلۆجیایەکی گرنگ و ئەپلیکەیشنەکان وایکرد ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاردەکەن، چ وەک تاک و چ وەک دامەزراوە، بەهۆی کەمکردنەوەی ئامێرەکان، سەختی لێپێچینەوە، نزیکیی لە ڕووداوەکە، دەستکاریکردنی خێرا و ڕەزامەندی ئەمنی، بێنە پێشەوە.

هاتنی ئایفۆن گۆڕانکاریی نوێ و گەورەی نێو بابەتەکەی هێنایەکایەوە، لانیکەم تەکنەلۆژیای مۆبایل شێوازی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بەو شێوازەی، کە ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی ئەنجامی دەدا پێناسەی کرد، چونکە ڕۆژنامەنووسێک لە جیهانی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا هیچ لێوارێکی نابێت ئەگەر نەتوانێت بە شێوازی مۆجۆ کار بکات، بەقەد هەموو جۆرە چیرۆکێکی ڤیدیۆیی دەتوانێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆبایلێکی زیرەک وێنە و ڤیدیۆ بگرێت و دەستکاری بکات، بەڵام کارکردن بە تەنیا کەموکوڕی هەیە هەروەها سوودیشی هەیە، کە جگە لە باشی تەکنیکی، ئەوە بوو ئازادی پێبەخشی، کە لە دەرەوەی سیستەمی ستۆدیۆ کار بکات، ئەمەش بۆ ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیانیش ڕاستە، کە مۆبایلە زیرەکەکان بۆ دروستکردنی چیرۆکی تەواو بەکاربهێنن. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی، کە یەکەم کەس بوونە لە گۆڕەپانەکەدا، شاهیدی سەر ڕەشنووسی




مێژووی بینیین، بە هەبوونی بەڵگەکان لەناو مۆبایلەکاندا، وەک بەڵگەی سەرەتایی، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئاستێکی کۆنترۆڵکردن دابیندەکات، کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی شەفافیەت و لێپرسینەوە.

لەلایەکی دیکەوە پەرەپێدانی بیرۆکەکان پێش ئەوەی بڕیار لەسەر ئەو چیرۆکە بدرێت، کە وەک بابەتێکی میدیایی بۆ نووسینەوەی چیرۆکێکی هەواڵی بەکاربێت، بابەتێکی گرنگە بۆئەوەی بە باشترین شێوە بگەیەنرێت، باشترین لە ڕووی داهێنانەوە، کە هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەی نووسینەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە چەمکەوە تا کۆتایی، نووسینیش بەپێی کۆنترۆڵکردنی کوالیتی و بڵاوکردنەوەی دەکرێت، بە پێچەوانەی نووسینەوە لە ئاستی ئێستادا، فەوکسی و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە چیرۆکی نێو تەکنەلۆژیا و ڕەوتی کارکردنی ئاڵۆزن، چونکە دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە خوێنەر و بینەران لە ڕاستیدا گرنگی بە چۆنیەتی دروستکردنی ناوەڕۆک نادەن، بەڵام پێشکەشکردنی چیرۆکێکی باش بەهۆی گرنگیدانی مۆبایل بە چیرۆکەکە، لەپێش ئەو تەکنەلۆژیایەی، کە لە پشتیەوەیە، گرنگترە.

بۆیە چەمکی (ڕۆژنامەوانی مۆبایل) زیاتر جەختی سەر چیرۆکەکە دەکات، بە لیستکردن و پشکنینی تایبەتی SCRAP تەواو، کە یارمەتی وەڵامدانەوەی پێنج پرسیارەکەی چیرۆکە هەواڵییەکەی دەدات W5 چی و کێ و کەی و لەکوێ و بۆچی، پاشان پلانێکی سادەی دەستکاریکردنی پێنج بۆ حەوت خاڵیی دروست دەکات، و نەخشە ڕێگای پێکهاتەیی بەردەوامی بە نووسینی چیرۆکەکە دادەڕێژێت. دواتر، کە دێینە سەر وێنەگرتنی ڤیدیۆ قورستر دەردەکەوێت لە نووسینی چیرۆکێکی چاپکراو، بەڵام لیستێکی پشکنینی بۆ ئامادە دەکات بۆ یارمەتیدان لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی، کە ئایا هەموو شتێک ڕۆماڵ کراوە یان نا پێش ئەوەی شوێنەکە بپێچرێنەوە، بۆیە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان چیرۆکەکە و بینەرەکە، لە کاریگەری سەر نزیکیی و ڕاستی چیرۆکەکە دەردەکەوێت، بەرژەوەندی بینەر لە ئێستادا لەگەڵ شارەزایی لەو جۆرە تەکنیک و نووسینەوەیەدا دێت، مۆجۆ جەحتی سەر سەرنج و بایەخەکانی وەرگر دەکات و گرنگی پێی دەدات، بەتایبەتی لە کاری پلاندانان بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێکی میدیایی و زامن کردنی بەهای چیرۆکە هەواڵییەکان.



# بەکارهێنانی زمانی زبر و گەمەکردن بە زاراوە



م.بازیان یونس محێددین
مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر

زمانی زبر بریتیە لە دەستەواژە و وشە و ڕستەی نەشیاو و ڕوشێنەر و ناجۆری (نەرێنی)، کە سود بە هیچ لایەنێک و تاکێک ناگەیەنێ....

مێژوی زمانی زبر کۆنە، بەڵام لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیا و فەیسبوک و تیکتۆک و تویتەر و ئینستاگرامەدا زیادی کردوە، کە بەکارهێنانی بەو ڕادە زۆرەیە دەچێتە خانە و سۆنگەی هەستنەکردن بە بەرپرسیاریتی و دورکەوتنەوە لە ئەتەکێتی مرۆڤانە و ناهاوسەنگی لە کەسایەتی تاکەکاندا.....

شایانی ئاماژە پێکردنە، کە زمانی زبر لەم کورتە وتارەدا، سێ تەوەری سەرەکی دەگرێتەوە، کە بەکورتی ئەمانەن:

یەکەم : هەمیشە مرۆڤەکان لە سۆشیال میدیا دەبنە پاڵەوانی یەکەم، کە لە ڕوودا یان شێوەی ڕاستەوخۆیدا ئەو هێز و توانایەی نیە یانیش کەمتر ئەو باگراوندانە وەردەگرن ....

بەکورتی زمانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەیەکی تۆخ و نابەرپرسیارانە ...

دووەم: ئەو کەسانەی، کە بەکاری دەهێنن، وا دەزانن بەرامبەر دەکوژن یان بەرامبەر دەڕوشێنن و لەکەداری دەکەن، بەڵام دەرەنجام خۆی دەبێتە قوربانی یەکەم، کە سەرەتا هەستی پێناکات لە کاتی بەکارهێنانەکەی ....

سێیەم : ئەوەی ویژدان و ڕەوشت و دینی لاوازە، لە یەکێک لەو سێ چەمکە یان دووانیان یانیش هەرسێ چەمکەکە زیاتر هۆگری دەبێت و پێوەی گیرۆدە دەبن، بەواتایەکیتر هەندێ کات تورە بوون و کاردانەوەی بەرامبەرە، کە مرۆڤ دادەماڵێ لە چەمکەکانی ویژدان و ڕەوشت و دین....

سەربارى ئەم سێ تەوەرەی، کە ئاماژەمان پێیدا، زمانی زبر لە کورتترین پێناسەی بریتی دەبێ لە: زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی ئەگەر لە لایەن کەسێکی بەرپرس بەکاربێت، یان دەبێتە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، کە کەسێکی دیار و خاوەن دەستەڵات بەکاریبێنێت....

لەلایەکیترەوە زمانی زبر زۆرجاران لەم سەردەمەی ئێستای تەکنۆلۆژیادا پەرپوەتەوە بۆ بابەتێکی تر، کە بریتیە لە :

یاریکردن بە (زاراوە)، کە ئەم ڕوانگەیە تاوانێکی زانستییە.

بۆچی تاوانێکی زانستییە؟ بەکورتی




شرۆڤەیەکی خێرای بۆ دەکەین .
بەم شێوەیە :
ئێمە وەک پسپۆڕیمان لە زماندا سنورێکی دیاریکراومان بۆ داڕشتنی زاراوە هەیە، کە چەندە (ئاستی زانستی و زمانەوانی و ناسناوی زانستیمان لەبارە) بۆ ئەم (دیاردە زانستییەی زمان)…. ئەمە وەکو پرسیارێک لە خۆمان و شێوەی سەرسورمان بۆ بەرامبەرمان …
لەم لایەنەوە ، گلەییمان لە کەناڵ و خەڵکی ناهوشیار دەکرد بۆ ئەم پرسە، کەچی دەرکەوت ئەوەی، کە هوشیار و خاوەن بڕوانامەشە بە (هەوەسی خۆی بێ هیچ بنەمایەک دێت ملی زاراوە دەگرێ و دەچێت کۆپی پاشگری وشەی زمانێکیتر بۆ زمانەکەی خۆی دێنێت، بۆنموونە بەکارهێنانی پاشگری (لۆژی)، کە لەوشەی بێگانە (ئینگلیزی) وەرگیراوە بۆ وشەی کورد، کە دەبێتە (کوردۆلۆژی)، هەمان ئەو پاشگرە بۆ وشەی تری کوردی بەکاردەهێنرێت بێئەوەی هیچ بنەما و پێڕەوێکی زمانی هەبێت.
پاشگری (لۆژی) لە وشە ئینگلیزییەکان، کە بەکارهات بۆ وشەی (کورد) لەلایەن (دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت لە ١٩١٣) پرۆسەیەکی زمانەوانی هەنوکەیی بوو، کە دکتۆر لەو بوارەدا ئەزموونی هەبووە و بۆ ئەوکات گونجاو بوو.
بۆیە بۆ پرسێکی لەوجۆرە پێویستە ئەکادیمیای کوردی و پسپۆرە تایبەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕۆڵیان هەبێت.

# شیكردنەوەی وێنەی كاریكاتێری



پ.ی.د.سەنگەر علی مامە
مامۆستا لە زانكۆی
پۆلیتەكنیكی هەولێر

بێگومان وێنە لەتەک وشە و ڕستە و مانا وەک یـەک وان، ڕەنگە جـاری وا هەیە، كە وێنەكە زۆر كاریگەرتـرە لە وشـە، بۆیە لـەلای (چین)ییەكان وتـراوە، كە (جـاری وا هەیە وێنەیـەک لە هەزار وشـە كاریگەرتـرە)، وێنە چەنـد جۆرێكی گرنگی هەیە، لەمانەش:-

١-وێنەی فۆتۆگرافی.
٢-ڕیكلام.
٣-تەشكیلی.
٤-دەستی.
٥-وێنەی كاریكاتێری یاخود (كاریكاتۆری).

ئـەوەی ئێمـە لێـرە مەبەسـتمانە وێنـەی كاریكاتێری یاخود (كاریكاتۆری)یە.

پێناسەی كاریكاتێر:-

كاریكاتێـر یاخـود (كاریكاتۆر): وشـەیەكی ئیتاڵیـە و شـێوەیەكە لەشـێوەكانی نوكتـە و گاڵتەجـاڕی لە ئامرازە میدیاییـەكان و هونەرێكی پێكەنیناوییـە لـە ڕواڵەتـدا و ڕەخنەگـرە لـە ماناكەی.

مێژووی كاریكاتێر:

دەسـتەواژەی كاریكاتێر لەلایەن (موسـینی) لەسـاڵی (1646) زایینی بەكارهاتووە، بەڵام لە سـەدەی (17) (جیان لورینـزو برنینی) یەكەم هونەرمەنـدی كاریكاتێـری بوو، كە ئـەم وێنانەی كردووە، هەر ئەویش بوو ئەم جۆرە وێنانەی بردە فەڕەنسا.

بابەتەكانی كاریكاتێر:

كار و بابەتەكانـی كاریكاتێـر چارەسـەری بواری سیاسـی و كۆمەڵایەتـی و ئابووری ...هتد دەكات.

گرنگی كاریكاتێر:

كاریكاتێـر ڕۆڵێكـی گرنگی هەیە بۆ گفتوگۆ و بەكارهێنانـی وشـەكان و ئاماژە و وێنەی كاریگەر و چارەسـەری هەندێک لە كێشـە سیاسـیەكان و كۆمەڵایەتییەكان و قەیرانەكان.

چۆنیەتی شیكردنەوەی كاریكاتێر:

بـۆ شـیكردنەوەی كاریكاتێـر دەبـێ ئـەم دەستەواژانە بزانین:-

١- (ڕەمز).
٢- (وێنە).
٣- (ڕەنگەكانی كاریكاتێر).
٤- (ئایقون).
٥- (زمانەوانی).

١- ڕەمز:

ڕەمـز واتە نیشـانە، واتە: نیشـانەكانی بیری گشتی كاریكاتێرەكە ڕووندەكاتەوە.

٢- ئاستی وێنەكە:

واتە وێنەكە باسی چ ئاستێک دەكات؟ سیاسی یان كۆمەڵایەتی یان هەرشتێكی تر.

٣- شێوەی وێنەی كاریكاتێر:

شـێوەی وێنەی كاریكاتێـر زۆر جۆر و مانای هەیە، لەمانەش:

أ-بازنەیی: ئاشنایی: واتە خۆشی.
ب-چوارگۆشەیی: واتە: ئارامی.
ج-لاكێشەیی پانی: واتە: هێز.
د-لاكێشـەیی ئاسـۆیی: واتـە: بێدەنگـی و گرانی.
هـ-سێگۆشەیی: واتە: لایەنی ڕۆحی.

ڕەنگەكانی وێنەی كاریكاتێر و ماناكانی

أ-شینی ئاسمانی: واتە: خۆشی دەگەیەنێت.
ب-ڕەش: واتـە: تاریكی – مردن – دڵەڕاوكێ – نەزانین – ناڕوونی دەگەیەنێت.
ج- سـپی: بەفـر – ڕوناكـی – ئاشـتی – خاوێنی- پاكی دەگەیەنێت.
هـ-سەوز: بەهار – ئارامی دەگەیەنێت.
و-زەرد : خۆشـی – ڕوكردنـەوە بەرامبـەر خەڵكانی تر دەگەیەنێت.

٤- ئایقۆن:

بریتیـە لەو شـێوانەی، كـە یارمەتیدەرن بۆ شیكردنەوەی كاریكاتێرییەكە و مانای ڕاستەقینەی كاریكاتێرەكە.

٥-زمانەوانی:

واتـە ئـەو نووسـینانەی لـە كاریكاتۆریەكـە نووسراون چین؟ و لە چی پێكهاتوون.

هەنگاوەكانـی شـیكردنەوەی وێنـەی كاریكاتێر:

بۆ شیكردنەوەی وێنەی كاریكاتێر دەبێت ئەم هەنگاوانە ڕەچاو بكرێت:-

١-پێشەكی:

سـەرەتا سـەیری وێنەكە دەكەین بە جوانی و بە پێشـەكیەكی چڕ و پڕ باسـی وێنەكە دەكەین، وەكو پێناسەیەک بۆ شیكردنەوەی وێنەكە.

٢-خستنە ڕوو:

بۆ خسـتنە ڕووی وێنەكە دەبێت بەم شێوەیە

بێ:

أ- جۆری وێنەکە:

واتە ئایا وێنەکە فۆتۆگرافییە یان ڕێکلامیە یان هونەرییە یان شێوەکاریە یان وێنەی دیوارییە ... هتد.

ب- ئایقۆنەکان:

دەستنیشانکردنی نیشانە و مانای ئایقۆنەکان، کە بریتین لە ئایقۆنی:

مرۆڤ – ئـاژەڵ – ڕووەک – بێ گیان وەکو کورسی، کتاب، مێز، دار، بەرد و ... هتد .

ج- شێوە و ڕەنگەکانی وێنەکە:

ئایا جۆرەکانی وێنەکە چۆنە و ڕەنگەکانی لەچی پێکهاتوون؟

د- نیشانەی زمانەوانی:

ئایا چی لەسەر وێنەکە نووسراوە و چ مانایەک دەگەیەنێ؟ ... هتد.

هـ- مەبەست لە وێنەکە:

ئایا کاریکاتێرمانەکە مەبەستی چی بووە لەم وێنە کاریکاتێریە و ماناکانی وێنەکە چین؟

و-کۆتایی:

لە کۆتایی شیکردنەوەکە دەبێ ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئایا تا چەند وێنەکە جێی قەناعەتە؟

ئایا چارەسەری ئەو بابەتانەی کردووە کە وێنەکەی بۆ کێشاوە؟ یاخود ئایا دەبێتە چارەسەری؟

**شیکردنەوەی چەند وێنەیەک:**




**وێنەی یەکەم:**

١- (ڕەمز): نیشانەی سەرکەوتن.

٢- (وێنە) لاکێشەییە.

٣- (ڕەنگەکانی کاریکاتێر)، ڕەش و سپی و لەقوتابییەکە ڕەنگاوڕەنگە بە واتای گەشبینی دێت.

٤- (ئایقون)، ئایقۆنەکان بریتین لە: أ-پەیژە. ب-مامۆستای وێنە و بیرکاری و جوگرافیا و ئینگلیزی و وەرزش و ... هتد، ج-قوتابییەک بە جانتایەکەوە بەسەر پەیژەکە کەوتووە پایە پایە. د- باڵی مامۆستاکان.

٥- (زمانەوانی): أ- سەرکەوتن. ب-زۆر سوپاس مامۆستا.

**مانای وێنەکە:**

مانای وێنەکە ئەوە دەگەیەنێ، کە مامۆستا بە هەموو پسپۆڕەکانیانەوە لەخەمی سەرکەوتنی قوتابیان.




**وێنەی دووەم:**

**پێکهاتەی وێنەکە:**

١- (ڕەمز)، بریتیە لە کێشەی قەیرانی خوێندنەوە.

٢- (وێنە)، لاکێشەیە.

٣- (ڕەنگەکانی کاریکاتێر): ڕەش، کە بە مانای ڕەشبینی دێت، شین: بە واتای ئاسۆی خەڵک.

٤- (ئایقون): أ-خەڵک نۆرەیان گرتووە. ب-خانە. ج-دەرگا. د- تابلۆی ڕەش. هـ- دەرگایەک کراوەتەوە و چۆلە.

٥- (زمانەوانی): أ-تویتەر. ب-فیسبوک. ج-نانەواخانە. د- کەبابخانە. هـ- کتێبخانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە خەڵک ئەوەندە سەرقاڵە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وازیان لە خوێندنەوەی پەرتووک هێناوە.

**کاریکاتێر یاخود (کاریکاتۆر): وشەیەکی ئیتاڵیە و شێوەیەکە لەشێوەکانی نوکتە و گاڵتەجاڕی لە ئامرازە میدیاییەکان و هونەرێکی پێکەنیناوییە لە ڕواڵەتدا و ڕەخنەگرە لە ماناکەی.....**

# سوودەکانی پێداگۆژی بۆ مامۆستایان



رحمت الله حبيب أمين
(هەژار هەورامی)
مامۆستای میدیا لە زانکۆی
پۆلیتەکنیکی هەولێر

لە روانگەی جۆو دیوییەوە بونیاتنانی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیک لەڕێگەی ڕێبازی فێرکاری و پەروەردەی کۆن و تاکلایەنەوە ناکرێت.

لە فەرهەنگەکاندا، پێداگۆژی بە شێوازی فێرکردن، هونەری فێرکردن و زانستی فێرکردن مانا کراوەتەوە، هەندێکجار بە بەکارهێنانی دروستی ستراتیژەکانی پەروەردەکردن لە پرۆسە و رەوتی فێرکردندا مانا کراوەتەوە.

گرنگترین دەستکەوتێک، کە لە پێداگۆژیدا چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە، کە فێرخوازان لەبری ئەوەی راستەوخۆ تێروانین و کارامەییەکانیان لە مامۆستاوە وەربگرن و بتوانن بە ڕێنوێنی مامۆستا دۆزینەوە و داهێنان بکەن و تێبگەن، کە پێویستیان بە چ زانست، تێروانین و کارامەییەک هەیە و چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دەتوانن وەدەستی بێنن. ئامانجی کۆتایی لە بەکارهێنانی شێوازی فێرکردنی پێداگۆژی فێربوونە لە ڕێگای هاوکاری و گەیشتن بە چالاکییە بەرزە زەینییەکان.

پێداگۆژی زانستێکی کۆمەڵایەتی، فێرکاری و پەروەردەییە، کە لە توانا، لێهاتوویی، ڕێباز و تەنانەت هەندێک لە ئالەنگارییەکانی پەیوەست بە فێرکردن و پەروەردە دەکۆڵێتەوە. پێداگۆژی کۆمەڵێک زانیاری و تەکنیکی فێرکاری لەخۆ دەگرێت، کە لە پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەکردنی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێن. بە گشتی ئەم زانستە لە ژینگەی فێرکاری و پەروەردەیی وەک قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکاندا بەکاردێت و ئامانجی سەرەکی بریتییە لە باشترکردنی پرۆسەی خوێندن و زیادکردنی توانا و لێهاتووییەکانی تاک و بونیاتنانی ژینگەیەکی گونجاوی پەروەردەیی لە ڕێگای چالاکییە تیۆری و کردەییەکانەوە.

**زانستی پێداگۆژی چەندین سوودی بۆ مامۆستا هەیە وەک:**

١- تەکنیکەکانی وانەوتنەوە: پێداگۆژی کۆمەڵێک تەکنیکی وانەوتنەوە لەخۆ دەگرێت، کە یارمەتی مامۆستا دەدات باشتر و کارامەتر وانە بڵێتەوە. ئەم تەکنیکانە بریتیین لە چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن، دارشتنی وانەکان و بەکارهێنانی شێوازی نوێی فێرکردن.

٢- هەڵسەنگاندن: هەڵسەنگاندن یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی پێداگۆژیە، کە یارمەتی مامۆستا دەدات لە پێشکەوتنی قوتابیەکانی باشتر تێبگات، لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازەکانی هەڵسەنگاندنەوە مامۆستا دەتوانێ گونجاوترین چارەسەری بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی قوتابییەکانی دیاری بکات.

٣- دارشتنی وانە: لە پێداگۆژیدا دارشتنی وانەکان یەکێکە لەو خاڵە بنەڕەتیانەی، کە مامۆستا دەشێت باشترین شێواز و سەرچاوە بۆ قوتابییەکانی هەڵبژێرێت و وانەکان بڵێتەوە.

٤- گرنگیدان بە جیاوازی قوتابیان: یەکێکیتر لە سوودەکانی پێداگۆژی بۆ مامۆستایان، گرنگیدانە بە جیاوازی قوتابیان لە پرۆسەی خوێندندا بە گوێرەی ئەو جیاوازیانە، مامۆستایان دەتوانن بە مەبەستی وەدەست هێنانی باشترین ئەنجام پلانی تازە بۆ قوتابیان و تواناکانیان دابنێن.

لەو روانگەیەوە، کە پێداگۆژی یارمەتیدەری مامۆستایانە تا زیاتر و چاکتر لە چەمکە فێرکاری و پەروەردەییەکان تێبگەن، ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چاکسازی و باشترکردنی رەوتی فێرکردن و پەروەردە لە بواری بونیاتنانی مرۆڤی سەردەمیانە و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو.



# کاریگەری تەکنەلۆژیا
# لەسەر گەشەکردنی ژیانی مرۆڤ




**سرود عوسمان**

**بەشی تەکنیکی میدیا**


تەکنەلۆژیا توانیویەتی گۆڕانکاری جەوهەری لە کۆمەڵگە دروست بکات، ئەگەر بمانەوێت یان نەمانەوێت تەکنەلۆژیاش بەردەوام لەگۆڕاندایە، بێگومان هەموو شتێکیش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خۆمان، کە چۆن کەرەستەکانی تەکنەلۆژیا بەکاردێنین بە ئەرێنی یان نەرێنی، ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە تەکنەلوژیا بێگومان سوودەکانی زیاترە لە زیانەکانی.

گەشەکردنی تەکنەلوژیا گۆڕانی بەسەر بواری پەروەردەشدا هێناوە، تەنانەت چۆتە قۆناغێکی زۆرباش، بۆ نموونە بەدەستگەیشتنی زۆرترین وانە بەقوتابیان لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کە زۆرترین کات قوتابیان وانەکانیان لە ڕێگەی بەرنامەی زووم یان مۆدڵ یان هۆکارەکانی تری بواری تەکنەلۆژی بەدەست دەگەیشت، کە وایکرد بۆ ئێستای دوای پەتای کۆرۆناش قوتابیان سوود لەم بەرنامانە وەربگرن و ببێتە بەشێک لە ڕێگە و هۆکارەکانی وەرگرتنی زانست، سوودێکی تری ئەم شێوازی خوێندن و وەرگرتنی زانستە ئەوەیە، کە لە توانای هەموو کەسێکدایە دەستی بگات بە زۆرترین زانیاری، چونکە تەکنەلوژیا لە هەموو ماڵێکدا هەیە وەک پێویستیەکی گرنگ، قوتابی دەتوانێت وانەکان بەشێوەی ئەلکترۆنی وەربگرێت ئاستی زانستی خۆی بەرەوپێش ببات، هەروەها دەتوانێت بە ئاسانی دەستی بگاتە ئەو کەرەستە و زانیاریانەی، کە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئاداب و خورەوشتی جوانتر دەکات بە گوێرەی پێویستییەکانی بەکارهێنەر.

تەکنەلۆژیا بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە قوتابی، فەرمانبەر، مامۆستا، دکتۆر ... هتد بارودۆخێکی فەراهەم کردوە، کە بتوانێت لە ڕێگەی یەک ئیمێڵ، ئیشەکەی بکات و ڕێگە دوورەکان نزیک بکاتەوە، لە هەمووی گرنگتر بۆ سەرچاوەی مەعریفی کتێبە ئەلیکترۆنییەکانە، کە تەکنەلۆژیا، نەک هەر ڕێگەی دوور بەڵکو تێچووشی کەم کردۆتەوە، لە پاڵ ئەم سەرچاوە گرنگەی مەعریفە کردنەوەی خولە ئۆنلاینەکان و بەدەستهێنانی ئەو پسپۆڕی و توانایانەی، کە لە ناوچەکەی تۆ یان شوێنی کارت بەر دەست نییە، بەردەوام لەگەڵ فراوانبوونی جومگە و پێداویستییەکانی ژیان تەکنەلۆجیاش خۆی لەگەڵ پێداویستییەکان دەگونجێنێ و لە ڕێگەی ئەپێکەوە لە کۆمپیوتەرەکەت یان مۆبایلە زیرەکەکەی دەستت گەورەترین خزمەتت پێشکەش دەکات.

ژیان و تەکنەلۆژیا بوونەتە دوو ڕووی یەک دراو و لەگەڵ یەک هەلدەکەن و وەک خودی دراوەکە لەدەستی بەکارهێنەرەکەیە، کە بۆ کامە مەرام بەکاری دەهێنێت و ئامانجی چییە لە بەکارهێنانی، شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکە شێوازی ژیانت دیاری دەکات، چونکە کاردانەوەی دەبێت لەسەر ژیان، واتا چەکێکی دوو سەرەیە، بنچینەی بابەتەکەش ئەرێنی بوون و خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، بە کورتکردنەوەی ڕێگا و کەمترین تێچوون زۆرترین سوود دەستەبەر بکرێت.

# فەیس تایم!
## کورتە سەرنجی جۆراوجۆر



ئیبراهیم حاجی ساڵح
مامۆستای میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

**زمانی بیانی ...**

بوونی ئەم هەموو کەناڵە ئاسمانییە کۆن و تازەیـە تەنها بە زمانی کـوردی، خاڵێکی هێـز نییـە و بەڵکـو لاوازییـە بـۆ میدیـای کـوردی، چونکـە هەمووی هەر لـە ناو یەک بازنەی داخراودا دەخولێتەوە!.

دەمێـک بوو دەبوایـە بەشـێکی کەناڵە کوردییەکان و بە تایبەتیش کەناڵە دیارەکان، بـە یەک یان دوو لـە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و فارسی)یمان هەبووایە، بوونی ئەم زمانانـەش تەنها لە نێو پۆرتاڵی کەناڵەکاندا، کافی نییە.

**یارمەتی ....**

ئەو کاتەی داوای یارمەتیت لێدەکەم، دوو ئەگەر هەیە: یان ئەوەتا بە ڕاستی پێویستیم بە یارمەتییـە، یانیـش تاقیکردنەوەیەکە تا بزانم لە ڕۆژانی تەنگانە، قسـەو کردارەکانت وەک یەکـن!، بۆیـە تـا دەتوانـی، یارمەتی ئەوانی تر بدە.

**برین**

جەنگاوەرێـک دەڵـێ: کە خـۆم هەموو لەشـم برین بێ، چۆن دەتوانم برینی ئەوانی تر سارێژ بکەم؟!.

**منداڵە ساواکە !**

پیاوێـکی عێراقـی کـە لـە کەمپێکـی ئاوارەییـدا دەژی، (١٥)منداڵـی هەیـە. ئەو ڕۆژە لە ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا نیشـان درا کە منداڵە سـاواکەی فڕێدابووە ناو تەنەکەی زبـڵ، چونکە ناتوانێ شـیری بـۆ دابین بکات، ئەم کەسەش پێشتر دە منداڵی هەبووە و پێنج منداڵـی تـری لە کەمـپ لە دایک بـووە!، ئیتر زۆرێـک لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی ئاوا خێزان بەخێو دەکەن!.

**شاخ...**

کاتێک کە پشـتت شـاخ بوو مەترسە، شاخ کەسـی بێ ئومێـد نەکردووە تا تـۆ بێ ئومێد بکات. ئەو کاتە بترسـە کە پێت وایە ئەوەی لە پشتتە شاخەو لە ڕاستیشدا وانییە!.

**بازنە**

گرفتـی ئـەم نەتەوەیەی ئێمـە ئەوەیە، کە لـە بازنەیەکی داخـراو دەخولێتـەوە و ناتوانێ یـان نایـەوێ بێتە دەرەوە!، لە کاتێکدا شـەڕە گەورەکە لە دەرەوەی بازنەکەیە.

**کەموولە......**

ژیانـی زۆربەمـان بـە گشـتی، وەک کەموولەیەکی نێو تاقیگەیەکی کیمیا وایە .

زانینمـان سـەرەتا لـە سـفرەوە دەسـت پێـدەکات، ئینجـا ئەزمـوون وەردەگرین و کار دەکەین و دەخوێنین و گەشـەدەکەین و پیشـە دەدۆزینەوە و هێشتا دەخوێنین و دەکەوینە نێو پیشەیەکی ترەوە بەو شێوەیە...، بەڵام هێشتا هەر لەناو بەشە باریکەکەی خوارەوەین و ڕەنگە تا کۆتایی ژیانمان هەر لەوێ بین.

خاڵـی وەرچەرخان لەوێ دەسـت پێدەکات کاتێـک کە لـە ناکاوێک یان بـە هۆکارێک یان بـە هەوڵێـک دەگەیە نێـو بەشـە فراوانەکەی

کەموولەکە و لەوێوە دەیەها و سەدەها پرسیاری بە وەڵام و بێ وەڵامت بۆ دروست دەبێ و وێنەکە هەندێ جار روونتر و جوانتر و هەندێ جار لێڵتر دەبێ، ئیتر هەوڵ دەدەی دەرگا لە دوای دەرگا بکەیەوە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە جارێکی تر ناتوانی بگەڕێیەوە نێو بەشە باریکەکەی خوارەوە، چونکە ئەوە ڕێگایەکی یەک ئاراستەیە !.

**ماست....**

برادەرەکی ماست خۆرم هەیە زوو زوو باسی ماستم لۆ دەکا، دونێ پێم گۆت: لەگەر ماستی کوی؟، گۆتی: بڕوات هەبی، جامە ماستەکی ئەوەندە خۆشم کرییە، لە خۆشییان ناخورێ!!.
(یانی چی لە خۆشییان ناخورێ؟!).

**ڕێگای ڕاست**

شەش هەزار هەلی کار لە کارگەی نوێی ئاسنی (ڤان ستیل) لە هەولێر، 92%ی دەستی کاری ناوخۆ، ئەوە ڕێگە ڕاستەکەیە.

**هاوڕێ و هاوپیشە..**

تێکەڵییەکی زۆر لە نێو خەڵکدا لە نێوان هاوڕێ- Friend ) و ( هاوکار یان هاوپیشە- Colleague) دا هەیە.

هاوڕێیەتی ئەوەیە کە دوو کەس یان زیاتر، بە بڕیار و ئارەزووی خۆیان ببنە هاوڕێی یەکتر، بەڵام ئەوە شوێنی کارە کە هاوپیشە دیاری دەکات، دەشکرێ هاوپیشەکان ببنە هاوڕێی یەکتر و کاریگەری ئەرێنی بەسەر کارەکەدا هەبێ، بەڵام مەرج نییە هەمووان دەبێ هاوڕێی یەکتر بن، بەڵکو جۆری کارەکەیە کە پەیوەندییەکانی نێوانیان دەست نیشان دەکات .

تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتر، گرفتی ڕۆژانە بۆ کار دروست دەکات، واتا ناکرێ کار بکرێتە قوربانیی پەیوەندییە کەسییەکان.

ئەگەر دوو کەس لەبەر هەر هۆیەک لە یەکتری زوویر ببن، نابێ کاریگەری نەرێنی بەسەر کارەکە یان بەرژەوەندی هاووڵاتیدا دروست بکات، لە شوێنی کار پەیوەندی کارە و لە دەرەوەش هاوڕێیەتی .

**خو !**

دەمێکە خوەکەم هەیە کە ئەگەر پێنج هەزارییەک یان دە هەزارییەکی دڕاو بکەوێتەوە گیرفانم، هەر دەرفەت بوو تێپەکی لێدەدەم.

پێتان سەیر نەبێ، ڕەنگە خەڵکێک هەبێ لە بەیانی تا ئێوارە کار بکات بۆ دە هەزارییەکی واو، دووریش نییە دوای دە خولەکێک لە گیرفانی من و تۆ بچێتە گیرفانی ئەو، با بە خاوێنی و نەدڕاوی بچێتە گیرفانی.

**ڕووماڵ**

کە ڕووماڵی (ئەلعەرەبییە)و (ئەلجەزیرە) بۆ شەڕی غەزە دەبینی، دوو گووتاری جیاواز و هەندێ جار دژ بەیەکی جیهانی عەرەبیت دێتە بەرچاو!.

**شورەیی!**

چەند شورەییە، کە توانای جلێکی جوان و خواردنێکی باشت هەبێ، ئینجا ناز بەسەر کەسانێک بکەی کە نەتوانن، نە ئەو جلە جوانە بکڕن و نە ئەو خواردنە باشەش بخۆن؟!.

**سۆز**

سۆزم بۆ هەر نەتەوەیەک، پەیوەندی بە ناسنامەوە نییە. دوو شت لێرە ڕۆڵ دەبینێ: یەکەمیان کە هەموومان مرۆڤین و دوومیان: چەند سۆزیان بۆ نەتەوەی ئێمە هەیە!.

# سەرکەوتن

هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا چەند بەختەوەر بێت دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، هەموو کاتێک مەرج نییە مرۆڤی سەرکەوتوو بەختەوەر بێت، بەڵام بە پێچەوانەوەش مرۆڤی بەختەوەر سەرکەوتووە. رالف والدۆ ئیمرسۆن سەبارەت بە سەرکەوتن دەڵێت: (بۆ ئەوە زۆر پێبکەنیت پێویستە ڕێزی گەورەکان بگریت و بچووکەکانیشت خۆشبوێت و باش بیت لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە ڕەخنەت لێدەگرن و بتوانیت ڕووبەڕووی ئەو هاوڕێیانەت ببیتەوە، کە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاوڕێتن. هەموو کاتێک ئومێدی باشترت هەبێت بۆ دەورووبەرەکەت، لە هەر شوێنێک بوویت کاریگەریەکی باش لەدوای خۆتدا بەجێ بهێڵیت وەکو ئەوە وایە، کە پارچە زەویەک بکەیتە باخچەیەکی جوان یان لە یەکێک لە بارودۆخە خراپەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیت دەربازت بێت؛ یاری بکەیت و پێبکەنیت و وا هەست بکەیت، کە ژیانی کەسێک باشتر بووە بەهۆی بوونی تۆ لە ژیانیدا ... هەموو ئەمانە سەرکەوتنە).

یەکەم هەنگاو بۆ سەرکەوتن چۆنی خۆت ئاوا قبول بکەیت و خۆت خۆش بوویت، هەموو ئەو هەنگاوانەی لە ژیاندا دەیهاوێیت پێویستە متمانە بەخۆ بوونەوە بیهاوێژیت بۆ ئەوەی بتوانیت ببیت بە مرۆڤێکی سەرکەوتوو.

### بنچینەی سەرکەوتن

هەموو مرۆڤێک پێویستە سەرەتا وێنایەکی ئەرێنی خودی خۆی بکات، زۆر ئاسانە هەر تاکێک بە خودی خۆی بڵێت کارێک هەیە، کە زۆر زەحمەتە بتوانم تێیدا سەرکەوتوو بم، یاخود بڵێیت شارەزاییەکی ئەوتۆم نییە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبم، لە ڕاستیدا پێویستە هەوڵ بدەین و کات بەفیڕۆ نەدەین بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی هەمانە بتوانین تێیدا سەرکەوتوو ببین. نووسەری بەناوبانگ ( دیباک شۆپرا) هەشت خاڵی سەرەکی داناوە بۆ بەهەدەردانی کات، کە ئەمانەن:-

١- بوونی دڵەڕاوکێ بۆ داهاتوو.
٢- بەردەوام بیرکردنەوە لە ڕابردوو.
٣- پەشیمانی لە هەڵەکانی پێشووتر.
٤- دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشووتر.
٥- پێشبینی کردن، کە بەیانی چی ڕوودەدات.
٦- پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا.
٧- بیرکردنەوە لە چوارچێوەی ئەوەی، کە هەموو شتێک لە سنووری کاتێکی دیاریکراو دایە.
٨- بەرگریکردن لە گۆڕانکاریدا.

پێویستە مرۆڤ ئەو ترسە لە مێشکی خۆی دەربکات، کە سەرناکەوێت، هەر مرۆڤێک لە ژیانیدا هۆکارێکی هەبووە، کە سەرنەکەوتووە، ئەمەش بووەتە ئامانجێک بۆ ئەوەی بە سەرکەوتن هەوڵ بدات، بۆیە پێویستە کارێک بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی هۆکارەکان تاکو بگەیتە دەرئەنجامێک و پێویستە سەرلەنوێ هەوڵ بدەیت، کە متمانەی زیاترت بەخۆت هەبێت، چونکە مەرج نییە هەموو کاتێک ئەو هەوڵەی دەیدەین، کە سەربکەوین ئەو ئەنجامەمان دەست بکەوێت، کە خۆمان مەبەستمانە، بۆیە پێویستە باوەڕمان بەخۆمان هەبێت ئەو کارانەی، کە دەیکەین ئەنجامەکەی هەر جۆرێک بێت، هەموو توانایەکمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی داهاتوومان بگۆڕین و سەرکەوتوو بین، پێویستمان بە لێکۆڵینەوە هەیە تاکو ڕووبەڕووی هەموو ئەستەمەکان ببینەوە و بە هەموو توانایەکمان کاربکەین تاکو بتوانین ئەو ئامانجەی هەمانە بتوانین بەدەستی بهێنین و سەرکەوتوو بین.

### ڕێبەری سەرکەوتن.

زۆرێک لە ڕێبەرەکان بیرۆکەی جۆراوجۆریان پێشکەش کرد سەبارەت بە سەرکەوتن، هەریەکەیان هێلکارییەکی ڕێپیشاندانی جۆراوجۆری دروستکرد بۆ ئەوەی، کە مرۆڤ چۆن بتوانێت سەرکەوتوو بێت، بنچینەکان بەم شێوەیە بوون:-

١- پێویستە لە شوێنی گونجاو بیت.
٢- پێویستە لەگەڵ کەسانی گونجاو بیت.
٣- پێویستە بۆ کاتی گونجاو ئامادە بیت.
٤- پێویستە بەهێز و چالاک بیت.
٥- پێویستە کەرەستەی گونجاوت هەبێت.
٦- بیرکردنەوەی دروستت هەبێت.
٧- توانایەکی تەندروست و گونجاوت هەبێت بۆ زانین.



م. سەوزە سەعدی سەعید
مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر



٨- قسەکانت گونجاو بێت.
٩- ئەنجامی باش بەدەست بهێنیت.

### ئەلف و بێی سەرکەوتن

١- پرسیار لە خودی خۆت بکە، کە سروشتی ئەو کەسایەتییە چۆن بێت، کە دەتەوێت.
٢- ئەو کەسە بە، کە خودی خۆت دەتەوێت، بەپێی توانات بە باشترین شێوەبە، کە خۆت دەتەوێت.
٣- هەموو سەرکەوتنەکانت جێبەجێ بکە، کە هاوکارت دەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی تر.
٤- پشت لە رابردوو بکە و سەیری داهاتووت بکە.
٥- بزانە چۆن گۆڕانکاری لە خودی خۆت دەکەیت.
٦- لە هەموو شوێنێک بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێ.
٧- هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنە، کە شایەنی.
٨- لە ژیانێکی خۆشدا بژی، کەسانی دەوروبەرت بەشداری پێبکە.
٩- هەموو کاتێک هەست بکە سەرکەوتوو و بەختەوەریت.
١٠- هەر شتێک رووبدات لە ژیاندا رەشبین مەبە.
١١- هەموو کاتێک وابزانە، کە کەسێکی باشیت.
١٢- لە ترس و دڵەڕاوکێ خۆت دەربازبکە.
١٣- هەموو رۆژێک کەسایەتی خۆت باش بکە و پێداچوونەوە بکە بۆ باشتر بوون.
١٤- هیچ کاتێک بەلاوازی سەیری تواناکانی خۆت مەکە.
١٥- خەم و ئازارەکانی رابردووت لەبیر خۆت بەرەوە.
١٦- ئەو کەسانە دڵخۆش بکە، کە چاودێریان دەکەیت.
١٧- لە هەموو شتێک ئازاد و خاوێن بە.
١٨- هەموو کاتێک پێداگری بکە، کە ژیانت گەیشتۆتە لوتکە.
١٩- پێبکەنە و بەختەوەری بۆ دەوروبەرەکەت بڵاوبکەوە.
٢٠- لەو گۆڕانکاریانە تێبگە، کە لە دەوروبەرت روودەدات.
٢١- هەموو کاتێک زانیاریەکان بە بەڵگەوە بڵاوبکەوە و لە ڕاستییەکان دڵنیاببەوە.
٢٢- هەموو کاتێک هۆشیار و گەشبین بە.
٢٣- هەموو ڕاستییەکان بدۆزەرەوە و بەدواداچونیان لەسەر بکە.
٢٤- خۆت دەزانیت تا چەند لە تواناتدا هەیە، کە کار بکەیت.
٢٥- تیشک بخەرە سەر خاڵە بەهێزەکانی خۆت.

**پێویستە مرۆڤ ئەو ترسە لە مێشکی خۆی دەربکات، کە سەرناکەوێت، هەر مرۆڤێک لە ژیانیدا هۆکارێکی هەبووە، کە سەرنەکەوتووە...**

# بازاڕی قەیسەری هەولێر



هەولێر یەکێکە لەو شارانەی، کە بەدرێژایی مێژوو ژیانی تێدابووە و خەڵکی تێدا ژیاوە، یەکێک لە نیشانەکانی شاری پێشکەوتووش بوونی بازاڕ و بازرگانییە، بازاڕی قەیسەری لە هەولێر، دەکەوێتە خواروی ڕۆژئاوای قەڵا، ئەو تایبەتمەندیەی بە شارەکە بەخشیوە، کە وەک شوێنێکی گرنگی بازرگانی دەردەکەوێت، لە کۆن و ئێستاشدا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کەل و پەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، شوێنی ئەو بازاڕەش زیاتر گرنگ بووە بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، لەکاتی ئێستادا وەک شوێنێکی شوێنەواری کەلەپووری ناو شاری هەولێرە شان بەشانی شوێنەوارەکانی تری دەورووبەری وەک قەڵا و منارە و خانووە کەلەپوورییەکانی گەڕەکەکانی (عەرەبان، خانەقا، سەعدوناوە و تەعجیل)، کە پارێزگاریان کردوە لە شێوازی دروست کردن و بیناسازی خۆیان.

هەولێر بەدیاریکراویش لە سەردەمی سوڵتان (موزەفەرەددین کەوکبری) فەرمانڕەوای هەولێر لەماوەی ساڵانی (586-630 کۆچی 1190-1232زاینی) بەهۆی ئەو سەقامگیریە سیاسییەوە پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لەم ماوەیەدا چالاکی بازرگانی گەشەی سەندوە و گەیشتۆتە ئەوپەڕی باشی و وایلێهات شاری هەولێر بازرگانی دەکرد لەگەڵ وڵاتە دوورەکان.

هەر بۆیە دروستکردنی یەکەم بازاڕ لەلایەن سوڵتان موزەفەرەدین لە شاری هەولێر بە ناوی (القيصرية – القيسارية) کە (ياقوت حموي و ابن المستوفي اربيلي) باسیان کردوە کە مەبەستیان ئەو دووکان و بازاڕانە بووە دەکەونە ژێر قەڵاوە.

یەکەم قەیسەری، کە موزەفەرەدین دروستی کردوە (ابن المستوفي اربيلي) باسی کردوە لە ساڵی (595 کۆچی- 1174 زاینی) بووە لە تەنیشت بازاڕی قەیسەری چەند بازاڕێکی تر هەبووە، بۆ نمونە بازاڕی سفرەچییەکان، بازاڕی ڕەژوو، هەروەها بازاڕی مەزادخانە (دەڵاڵخانە)، پاشماوەی ئەم بازاڕانە لە ئێستادا نەماوە.

بازاڕی قەیسەری لە نێو جەرگەی شاری هەولێر بووە، بریتی بووە لە چەند دوکانێکی لەناویەک، کە هەریەکەیان تایبەت کراوە بە فرۆشتنی جۆرە کاڵایەک، بەڵام هەندێک لەم دوکانانە تێکدراون بەهۆی گەشەکردنی شاری هەولێر، یان هەندێکیان مەترسی ڕووخانیان هەبووە. جگە لەو بازاڕانەی، کە (ابن المستوفي اربيلي) باسی کردوە لە شاری هەولێر چەندەها بازاڕی تر هەبووە، بەڵام (ابن المستوفي) لە جارێک زیاتر باسی بازاڕی سفرچییەکانی کردوە، ئێستاش قەیسەری کۆمەڵێک بازاڕی تێدایە وەک بازاڕی خەیاتەکان و بازاڕی قوماش فرۆش و دارتاش و ئاسنگەر و لباد دروستکەر و فەرش ڕایەخ و سەراج و ئاڵتون فرۆش و چەغماغچي و **قصاب** و ......هتد.

سەبارەت بەو قەیسەریەی، کە ئێستا وەک بینا ماوە لە شاری هەولێر، ئەم قەیسەریە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی



**بارزان رشيد محمد**
مامۆستا لە پەیمانگەی تەکنیکی خەبات



سالانی (1231-1232 کۆچی) بەرامبەر بە (1811-1812 زاینی)، کە تەمەنی زیاتر لە (200) ساڵ دەبێت، ئەم قەیسەریەش بیرۆکەی دروستکردنی لەلایەن (حاجی قادر دەباغ) بووە ئەویش کاتێک سەردانی ماڵی خودای کردوە، بۆ بە جێهێنانی فەریزەی حەج، لە گەڕانەوەی بە وولاتی شام داهاتۆتەوە سەردانی هەریەک لەشارەکانی (حەلەب و دیمەشق) ی کردوە، کە قەیسەری لێ هەبووە، بۆیە بیرۆکەی دروستکردنی قەیسەری هەولێر بۆ ئەم قەیسەریانەی وولاتی شام دەگەڕێتەوە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین جیاوازیەکی کەم هەیە لە مێژووی دروستکردنی قەیسەری هەولێر و ئەو قەیسەریانە،ی کە لە ولاتی شام دروست کراون (سوریا)ی ئێستا، بە تایبەت هەردوو بازاڕی (حمیدیە و مدحت پاشا) لە شاری دیمەشق، کە مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی سالانی (1780-1784زاینی). بیرو بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت: ئەم قەیسەریەی شاری هەولێر مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی سالانی (1820-1830زاینی)، کە لەلایەن هەمان بنەماڵەی دەباغەکان دروستکراوە، بەڵام ئەگەر سەیری لایەنی تەلارسازی ئەو قەیسەریە بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ قەیسەریەکانی تری شارەکانی کوردستان و عێراق ئەوا دەبینین، کە شێوازی دروستکردنیان وەک یەکە یان نزیکە لە یەکەوە وەک قەیسەری کۆیە، کەرکوک و **موصل**، قەیسەریەی شاری هەولێر پێکدێت لە شێوەیەکی لوولەیی، کە بریتییە لە مەمەڕێکی درێژکۆلە، ئەم مەمەڕەش سەقفەکەی داپۆشراوە بەشێوەیەکی لانکی یان (نیوە بازنەیی)، ئەم مەمەڕەش پێکدێت لە دەیان دووکان، کە دابەش کراوە بەملاو بەولای مەمەڕەکانەوە، ئەم دووکانانەش لە ڕووی قەبارە و پێوانەکانیانەوە جیاوازن، هەندێکیان گەورەن و هەندێکیان بچووک، لە ڕووی پێشەوەی ڕووخساری ئەم دووکانانە وەک تاقێکی نیوە بازنەیی کراوە دەردەکەوێت، لە بنمیچەی ئەم مەمەڕانەی بازاڕی قەیسەری بە درێژایی کۆڵانەکان چەند تاقێکی بچووکی شێوە لاکێشەیی و چوارگۆشەیی دروستکراوە، کە لە زمانی کوردی پێی دەڵێن (کلاو ڕۆژنە)، ئەمەش بەکار دێت بۆ مەبەستی ڕووناکی هەوا گۆڕکێ لەنێو مەمەڕەکانی قەیسەری.

ئەم بازاڕەش بەشێوەیەکی لەناویەک دروستکراوە، پێکدێت لە چەند کۆڵانێکی جیاواز، ئەم کۆڵانانەش بەهۆی چەند فەرعێکەوە پێک دەگەیەنرێ، ئەم فەرعانەش بە شێوەی عەقدێکی نیوە بازنەیی دروستکراوە، کە مەمەڕێکی کورت پێکدەهێنێت، درێژییەکەی (5,30م) پانییەکەی (2,85م) سەقفەکەی لە شێوەی لانکی دروست کراوە.

قەیسەریەی شاری هەولێر چەند دەروازەیەکی سەرەکی هەیە، کە ژمارەیان چوار دەروازەیە، لەگەڵ سێ دەروازەی لاوەکی، کە بەکار هاتوون بۆ مەبەستی چوونە ژوورەوە و پارێزگاریکردن لە دووکانەکان، ئەم دەروازانەش دەرگاکانیان لە دارو و ئاسن دروستکراوە، کە هەندێکیان تاوەکو ئێستاش هەر ماون.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین، کە بازاڕی قەیسەری هەولێر لە ساڵی (٢٠١٠) لە لایەن پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی سەردەمیانە و پارێزگاریکردن لە مێژوو و شوێنەواریەکەی نۆژەنکراوەتەوە.

**ئەو قەیسەریەی کە ئێستا وەک بینا ماوە لە شاری هەولێر، ئەم قەیسەریە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی سالانی (١٢٣١-١٢٣٢ کۆچی) بەرامبەر بە (١٨١١-١٨١٢ زاینی)، کە تەمەنی زیاتر لە (٢٠٠) ساڵ دەبێت...**

# دیداری کادرە ئەکادیمی و کارگێڕییەکانی زانکۆ

لەدیمانەیەکی پڕ لەخزمەتی زانست و زانیاری بەتوێژی قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆمان، بەپێویستمان زانی بچینە خزمەتی بەڕێز (**پرۆفیسۆر دکتۆر میرین حەسەن**)، کە ناوێکی دیارە لەنێو خزمەتی زانستی ئەندازیاری و کارگێڕی و پێگە و پلەی زانستییەکان، کە خاوەن خزمەتێکی زۆرە و یەکەم پرۆفیسۆری زانکۆمانە، بۆیە وەک ستافی پۆلیتەکنیک مەگەزین لەنزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

**دیمانە: شاخەوان رضا**



پ . د . میرین حسن فهمی رشید

**کاک دکتۆر سەرەتا بۆ خوێنەران خۆت بناسێنە؟**

من پ.د. میرین حسن فهمی رشید، لەدایکبووی شاری ئاکرێم ساڵی 1963، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆم لەشاری هەولێر تەواو کردووە.

**دەرچووی چ زانکۆیەکی و باسێکی بەدەستهێنانی بڕوانامەکانیشت بکە بۆمان؟**

دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی ئەندازیاری شارستانیم لەساڵی 1986 بەپلەی ئیمتیاز و تێکرای نمرەی 65 .92٪، لەساڵی1989 بڕوانامەی ماستەرم بەدەستهێناوە لەهەمان زانکۆ و هەمان بەش بەتێکرای نمرەی 09 .89٪ ، لەساڵی 1998 بڕوانامەی دکتۆرام بەدەستهێناوە لەزانکۆی بەغدا / کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی ئەندازیاری شارستانی، بەتێکرای نمرەی 3 .89٪ کۆرسات ، 90٪ ئیمتیاز لەتێزی دکتۆرا.

**ئەی یەکەم دامەزراندت کەی و لەکوێ بوو وەک مامۆستا؟**

یەکەم دامەزراندنم لەپەیمانگەی تەکنیکی کوت بوو لەساڵی 1990 دەست بەکاربووم لەوانەوتنەوە، پاش ڕاپەرینی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاتمەوە بۆ کوردستان و لەکۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین دەست بەکاربووم ساڵی 1992.

**کەی هاتیتە خوێندنی تەکنیکی؟**

ساڵی 2003 دەست بەکاربووم لەدەستەی فێرکردنی خوێندنی تەکنیکی / پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، تا ساڵی 2004 دەست بەکاربووم وەک سەرۆکی لقی بیناسازی لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، کاتێک ساڵی 2004 کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر دامەزرا، تێیدا دەست بەکاربووم وەک سەرۆک بەشی بیناسازی و پاشان ناوی گۆڕا بۆ بەشی شارستانی و تا ساڵی 2012، ڕەزامەندی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانمان بەدەست هێنا بۆ دەرچووانی کۆلێژەکەمان، هەروەها ساڵی 2012 دەست بەکاربووم وەک سەرۆک بەشی ڕێگاوبان لەکۆلێژەکەمان، پاش دامەزراندنی ئەو بەشە و وەرگرتنی قوتابیان، بەشداریم کرد لەدامەزراندن و ڕێکخستنی بەشی سیستەمی زانیاری لە کۆلێژەکەمان.

**جگە لە سەرۆک بەشی ش ئەرکێکی ترت هەبووە لە زانکۆ؟**

ساڵی 2015 تا ساڵی 2019 دەست بەکاربووم وەک ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر و کاری زۆرمان کرد بۆ دامەزراندنی چەندین تاقیگە و خزمەتی زیاتری کۆلێژ .

**لەسەرەتای دامەزرانەوە تا ئێستا لە چەند بەش وانەت وتۆتەوە؟**

لەیەکەم دامەزراندنمەوە لەساڵی 1990ەوە تائێستا زۆربەی وانەکانی پەیمانگەی تەکنیکی کوت و هەولێر لەبەشەکانی ڕوپێوی و ڕێگاوبان و بیناسازیم وتۆتەوە، لەکۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر لەقۆناغەکانی یەک و دوو و سێ و چوار وانەم وتۆتەوە.

**ئەی لە بواری سەرپەرشتی کردنی پڕۆژە و نامەی ماستەر و دکتۆرا؟**

بەڵێ تا ئێستا سەرپەرشتی چەندین پڕۆژەی دەرچوون لە پەیمانگە و کۆلێژ، هەروەها سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرام کردووە لە کۆلێژەکان و وانەی خوێندنی باڵام بۆ ماستەر و دکتۆرا ئامادەکردووە، بەشداری چەندین لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکانی ماستەر و دکتۆرام کردووە لە کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستان، لەساڵی 2003 ەوە تائێستا بەشداری چەندین لیژنەی کارگێڕی و زانستیم کردووە لە پەیمانگە و کۆلێژەکانی زانکۆکەمان، بەتایبەتی لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و تا ئێستاش کاردەکەم وەک سەرۆک لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستایان و

مامەڵەی چەندین مامۆستامان تەواوکردووە بۆ پلەکانی مامۆستا و پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر.

**دکتۆر گیان باسێکی بەدەسهێنانی نازناوە زانستییەکانیشت بکە بۆمان؟**

لە 1990/9/1 نازناوی مامۆستای یاریدەدەرم وەرگرتووە لە پەیمانگەی تەکنیکی کوت.

لە 1993/9/5 نازناوی مامۆستام وەرگرتووە لەکۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین.

لە 2003/10/18 نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەرم وەرگرتووە لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر.

لە 2009/10/18 نازناوی پرۆفیسۆرم وەرگرتووە لەکۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر، وەک یەکەم پرفیسۆر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

**لەگەڵ توێژینەوە بڵاوکردنەوە پەیوەندیت چۆنە ؟**

تائێستا زیاتر لە90 توێژینەوەم بڵاوکردۆتەوە لەگۆڤارەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

**ئامۆژگاریت چییە بۆ قوتابیان تا بگەن بە پلە بەرزەکانی زانستی؟**

ئامۆژگاریم ئەوەیە بۆ قوتابیانی زانکۆ زیاتر بایەخ بدەن بە خوێندنی وانەکانیان و بە پلەی بەرز دەربچن و درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن دوای دەرچوون بۆ بەدەسهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا.

**سیستەمی خوێندنی نوێی زانکۆمان چۆنە بەلای بەڕێزتان؟**

سیستەمی خوێندنی نوێ ECTS گرنگە بۆ زانکۆمان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆمان و پەیوەندی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی جیهان و پێشخستنی زانکۆ لەڕیزبەندی زانکۆ جیهانییەکان، بەلاّم ئەو سیستەمە (سیستەمی کۆرسات) ماوەی خوێندنی کەمە و ژمارەی بابەتەکان کەمە، مامۆستا ناتوانێت بە باشی وانە بڵێتەوە لەبەر کورتی کات، بەلاّم لەسیستەمی ساڵانە (سنوی) کاتی وانە وتنەوە زۆرتر بوو واتا کاتی زیاتر هەبوو لەبەردەم مامۆستا.

**دەستەی فێرکردنی تەکنیکی پێشان و زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێری ئێستا چی پێ بەخشیوی؟**

لەماوەی کارکردنم لەساڵی 2003 ەوە، کە تا ئێستا کاردەکەم لەدەستەی فێرکردنی تەکنیکی پێشتر و زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ئێستا، زۆر سوودم وەرگرتووە لەو زانکۆیە لە هەریەک لە بوارەکانی زانستی و کارگێڕی و وانەوتنەوە و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ستافی زانکۆ لە (فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابیان)، هەروەها پلە زانستییەکانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆرم لەو زانکۆیە وەرگرتوو، بۆیە من قەرزاری ئەو زانکۆیە و ستافەکەیم و هەتا تەمەنم ماوە خزمەتی ئەو زانکۆیە دەکەم.

**ئامۆژگاریت چییە بۆ مامۆستا لاوەکان کەتازە دێنە بواری وانەوتنەوە؟**

هەر مامۆستایەک کەپلەی زانستی بەدەست دەهێنێ دەبێت ئەرکی ئەو پلە زانستییە وەربگرێت و مامۆستا، کە پلەی پرۆفیسۆر وەردەگرێت دەبێت زیاتر هەوڵی زانستی بدات و توێژینەوە بڵاوبکاتەوە و بەشداری بکات لە پرۆسەی وانەوتنەوە و سەرپەرشتی کردنی نامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا).

**بەدەستهێنانی بڕوانامە باڵاکان و پلە جیاوازەکانی زانستی گرنگیان هەیە بۆ ڕەوتی زانست و پێشکەوتنی وڵات ؟**

بەڵێ بەدەسهێنانی بڕوانامەی زانستی وەک (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) و پلەی زانستی وەک (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر) زۆر گرنگن بۆ پێشکەوتنی وڵات، قوتابیان دەبێت هەوڵی زانستی زۆر بدەن بۆ گەیشتن بەو پلە زانستییانە و بەشداربن لە پێشکەوتنی زانکۆ و ووڵات.

**پێت وایە مامۆستا دوای خانەنشینی بوونی گرنگە هەر بەردەوام بێت لە خزمەتکردن زانست و زانیاری؟**

بە دڵنیاییەوە، مامۆستای زانکۆ دوای خانەنشین بوونیشی گرنگە و دەبێت هەر بەردەوام بێت لە کاری زانستی و وەرگرتنی زانست و خوێندن و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی، چونکە مرۆڤ تا تەمەنی ماوە هەر بەقوتابی هەژمار دەکرێت.

**کاک دکتۆر وتەی کۆتایی چییە ؟**

لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ستافی زانکۆ لە فەرمانبەر و مامۆستایان و بەڕێزان سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرانی و ڕاگرەکان دەکەم، هیوادارم پەیوەندی باشمان هەبێت لەگەڵ هەموو ستافی زانکۆ و هەر لە خزمەتیان ئامادە دەبم.

## کورتە چیرۆک:

# سەرێکم لە دۆزەخدا..



**هێمن حەساری**
**بەڕێوەبەری نووسین**
**قوتابی ماستەر ـ میدیا**
**کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی**

بەئاسپایی بەرەو هۆڵەکە هەنگاومان دەنا، مـن شـەقاویک لـەدوای ئـەوەوە لەڕێڕەوەکە دەڕۆشـتم. لەخۆمەوە دڵەخورپەیەکم گرتبوو، دەتگوت بە سـەد کەس راویـان ناوم.. هێندە سـەیربوو رێڕەوەکە خووی بە بێدەنگییەکەوە گرتبوو، و پـەردە تاریکەکانی پەنجەرەکانیش هەموویـان دادرابوونـەوە، بۆیـە ئـەوێ بـە ئێوارانێکی شێداری درەنگ دەچوو..

خرۆشان نەبوایە، خۆم بە ئاوێزان و حەزی چاوبرکێی خەمـم نەدەکرد، بەڵام کە پێکەنین هەیە، دەمویست بزانم لەو ساتەدا گریان بۆ وا رەگـی بەنێـو زەویدا داکوتـاوەو بازاڕی لە دڵخۆشەکان گەرمترە..

کە دەڕۆشـتین لە رێڕەوەکەدا، تەنها گوێم لـە خشـپەی پێـی هەردووکمان بـوو.. هەزار خەیاڵ بردمیەوە کە هەموو وێنەی دروستکراوی نـاو هۆڵەکەبوو، هەر جارەو بەچەشـنێک ناو هۆڵەکـەم لەخەیاڵـدا وێنـا دەکـرد.. لەناکاو دکتۆر بەدەستی راستی پاڵی بەدەرگایەک ناو جیرڕەی دەنگی دەرگا بەشـی بێدەنگی هەموو ناو رێڕەوەکەی کرد..

دەزانن مرۆڤ خۆی تاقیگەیەکی سـەیرە، هەر ئەوەندە بڵێن دەچیتە تاریکسـتان، ئیدی راسـتەوخۆ هەمـوو دونیـا لەبەرچـاوت جلی تارکی دادەپۆشـێ، کە دەچیتـە ژووانێکیش، دڵ لەخۆیـەوە لـە جەسـتە دەردەچێت و باڵ دەگرێت و پێش تۆ بەسـەماوە دەگاتە دیدەنی یارو لێـو لەخۆیەوە یەکتـر ناگرێت و چاویش دەکەوێتە ملەلەقە..

دکتۆر کە دەرگاکـەی هۆڵەکەی پاڵناو لە پێش منەوە چووە ژوورەوە، منیش جارێ هیچم لێ دیـار نەبوو و چاوەڕێم لـەدوای دکتۆرەوە منیـش هەنگاو بنێم و بچمـە ژوورەوەو بگەمە وێستگەی نێوان ژیان و مەرگ..

ژیـان، خۆ ئەگـەر تروسـکایی و خەندەی لـێ برا، هەگیز جارێکی دیکەی مەیل بەڕەنگی سـەوز ناکات و ناژێتەوە، رەنگە بەلاتانەوەئەم پێناسـەیە رەشـبینی بێت، بـەڵام ئەوەتا من ئـەو ژوورە دەبینم، گەر لەتـۆش دیار دەبوو، هەمان هەسـتت بۆ دروسـت دەبو، لێـرە ژیان یەکسـانە بە سـفر، لێرە تەرازوویـەک نابینی هاوسـەنگ بێ، لێرە دوا نـوزەو هاوارەکانیش لەگەڵ لەدایکبووندا کەس گوێبیسـتیان نابێ و خێرا دەمرنەوە..

هـەر لەگەڵ یەکـەم هەنـگاودا، قاچەکانم زوو شـل و مت بوون و وەکو منداڵێکی ورکنە هەنـگاوی نەدەنا، دڵم خورپەکانی زیاتر دەبوو و هەسـتم بە هەناسـەتەنگی دەکرد، ژوورەوە لەڕێڕەوەکـە تاریکتـر دەهاتـە پێـش چاوم و هـەوای ناو ژوورەکەش بڕەک فێنکتر بە بەراود لەگەڵ رێڕەوەکە هەست پێدەکرا، دواتر خۆم لەناوەندی هۆڵەکە بینیەوە..

بەچوار دەوری خۆم سـەرم گێـڕا، هەموو لایەک هـەر وەک یەک وابوو، جێ پێی مەرگی ئەوێ رۆژێ و دوێنێ و ئێستا و سبەینێشی لێ دەچـڕا، دەزانن هەندێجار ژیان ئەتک دەکرێت و دەبێتـە تارمایی و بۆ خۆی لە مەحشـەرێک دەچێت..

لـەژوورەوە، بە پچـڕ پچڕی و بەکزی و بێ تاقەتـی دەنگی (ئـاه ه ه)ێک ویژدانی مرۆڤی وێران دەکـرد، نەمدەزانی ئەو دەنگە جەرگبڕە ئێمەی دیووە ئاخۆ بانگی لای خۆیمان دەکات، یاخـود ئەو هەر ئـاگای لەهاتنـی ئێمەو بگرە لەخۆشی نییە، لەهەمووی سەختر بۆن ساردی و کروزێکی سـووتانی جەستەی مرۆڤ بوو کە کاسـی دەکردی.. ئەوەتـا ئێرەیە دۆزەخی بێ گوناهەکان..

هۆڵەکە زیاتر چوارگۆشەیەکی بۆیاخ تەڵخی نادڵگیربوو، هەر لایەکی سێ قەرەوێڵەی سپی چڵکنـی پـڕ لـە چیرۆکـی تراژیدی لـێ بوو، هەنـدێ لەقەرەوێڵـەکان چۆڵ و هـۆڵ بوون و هەندێکیشیان بە تووڵێکی نارون وەکو پەردە

داپۆشــرابوون.. مــن لەدوای دکتــۆرەوە بووم و نوتقــم گیرابوو، تا ئەو بەدەســتی راســتی توولی یەکێ لە قەرەوێڵەکانی لاداو بەســەری ئاماژەیەکــی بــۆ کــردم کە تەماشــای بکەم، منیش ســەرم بەمــلاو بــەولادا دەجولاند، تا راکشاوی سەر جێگەکە ببینم..

کەســێک درێژکرابــوو، هەموو لەشــی بە شاشــێک پێچرابــوو، هەنــدێ جێــی زەردباوی مەڵهەمێکــی گرتبــوو.. نوزە نوزەکــە لەوەوە دەهــات، بەڵێ ئەوبوو، منیش حەپاســبووم و چاوەکانم زەق زەق تەماشام دەکرد و هیچیشم نەدەبینــی. دکتــۆر ئاورێکی لێ دامــەوەو بە ئاسپایی شتێکی گوت، منیش بێ ئاگا لەو کە نەمدەزانی چی گوت!!

– گوتم: چۆن؟؟

– ئەویش ســەری هێنایــە لای گوێم و بەئاســپاییەوە گوتی: ئەڵێم ئەمە فررســەتە، دەرفەتی ژیانیشی زۆر کەمە..

– فرسەت کێیە؟

– ئــەم کچەیــە، دوێنــێ هێنایانــە ئێرەو ســووتان هەموو جەســتەی گرتۆتەوە، سووتانەکەشــی زیاتر پلەی ســێیە، واتە زۆر خەتەرە و کەسیشی لانییە..

– چۆن؟ ئەی کێ هێنایە ئێرە؟

– دوێنێ بە سەیارەیەک هێنایان و بە پاساوی هێنانی هەندێ شت و مەکی پێویست رۆیشــتن و گوتیان دەگەڕێینەوەو ئێستاشــی لەگەڵــدا بێــت نەگەڕاونەتەوە! هــەر لەوانیش زانیمان کە ناوی ئەم کچە (فرسەت)ە..

بەوە دەچوو پێش ئەوەی فرســەت بگاتە ســەر ئەم قەرەوێڵەیــە کە بە تاتەشــۆر نەبێ لــە هیچــی تر نەدەچوو، بۆ خــۆی بە ئاونگی بەرەبەیانــی ســەر گوڵــە جوانــەکان بچێــت و خەنــدەی لــێ ببارێــت.. پێ دەچــوو ژیان تــازە لای ئــەم گروگاڵــی کردبێ و هــەزار و یــەک خەونی رەنگاو رەنگــی پێش هەڵوەرین هەبووبــێ، پێ دەچــوو نازدارێکی جوانکیلەی لادێیەکەیان بێت، پێ دەچوو خان و مان و پڕ هیواو ئاوات خۆشــی بووبێ، ئێستاش بەهاری عومریان بە تۆپزی زۆر لێ کورت کردەوە..

دکتۆر دوو ســێ جار بانگی کرد: فرسەت، فرسەت،.....

کەچی فرســەت بێ ئاگا لەو بانگکردنەش، ئــەو خەریکــی پێچانەوەی بوخچــەو بارەگەی خــۆی بــوو بــەرەو مەملەکەتــی مــەرگ و رزگاربــوون، ئەو هێند پەلــەی بارکردنی بوو، بۆیە بواری ئەوەشی نەبوو ئاوڕ لەبانگکردنیشی بداتەوە..

فرسەت، فرســەتی ژیانی کەمەو وا بەدەم ئاه و نوزەکانییەوە ئینشــایەک دەنووسێتەوە کە وشەکانی هەموو مایەی ریسواییە بۆ زۆرێک بەناو مرۆڤەکان.. ئەو بێ خەبەر لەگیانی خۆی، بەڵام نوزەکانی نۆتەیەک بوون کە تاکو ئێستا بــەو روونییە گوێم لەهیچ نۆتەو تۆنێک نەبووە وا بە روونی بێتە قسەکردن و بێ گەردی خۆی بەحەیرانێکی حەسرەت ئامێز بڵێتەوە..

مــن لەبــەر فرمێســک، نەمدەتوانــی هیچ شــتێک بکەم و هەرگیز ئەوەنــدە خۆم بە بێ دەســەڵات نەهاتۆتــە پێش چاو.. ئــاە ە ێک کــە تامــردن لەگوێچکەم بێدەنــگ نابێ و هەر دووبارە دەبێتەوە، ئاه لە زوڵم و بودەڵەیی و ناعەدالەتی زۆربەمان..

فرســەت تەنهــا بەو نــوزە نوزەیــەوە لای ئێمــە مابــوو، دەنا دەمێــک بــوو هەڵفڕیبوو، رۆحی لەگەڵ باڵندەکان قەتارەی کردبوو، ئەو ببــووەوە کازیوەی بەرەبەیانی ســەر مێرگ و گوڵەکانی هەموو دەڤەرەکەش..

ئیــدی من خــۆم پێنەگیراو بــە پەلە پەل بــەرەو دەرگاکە هەنگاوی مردووئاســام دەناو، نازانم چەندێک دوای من فرسەت لەو وێستگەیە مایــەوەو کــەی ئەم دنیا پــڕ مەینەتیەی پڕ زوڵمەی بە جێهێشت..

هەموو ماوەیەک فرســەت ئاسایەک دێت و لەو مەنزڵگایــە هێندێک دەمێنێتــەوەو لەگەڵ ئۆغــر زوو دەبێتە هــاورێ و ئیدی قەرەوێڵەکە جارێکــی دیکــە چــۆڵ دەبێتــەوە.. ســووتان رێیەکی قوتاربوونە لای ئەوان و لای باوانیشیان تا ئێســتا نازانم چییان ناو ناوە.. (فرســەت) ەکان، فرســەتی ژیانیان زۆر لە کیس چووە.. ئێمەش بێئاگا لە ناڵەی و ئاهی ئەوانین..

**هەر ماوەیەک فرسەت ئاسایەک دێت و لەو مەنزڵگایە هێندێک دەمێنێتەوەو لەگەڵ ئۆغر زو ودەبێتە هاوڕێ و ئیدی قەرەوێڵەکە جارێکی دیکە چۆڵ دەبێتەوە، سووتان رێیەکی قوتاربوونە لای ئەوان....**

# مێدیتەیشن ڕێگەیەکی سادە و خێرا
# بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی



وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:
شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی
قوتابی قۆناغی یەکەمی تەکنیکی میدیا

ئەو فشارەی، کە بە درێژایی ڕۆژ بەدەستیەوە دەناڵێنیت، دەتوانیت لە ڕێگەی مێدیتێشن ئارامی بە جەستە و دەروونت بدەی، فێربە چۆن بە ئاسانی مێدیتەیشن مەشق بکەیت کاتێک زۆرترین پێویستت پێیەتی. ئەگەر هەستت بە دڵەڕاوکێی و سترێس و توڕەیی کرد، هەوڵبدە چەند خولەکێک مەشق کردن بکە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە یارمەتیت بدات هەست بە هێمنی و ئارامی ناخت بکەیت.

پێویستە ئاماژە بەوە فبکرێت هەموو کەسێک دەتوانێت مەشقی مێدیتەیشن بکات، وەرزشێکی دەروونی سادە و ئاسانە، پێویستیشی بەهیچ ئامێرێکی تایبەت نییە، لە هەر شوێنێک بیت چ لە دەرەوە، کە بە پێ دەڕۆیت، یان لەنێو پاس بیت، یان لە نووسینگەی پزیشکی لە چاوەڕوانی نۆرە بیت، یاخود تەنانەت لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەیەکی بازرگانی جددیشدا بیت دەتوانیت مەشقی خۆت بکەیت.

## تێگەیشتن لە مێدیتەیشن

مێدیتەیشن پراکتیزەیەکی کۆنی هەزاران ساڵ لەمەوبەرە، لە سەرەتادا مەبەست لێی یارمەتیدان بوو بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە هێزە پیرۆز و شاراوەکانی ژیان، بەڵام لەئێستادا مێدیتەیشن بە شێوەیەکی باو بۆ حەسانەوە و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی بەکاردەهێنرێت. مێدیتەیشن جۆرێکە لە تەواوکاری پزیشکی، کە دەروون و جەستە تێکەڵ دەکات، دەتوانێت دۆخێکی قووڵی حەسانەوە و هەستکردن بە ئارامی دروست بکات.

لەکاتی مێدیتەیشنکردندا، پێویستە مێشکت ساف بکەیت و واز لە لێشاوی بیرکردنەوە و ئاڵۆزی بهێنیت، کە ڕەنگە مێشکت داگیر بکات و هەست بە دڵەڕاوکێی بکەیت، ڕەنگە ئەم پرۆسەیە تەندروستی جەستەیی و سۆزداری پباشتر بکات.

## سوودەکانی مێدیتەیشن

مێدیتەیشن دەتوانێت هەستێکی ئارام و ئاشتی و هاوسەنگیت بۆ دابین بکات، کە دەتوانێت هەم سوود بە تەندروستی دەروونیت و هەم تەندروستی گشتیت بگەیەنێت. دەتوانیت ئەم شێوازە بۆ حەسانەوە و ئارامگرتن و کەمکردنەوەی فشاری دڵەڕاوکێی بەکار بهێنیت بە دووبارە چڕکردنەوەی سەرنجت لەسەر شتێکی تر، کە ئارامی بە دەروونت ببەخشێت، ڕەنگە بۆ تۆ سوودی هەبێت، ئەویش بە فێربوونی تەکنیکیەکان و پاراستنی ئارامی دەروونی.

سوودەکانی تێڕامان یان مێدیتەیشن بە کۆتایی هاتنی دانیشتنەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو دەتوانێت بە درێژایی ڕۆژ یارمەتیت بدات و هەست بە ئارامیی زیاتر بکەیت و بەسەر هەندێک لە نیشانەکانی حاڵەتی پزیشکی زاڵ بیت.کاتێک مەشقی مێدیتەیشن دەکەیت، هەرچی ئەو زانیارییە زیادانەی، کە ڕۆژانە لە مێشکتدا کۆدەبنەوە و دەبێتە هۆی فشاری دەروونیت ئەوا ڕزگارت دەبێت.



**سووده دەروونی و جەستەییەکانی مێدیتەیشن بریتین لە:**

-مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە سترێساوییەکان بە دیدێکی نوێ.

-تواناکانی بەڕێوەبردنی فشار دروست بکە .

-تەرکیز لەسەر ئێستا بکە .

-کەمکردنەوەی هەستە نەرێنییەکان.

-بەرزکردنەوەی ئاستی خەیاڵ و داهێنان.

-ئارامی و لێبوردەیی زیاد بکە .

-کەمبوونەوەی لێدانی دڵ لە کاتی پشوودان.

-کەمکردنەوەی پەستانی خوێن لە کاتی پشوودان.

-باشترکردنی کوالێتی خەو.

**مێدیتەیشن و نەخۆشی**

مێدیتەیشن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت ئەگەر حاڵەتێکی نەخۆشیت هەبێت، بە تایبەت ئەو حاڵەتەی، کە دەتوانێت بەهۆی فشارەوە توندتر بێت.لە کاتێکدا، کە بەشێکی زۆری توێژینەوە زانستییەکان پشتگیری لە سوودە تەندروستییەکانی مێدیتەیشن دەکەن، بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیان وایە ناتوانرێت دەرەنجامێک هەبێت بۆ چارەسەرکردنی



نیشانەکانی هەندێک حاڵەتی خەڵک و یارمەتیدەریان بێت وەک:

-دڵە ڕاوکێ. -تەنگە نەفەسی. -خەمۆکی.

-ئازارە درێژ خایەنەکان. -نەخۆشی دڵ.-بەرزی فشاری خوێن.-نیشانەکانی قۆلۆنی گرژ.

-کێشەی خەوتن.-سەرئێشەی گرژی.

دڵنیابە ڕاوێژ بە پزیشکەکەت بکە سەبارەت بە لایەنە باش و خراپەکانی مێدیتەیشن ئەگەر هەریەکێک لەم حاڵەتانە یان کێشەی تەندروستی دیکەت هەبوو، یان لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە مێدیتەیشن نیشانەکانی پەیوەست بە هەندێک حاڵەتی تەندروستی مێشکت خراپتر بکات.

مێدیتەیشن جێگرەوەی چارەسەرە پزیشکییە تەقلیدییەکان نییە، بەڵام ڕەنگە بۆ چارەسەرییەکانی دیکەت هۆکارێکی زیاتر بەسوود بێت .

**جۆرەکانی مێدیتەیشن**

مێدیتەیشن زاراوەیەکی گشتگیرە بۆ زۆرێک لە شێوازەکانی گەیشتن بە حاڵەتی حەسانەوە، چەندەها جۆری تێڕامان و تەکنیکەکانی حەسانەوە هەیە، کە بنەماکانی مێدیتەیشن لەخۆدەگرێت، ئارامبوونەوەی ناخیش ئامانجی هەموانە .

**تەکنیکەکانی مێدیتەیشن بریتین لە:**

١- مێدیتەیشنی ڕێنمایی کراو، هەندێک جار پێی دەوترێت خەیاڵ یان وێنەی ڕێنماییکراو، ئەو شێوازەی مێدیتەیشنە یارمەتیت دەدات، کە وێنەی دەروونی ئەو شوێنانە یان ئەو بارودۆخانە دروست بکەیت، کە تیایدا هەست بە حەسانەوە دەکەیت.

هەوڵدەدەیت زۆرترین هەست بەکاربهێنیت، وەک بۆنکردن، بینین، بیستن و دەست لێدان، لەوانەیە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ڕێنمایی لە ڕاهێنەر یان مامۆستاکەتەوە وەربگریت.

٢- مێدیتەیشنی مانترا، ئەم جۆرە هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی وشەیەک یان بیرۆکەیەک یاخود دەستەواژەیەکی ئاسوودەیی بۆ ئەوەی سەرقاڵ نەبیت.

٣- مێدیتەیشن و تەرکیزی دەروونی، ئەم جۆرە مێدیتەیشنە لەسەر بنەمای بوونی عەقڵ یان چێژوەرگرتن لەزیادبوونی هۆشیاری و قبوڵکردنی ژیان لە ساتەوەختی ئێستادا دامەزراوە .

**مێدیتەیشن زاراوەیەکی گشتگیرە بۆ زۆرێک لە شێوازەکانی گەیشتن بە حاڵەتی حەسانەوە، چەندەها جۆری تێڕامان و تەکنیکەکانی حەسانەوە هەیە....**

لەو شوێنانەی، کە هەوڵدەدەیت مەودای هۆشیاری هەستکردن لە ڕێگەی مێدیتەیشن و وردبینییەوە فراوان بکەیت، سەرنجت لەسەر ئەو شتانە دەبێت، کە لەکاتی پراکتیزەکردنی مێدیتەیشندا هەستیان پێدەکەیت، وەکو هەناسەدان، پاشان دەتوانیت چاودێری بیرکردنەوە و هەستەکانت بکەیت، بەڵام بێ ئەوەی زاڵ بیت لەسەری، لێیگەڕێ با تێبپەڕێ.

٤- سیستەمی چی کۆنگ: بۆ گەڕاندنەوە و پاراستنی هاوسەنگی ئەم پراکتیزەیە بە گشتی ڕاهێنانی مێدیتەیشن و ئیسراحەت و جوڵەی جەستەیی و هەناسەدان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، (چی کۆنگ بەشێکە لە چارەسەری نەریتی چینییەکان).

٥- وەرزشی تای چی: جۆرێکە لە هونەرە جەنگییە سووکەکانی چینی، لەو کاتەی هەناسەیەکی قوڵ دەدەیت، لەو ڕێگەیەوە زنجیرەیەک جوڵە بەشێوەیەکی خاو و ڕێکوپێک ئەنجام دەدات.

٦- مێدیتەیشنی تێپەڕ بوون: یان مێدیتەیشنی زاڵ، تەکنیکێکی سادە و سروشتییە، لەم جۆرەدا دروشمێک بۆ خۆت دیاریدەکەیت وەک وشەیەک یان دەنگێک، یان دەستەواژەیەک بەشێوەیەکی تایبەت بەبێ دەنگی دووبارەی دەکەیتەوە.

ڕەنگە ئەمجۆرە مێدیتەیشنە ڕێگە بە جەستە بدات لە حاڵەتی پشوودانی قووڵ و ئیسراحەتدا جێگیر بێت و ئارامی بە دەروون بدات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە تەرکیزکردن یان هەوڵدان هەبێت.

٧- یۆگا: لەکاتی یۆگادا کۆمەڵێک بارودۆخ و ڕاهێنان و کۆنترۆڵکردنی هەناسەدان ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی نەرمی جەستەیی زیاتر و ئارامیی دەروونی بەدەستبهێنیت ئەوا لەگەڵ هاتووچۆکردنت لەنێوان ئەو حاڵەتانەی، کە پێویستیان بە هاوسەنگی و تەرکیز هەیە، پێویستە زیاتر سەرنجت لەسەر ساتەوەختی ئێستا بێت، نەوەک لەسەر کارەکانی ڕۆژانەت.

ئەو ڕێگایانەی ڕۆژانە ڕاهێنانی مێدیتەیشنی پێدەکەی، مەهێڵە بیرکردنەوە لە ڕێگە دروستەکانی مێدیتەیشن سترێسەکەت زیاد بکات، ئەگەر بڕیارتدا مێدیتەیشن بکەیت، ئەوا دەتوانیت بەشداری لە ناوەندەکانی تایبەت بە مێدیتەیشن یان گروپەکانی خوێندن بکەیت، کە لەلایەن مامۆستایانی ڕاهێنراوەوە پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ ئەوەش دەتوانیت بە ئاسانی بە شێوازی خۆت مەشقی مێدیتەیشن بکەیت، هەروەها دەتوانیت ئەو ئەپلیکەیشنانە بدۆزیتەوە تا لەو کارەدا یارمەتیت بدەن. دەتوانرێت مێدیتەیشن بەو شێوەیەی، کە خۆت حەزت لێیە جا چ بە ڕێکوپێکی یان نارێکی بێت و بە شێوەیەک، کە لەگەڵ شێوازی ژیان و بارودۆخەکەتدا بگونجێت پراکتیزەی بکەیت، هەندێک کەس مێدیتەیشن دەخەنە ناو ژیانی ڕۆژانەیانەوە، بۆ نموونە لەوانەیە لە سەرەتا و کۆتایی هەر ڕۆژێکدا بۆ ماوەی کاتژمێرێک مێدیتەیشن بکەن، بەڵام لەڕاستیدا بۆ ڕاهێنانی مێدیتەیشن تەنها پێویستئت بە چەند خولەکێک ئارامی هەیە.

## چۆن تواناکانی مێدیتەیشن بنیات بنێن:-

قەناعەت بەخۆت مەهێنە، کە ناتوانیت لیهاتوانە مەشقی مێدیتەیشن بکەیت، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی فشاری دەروونی، پێویستە ڕاهێنان بکەیت، بۆ نموونە ئەوەت لەبەرچاو بێت، کە سەرگەردانی مێشک لە کاتی مێدیتەیشندا شتیکی باو و ئاساییە، بێگوێدانە ئەوەی، کە چەندە مێدیتەیشن دەکەیت، ئەگەر دەتەوێ بۆ ئارام کردنەوی مێشکت مێدیتەیشن بکەی، بەڵام مێشکت سەرقاڵە، هێواش هێواش سەرنجت بەرەو ئەو شتە ئاڕاستە بکەرەوە، کە لە سەرەتادا سەرنجت لەسەری هەبووە، جا شتێکی فیزیکی یان هەستێک یاخود جووڵەیەک لە دەورو بەرتەوە بێت.

دەتوانیت تاقیبکەیتەوە، کە کامە جۆری مێدیتەیشن زۆرترین چێژ و سوودت پێ دەگەینێت، شێوازی مێدیتەیشنەکەت ڕێکبخە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستاتدا بگونجێت، لەبیرت بێت، کە هیچ ڕێگایەکی ڕاست و هەڵە نییە بۆ مێدیتەیشن، گرنگ ئەوەیە، کە بە گشتی مێدیتەیشن یارمەتیت دەدات هەست بە باشتربوون بکەیت و فشاری دەروونیت کەم بکەیتەوە.

**ئەگەر بڕیارتدا مێدیتەیشن بکەیت، ئەوا دەتوانیت بەشداری لە ناوەندەکانی تایبەت بە مێدیتەیشن یان گروپەکانی خوێندن بکەیت...**

# میدیای پۆپۆلیستی،
# شێوازی دامەزراندن و ئەگەری بەردەوامی

شـێواز و فۆرمەکانی میدیا بەدرێژایی ساڵانی رابردوو پەرەیان سەندووە، بۆ ئەوەی مۆدێلی نوێ لەخۆ بگرێت، کە بەپێی بەهێزی و کاریگەرییەکانیـان بەرەوپێـش دەچـن. لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی میدیـای نوێ، جۆرە نوێیەکانـی میدیـای بـەدوای خۆیدا هێنـا، کە لـە میدیـای جێگـرەوەوە (ئەلتەرناتیڤ) دەسـتپێدەکات و بـە میدیـای (تەقلیـدی) بـاودا تێدەپەرێـت و بە میدیای پۆپۆلیسـتی کۆتایـی دێت. سـەرەرای ئەو خاڵـە زۆرانەی لێکنزیکبوونـەوە لەنێـوان ئـەم جـۆرە میدیا جیاوازانـەدا هەیـە، بـەڵام شـتێک هەیە، کە جیایان دەکاتـەوە لە یەکتر، ئەگەر هەموویان ئامـاژە بە جۆری میدیـای کارلێککەری نێوان وەرگر و دروستکەری ناوەرۆکی میدیایی بکەن، کە بە گشـتی پێی دەوترێـت "میدیای نوێ" کە چیتر پشت بە کەسانی پیشەیی نابەستێت بـۆ بڵاوکردنـەوەی ناوەرۆکەکـەی، بەتایبەتی لەگـەڵ سـەرهەڵدانی جـۆرە میدیایـەک، کە پێـی دەوترێت "رۆژنامەگـەری هاووڵاتی"، کە گوزارشـت لە رەوتی شەقام دەکات لە رێگەی جەمـاوەرەوە، زاراوەی میدیـای پۆپۆلیسـتی ئاماژەیە بۆ گونجاندنی پەیامی میدیایی بەپێی باری دەروونی گشتی خەڵک.

هەندێک لەوانەی بەرپرسـی میدیان، هەوڵ دەدەن کەشـوهەوایەکی پۆپۆلیسـتی دروست بکەن، کە وردە وردە دزە بکاتە ناو رای گشتی کۆمەڵگەوە، بۆ ئەوەی ئەم ناوەرۆکە بەراستی گوزارشـت لە باری دەروونی گشـتی کۆمەڵگە بکات لە داهاتوودا، سەرەرای ئەوەی، کە چۆن میدیای پۆپۆلیستی لە زۆرێک لە حاڵەتەکانیدا دوور لە پیشـەییبوون دەردەکەوێت، دیارترین مۆدێلەکانی میدیای پۆپۆلیسـتی سـەرەتا لە وڵاتانـی رۆژئاوا بوون و دواتـر درێژبوونەتەوە بۆ وڵاتانی تر.

دەکـرێ بڵێین، کـە میدیای پۆپۆلیسـتی لە بنەرەتدا دەرەئەنجامی سـەرهەڵدانی رەوتە پۆپۆلیسـتیەکان بووە، کە کەشوهەوای گشتی لـە زۆرێک لـە وڵاتاندا لە سـاڵانی رابـردوودا لـە قاڵـب داوە و ئەم جـۆرە میدیایـە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی نوخبە پۆپۆلیستییەکانی رەوتی جیاواز بەسـەر گۆرەپانی سیاسیدا لە هەندێک وڵاتـدا کاری کردووە، گرنگترین نەخشـەکانی دەتوانرێت بەم شێوەیە باس بکرێت:

١- میدیـای پۆپۆلیسـتی کۆنەپەرسـتانە:
میدیای پۆپۆلیستی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بەشێک لە بزووتنەوە ئاینییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست سەری هەڵداوە، هەروەها بزووتنەوە و حزبـە راسـترەوەکان لـە وڵاتـانی رۆژئاوا، بـەو پێیـەی هەردووکیان پشـت بـە گوتاری پۆپۆلیستی دەبەستن، کە تیشک دەخاتە سەر هەسـتی سـۆزداری و ئاینیی وەرگر، گوتاری ئاینیی پۆپۆلیسـتی سەرەتا پشتی بە رۆژنامە و کۆنفرانسی جەماوەری بەستبوو بۆ قسەکردن لەگەڵ شوێنکەوتووانی، تا سەرهەڵدانی کەناڵە تەلەفزیۆنیـە تایبەتـەکان، کـە خاوەندارێتـی ئەندامانـی بزووتنـەوە ئاینییـەکان بوون، کە بۆ خزمەتکردنی ئاراسـتەکانی ئەو بزووتنەوانە دامەزران، لەگەڵ ئەو گۆرانکارییە سیاسییانەی، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی هەندێک جەمسـەری بزووتنەوەی راسترەوی توندرەو لە زۆرێـک لە وڵاتانی رۆژئاوادا، میدیای رەسـمی و ئەهلـی بـوو بـە پلاتفـۆرم بۆ ئـەم گوتارە پۆپۆلیسـتییە و بەرەوپێشـبردنی بیرۆکـە توندرەوەکانـی و قسـەی رقـاوی زاڵ بـوو، هـەروەک چۆن هەندێک لـە میدیاکانی رۆژئاوا بیرۆکەی بزووتنەوە راسترەوە توندرەوەکانیان گرتەبەر و رق و کینەیان لە کۆچبەران گرت.

ئـەم رەوتـە پۆپۆلیسـتییە لـە میدیاکانی فەرەنساشدا سەریهەڵدا، دوای ئەوەی ئیمانوێل ماکرۆن سـەرۆک کۆمار پۆسـتی سەرۆکایەتی فەرەنسـای وەرگـرت، هەندێـک رۆژنامـە و کەناڵە تەلەفزیۆنییە فەرەنسـییەکان دەستیان کرد بـە وەرگرتنی گوتاری سیاسـی و ئاینیی رەگەزپەرسـتانە، و بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیـی و تەنانـەت هەندێـک سـتوونی




**عەبدولسەمەد کەریم**
**قوتابی ماستەر ــ میدیا**
**کۆلێژی تەکنیکی کارگێری**


**هەندێک لەوانەی بەرپرسی میدیان، هەوڵ دەدەن کەشوهەوایەکی پۆپۆلیستی دروست بکەن، کە وردە وردە دزە بکاتە ناو رای گشتی کۆمەڵگەوە....**

ڕۆژنامەکان باسیان لە پێویستی ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی لە جلوبەرگی ئایینی موسڵمانان و بەتایبەتی حیجابدا دەکرد ،جگە لە دیاردەی دووبارەبوونەوەی کاریکاتێری سووکایەتی ئایینی بۆ هێما ئاینییەکان.

٢- میدیای پۆپۆلیستی بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی سیاسی: هەروەک چۆن سەرهەڵدانی چەمکی "پۆپۆلیزم" سیاسی بوو، یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی میدیای پۆپۆلیستی ئەو جۆرەیە، کە لە ڕووی سیاسییەوە بەکاردەهێنرێت، بە ئامانجی پێدانی شکۆیەکی تایبەت بە هەندێک سیاسی، یان سیاسەتمەدارانی تایبەت، بەتایبەتی لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا. ڕەنگە دیارترین مۆدێلی میدیایی لە چوارچێوەی قسەکردن لەسەر میدیای سیاسی و حزبی، بە لەبەرچاوگرتنی کۆنترۆڵی پەیوەندییە سیاسییەکان بەسەر تەواوی دیمەنی سیاسی و میدیایی، میدیای لوبنان بە بینراو و بیستراو و نووسراو بێت، چونکە گوتاری پۆپۆلیستی لە بەشێک لەمیدیای لوبناندا زاڵە بەبێ گوێدانە پەیوەندییە سیاسی و تائیفییەکانیان.

٣- میدیای کات بەسەربردنی پۆپۆلیستی "سەرقاڵکەر": بەو پێیەی پێناسەی میدیای پۆپۆلیستی ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ باری دەروونی گشتی کۆمەڵگەدا دەگونجێت، میدیایەکی تایبەت بە کات بەسەربردنی پۆپۆلیستی سەریهەڵداوە، کە ئێستا پشت بە بەرهەمە کات بەسەربردنەکان دەبەستێت، کە زۆرجار ناوەڕۆکەکەی خراپە و بۆ مەرامی تایبەتی بەکاردێت، ئەم سروشتە پۆپۆلیستییە لە ئاستی ئەو ڕیکلامانەشدا دەرکەوتووە، کە لە زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پیشان دەدرێن، کە پشت بە گۆرانییە جەماوەرییە شەهوەتییەکان دەبەستن، لە لایەکی دیکەوە نمایشکاران و هونەرمەندانیش دەبنە میوانی بەرنامەی کات بەسەربردن لە هەندێک کەناڵدا، بەپێی سەرکەوتنە جەماوەرییەکانیان، ئەم شێوازە کات بەسەربردنەی میدیا زۆرجار پەیوەستە بە ناوەڕۆکی شۆککەر و بوێرانەی ئەو پرس و زانیاریانەی، کە پێشکەش دەکرێن، تا ئەو کاتەی کەناڵی تایبەت بۆ سیحر و جادووگەری دەرکەوتووە، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتان لەم دوایییانەدا ڕێگەیان بە خاوەندارێتی کەناڵە تایبەتەکان و بەدەستهێنانی فریکوێنسی بۆیان بە ئاسانی لەسەر مانگە دەستکردەکان داوە.

٤- سۆشیال میدیا "ئەڵتەرناتیڤێکی ئێستایە": وەسفکردنی پۆپۆلیزم تەنیا لە میدیای تەقلیدی (باو)دا سنووردار نەبوو، چ گشتی بێت یان تایبەت، بەڵکو درێژکرایەوە بۆ ئەوەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بگرێتەوە، کە لە ڕێگەی ئەکاونتی پۆپۆلیستەکان و لایەنگرانیانەوە بەکاردەهێنرا .

هەرچەندە میدیای پۆپۆلیستی بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی کارلێکی نێوان وەرگر و ناوەڕۆکی پێشکەشکراوی میدیاوە سەریهەڵداوە، بەڵام لەژێر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گوتارەکانی پۆپۆلیستی بۆ چەند مەبەست و ئامانجێک پەرەی سەندووە، مەترسی زۆر هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەهۆی بوونی جۆرێکی میدیای لەو شێوەیە، بەتایبەت کاتێک باس لە بڵاوکردنەوەی (دەنگۆ) و ڕووکردنە پلاتفۆرمەکانی بڵاوکردنەوەی قسەی ڕق و لێبوردەیی دەکرێت.

ئەم مەترسیانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، دیاریکەرێکی گرنگی داهاتووی ئەم جۆرە میدیایە پێکدەهێنن، بەتایبەتی، کە شارەزایان هێشتا پێیان وایە ئەگەری بەردەوامبوونی پۆپۆلیزمی سیاسی ئێستا بەهێزە، لەبەر ڕۆشنایی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، هەروەها ملکەچبوونی ژمارەیەک وڵات بۆ ئەم جۆرە میدیایە، وەک هاووڵاتای سیستەمی دەسەڵاتی دەسەڵاتداری خۆی، وەک چین، ئیسرائیل، تورکیا، ئێران، کوبا و ڤەنزوێلا....

بەردەوام بوونی میدیای پۆپۆلیستی بە هەمان چڕی، پەیوەستە بە ڕادەی قبوڵکردنی کۆمەڵگە لێی و ئەو دەستکەوتانەی، کە بەدەستی دەهێنێت، بەتایبەتی لە غیابی کۆنترۆڵی کاریگەر بەسەر ئەو ناوەڕۆکەدا، کە پێشکەشی دەکات و ئەو قازانجەی بەدەستی دەهێنێت، کە گەرەنتی دەکات بەردەوام بێت.

**هەندێک ئەوانەی بەرپرسی میدیان، هەوڵ دەدەن کەشوهەوایەکی پۆپۆلیستی دروست بکەن کە وردە وردە دزە بکاتە ناو ڕای گشتی کۆمەڵگاوە، بۆ ئەوەی ئەم ناوەڕۆکە بەڕاستی گوزارشت لە باری دەروونی گشتی کۆمەڵگا بکات لە داهاتوودا...**

# شێوازەکانی خوێندنی زانکۆیی و گرنگی بۆ قوتابی



**عەبدوڵڵا تاریق صدیق**
**قوتابی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر**

ئەگەر هەژماری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین (١٨) زانکۆی میری و (١٨) زانکۆی تایبەتمان هەیە، ئەمە جگە لە (١٢) پەیمانگەی تایبەت. بە گشتی زانکۆکان لە کابینەی (٩) یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی کوالێتی خوێندنیان بەرزکراوەتەوە، بەراورد بە ساڵانی رابردوو، خۆشبەختانە ئێستا زانکۆکانی کوردستان لە ڕیزبەندی جیهانیدا زۆر هاتوونەتە پێشەوە.

لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی دوو شێوازی خوێندنی جیاوازمان هەیە، بەشێکیان بەشێوازی تیۆری دەخوێنن، ئەوانەن زیاتر گرنگی بە خوێندنی تیۆری دەدەن و بەشێکیتری زانکۆکان خوێندن تیایاندا زیاتر پراکتیکیە، بۆ نموونە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان، کە لەو زانکۆیانە هەوڵدەدرێت قوتابیان بەشێوازی پراکتیکی و کردەیی وانەکان بخوێنن و زۆرترین کاتی وانەکان بۆ بواری کردەیی و پراکتیکی تەرخانکراوە، بۆ ئەمەش پێویستیان بە تاقیگەی پێشکەوتووە، کە تێچووی زۆری دەوێت، ئەگەر چی تاقیگەی گرنگ و پێشکەوتوومان هەیە بۆ خزمەتی ئەم بوارە، بەڵام هێشتا پێیوستمان بە زیاتر و پێشکەوتووتر هەیە، چونکە ساڵ بە ساڵ زانست و زانیاری بەرەو پێشتر و ژمارەی قوتابیش بەرەو زیاتر دەچێت.

> **زانکۆکان جگە لە پۆلیتەکنیکییەکان، زیاتر گرنگی بە خوێندنی تیۆری دەدەن و وانەکان لە کلاس دەخوێنرێ و ڕێژەیەکی کەمتر وانەکان بە شێوازی پراکتیکی پراکتیزە دەکرێن....**

زانکۆکان جگە لە پۆلیتەکنیکییەکان، زیاتر گرنگی بە خوێندنی تیۆری دەدەن و وانەکان لە کلاس دەخوێنرێ و ڕێژەیەکی کەمتر وانەکان بە شێوازی پراکتیکی پراکتیزە دەکرێن، ئەمەش لەبنەڕەتدا سروشتی جۆری خوێندن و زانکۆکە وایە، سروشتی هەندێ زانکۆش وایە، کە وانە تیۆرییەکان دەخوێنن، لە تاقیگەش ڕاهێنانیان پێدەکرێت، ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە ئەم جۆرە خوێندنە خوێندنەکی سەردەمیانەیە و قوتابی ئامادە دەکات بتوانێت لە بازاڕی کاردا باشتر کار بکات.

**کام جۆر لە زانکۆکان باشن بۆ خوێندن؟**

هەر یەکەیان سیستەمی خوێندن و سروشتی خوێندنی خۆیان بە باشتر ناو دەبەن، بۆ نمونە ئەو زانکۆیانەی خوێندنیان کلاسیکە، بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە، کە لایەنی تیۆریان بەهێزترە و لە داهاتوودا ئەوان سەرکەوتوتر دەبن لە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)، چونکە هەندێ بوار زیاتر تیۆریە بۆیە ئەم تیۆری بوونە ڕۆڵی زیاتر دەبینیت.

ئەو زانکۆیانەش، کە مۆدێرنن و خوێندنیان زیاتر پراکتیکیە، خۆیان بە باشتر دەزانن. ڕاستە مێژوویەکی درێژ و کۆنیان نییە وەک زانکۆکانی تر، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە و لە هەندێ وڵاتان بەشێوەیەک پێشکەوتوون، کە پێشی زانکۆکانی تر کەووتون لە داهێنان و زانستدا، چونکە لەگەڵ بازاڕی کاردا دەڕۆن و قوتابیان ڕاهێنانیان پێدەکرێت و ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی هەر کاتێک خوێندنی تەواو بوو لە بازاڕی کاردا دەتوانن کار بکەن، چونکە قوتابیەکانیان چالاک و پر ئەزموونن لەو بوارەی، کە خوێندویانە و کار و بازاڕ بەلایانەوە نامۆ نییە.

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەم دوو جۆرە زانکۆیە هەردووکیان گرنگ و پێویستن لە جیهان. لە هەرێمی کوردستانیش هەردوو جۆر و شێوازی خوێندن گرینگیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان ڕۆڵی خۆی ببینێت لە بەرەو پێشچوونی زانست و هەر یەکەیان بە شێواز و ڕێگەی خۆی کار بکات بۆ پێشخستنی وڵات.

# پانۆڕامای چالاکی و هەواڵەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

* زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر گرنگی بەزمانی دایک دەدات و پانێلێکی تایبەت بەو بۆنەیە ساز دەکات بەدوو تەوەرە ڕۆڵ و بایەخی زمانی دایک لەپرۆسەی نەتەوەسازیدا لەگەڵ تەوەری زمانی دایک و پێکەوەژیان لەهەرێمی کوردستان.



* پ.د. ادريس محمدطاهر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەمەبەستی پیرۆزبایی و هەماهەنگی سەردانی سکرتاریەتی یەکێتیئافرەتانی کوردستانی کرد لە شاری هەولێر.





* بە بۆنەی ڕۆژی ئازاد کردنی کۆیە و جەژنەکانی بەهار و نەورۆز، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٦، پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە، هەڵمەتێکی پشکنینی گشتی خوێن (CBC) و شەکرەی ئەنجامدا .



* لەساڵی خوێندنی 2023 – 2024 بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، قوتابیانی بەشە زانستییەکانی پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە بە شێوەی کاری گروپ و بەسەرپەرشتی مامۆستایانی پەیمانگە، چەندین هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی پۆستەریان ئەنجامدا لە بوارەکانی تەندروستی و کارگێڕی و یاسایی.

## * له زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر چەندین پۆستی















- پ.ی.د. بۆتان مجید ئاسنگەر لە شوێنی پ.ی.د. نجیب تۆما بتو وەک یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی دەستبەکار بوو.

- پ.د. ئازاد حسن قادر لە شوێنی پ.د. جودت جعفر خطاب وەک یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. سەرسام خلیل شوانی لە شوێنی پ.ی.د. بررۆ همزە دزەیی وەک ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر دەستبەکار بوو.

- پ.د. کیهان زرار غەفور لە شوێنی پ.ی.د. بۆتان مجید ئاسنگەر وەک ڕاگری کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. تیران جمیل پیرۆ لە شوێنی پ.ی. ئومێد ئەرشەد حەوێزی وەک ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر دەستبەکار بوو.

- د. مراد امیر احمد لە شوێنی پ.د. جودت جعفر خطاب وەک ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. کاوە خلیل میران لە شوێنی م. سۆران ذنون وەک ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی خەبات دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. محسن شریف صالح لە شوێنی پ.ی.د. ئازاد احمد محمود وەک ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر دەستبەکار بوو.

- د. عماد عزیز محمد لە شوێنی م. سەروەر جمال حیدر وەک ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. سیروان لطیف حاجی لە شوێنی م. پاکستان محمدامین وەک ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی سۆران دەستبەکار بوو.

- پ.ی.د. ڕەنج سیروان عبدالله لە شوێنی پ.ی.د. هێمن کاکەخان عولا وەک بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری توێژینەوە دەستبەکار بوو.







* ڕۆژی یەکشەممە 10ی ئاداری 2024، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر پێشوازی کرد لە شاندی خاچی سووری نێودەوڵەتی. لەم دیدارەدا گفتوگۆی تێروتەسەل کرا و کۆمەڵێک لە بیرو بۆچوون و پێشنیار گەڵاڵەکران، کە دواتر بە ڕاپۆرتێک بە شێوەی فەرمی ئاراستەی خاچی سوور دەکرێت.



* یەکێتی عێراق بۆ وەرزشی زانکۆکان خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشێتە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، دوای بەشداریکردنی زانکۆمان لە چالاکییەکانی یەکێتی عێراق بۆ وەرزشی زانکۆکان (الاتحاد العراقي للرياضة الجامعية)، یەکێتییەکە خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە بەڕێوەبەرایەتی چالاکییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.



* ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر، پ.ی.د. مراد امیر و یاوەرانی سەردانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەلایەن وەزیری ناوبراو پێشوازیان لێکرا، لە دیدارەکەدا باس لە هەماهەنگی نێوان هەردوولا کرا بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی خوێندن و ئەو پێداویستییە پزیشکیانەی بۆ ناوەندەکانی کۆلێژ پێویستن بۆ بەرەوە پێشوەچوونی ئاستی قوتابیانی بەشەپزیشکیەکان بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵگە.



* سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕۆژی جیهانی ئافرەتان و ڕۆژی جلی کوردی بەرزدەنرخێنێت و ئەم دوو یادە پیرۆز دەکات، بەم بۆنەیەش پانێلێک لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ بەڕێوەچوو.



* نوێنەری سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی خولی زانکۆکانی تەکنیکی لە عێراق، کە لە ڕۆژانی 7 و 8ی ئاداری 2024، لە شاری بەسرا بەڕێوەچوو. پ.ی.د. نەجیب تۆما بەتۆ بە نوێنەرایەتی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشداربوو لە کۆبوونەوەکە، کە لە زانکۆی تەکنیکی باشوور ئەنجامدرا و تیایدا تیشک خرایە سەر هەڵسەنگاندنی فێسی دووەم لە پڕۆژەی پەرەپێدانی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی لە عێراق.



* ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 6ی ئاداری 2024،بە ئامادەبوونی پ.د. ادریس محمدطاهر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، یەکەمین کۆربەندی پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر لەژێر ناونیشانی "بارزان لە بەرخودان و خۆنەچەماندن بۆ نیشتمانسازی (پەروەردە و فێرکردن و ژینگەپارێزی و پێکەوەژیان)" بەڕێوەچوو.



* سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی 56ی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی کرد کە لە ڕۆژانی6-3ی ئاداری 2024 لە زانکۆی بەغدا بەڕێوەدەچێت.

* ڕۆژی یەکشەممە 3ی ئاداری 2024، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی "پێداچوونەوە و ڕێکخستنی پڕۆگرامەکانی خوێندنی بەشە کارگێڕییەکان" بە بەشداری گشت سەرۆک بەشە زانستییەکانی زانکۆ بەڕێوەچوو، کە تیایدا بابەتی پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن خرایە بەر گفتوگۆ و کاری پێویستی بۆ ئەنجامدرا تا لەگەڵ بازاڕی کار بگونجێ.





* ڕۆژی پێنجشەممە 29ی شوباتی 2024، بە ئامادەبوونی پ.د. ادریس محمدطاهر هەركی سەرۆكی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر و یاریدەدەرانی سـەرۆكی زانكۆ و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی زانكۆ لە ڕێوڕەسـمێكدا گرێبەسـتی بە ئەلیكترۆنی كردنی كۆلێژی تەكنەلۆجی هەولێر لەگەڵ كۆمپانیای ئەوڕۆسۆفت واژووكرا.



* ژمارەیەک قوتابی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر لە ڕۆژانی 19 و 20ی شوباتی 2024، بەشدارییان كرد لە (كۆنفراسی سـاڵانەی قوتابیانی زانكۆ) لە زانكۆی عەین لە وڵاتی ئیمارات، قوتابییانی زانكۆمان بە چوار پرۆژەی ئەكادیمی بەشداربوون لە كۆلێژەكانی تەكنیكی كارگێڕی و ئەندازیاری هەولێر.




* ڕۆژی دووشـەممە 26ی شـوباتی 2024، پ.د. ادریـس محمدطاهـر هەركی سـەرۆكی زانكـۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر بەسـەرۆكایەتی شـاندێك بەشـداری كرد لـە "دیداری نەخشـەڕێی بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقڵیەكانی" كە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە ڕێكخرابوو.



* ڕۆژی پێنج شـەممە 22ی شـوباتی 2024، بە ئامادەبوونی پ.د. ادریـس محمدطاهـر هەركی، سـەرۆكی زانكۆی پۆلیتەكنیكـی هەولێر، د. ژاڵە سـعید خطاط بەڕێوەبەری گشـتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی و یاریدەدەرانی سەرۆكی زانكـۆ، لـە ڕێوڕەسـمێكدا كۆتایی بـە خولی هەشـتەمی پێداگۆجی هات و بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی خولەكە دابەشكرا.





* ڕۆژی سێ شەممە 20ی شوباتی 2024، بە ئامادەبوونی سەرۆكی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێـر و یاریدەدەرانـی بەهاوكاری زانكۆی لیڤەرپول لەبەریتانیا و زانكۆی پۆرسـەعید لە میسـر دوو وۆركشـۆپ بە ناونیشـانی (بنەماكان و پرۆگرامەكانی زیرەكی دەسـتكرد لە خوێندنی باڵا) و (ئەپڵیكەیشـنەكانی زیرەكی دەسـتكرد لەبواری توێژینەوە) لە سـەنتەری توێژینەوەی زانستی بۆ ژمارەیەک توێژەر و مامۆستای زانكۆمان بەڕێوەچوو.



* ڕۆژی 21ی شوباتی 2024، بەشی شیکاری نەخۆشییەکانی کۆلێژی تەکنیکی شەقلاوە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر هەڵمەتێکی خوێن بەخشینی لەژێر ناونیشانی (خوێن بەخشین ژیانی کەسێک ڕزگار دەکات) ئەنجامدا، لەهەڵمەتەکەدا توانرا 61 پاینتی خوێن بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە و تالاسیما کۆبکەنەوە.



* ڕۆژی 18ی ئاداری 2024، لەسەرۆکایەتی زانکۆ وۆرکشۆپێک لە ژێر ناونیشانی (Building Capacity For University Key Figures) بۆ سەرجەم سەرۆک بەشە زانستییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێرو بەڕێوبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆ بەڕێوەچوو، کەبۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.



* لە یادی 8ی مارس ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان لە پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر وۆرکشۆپێک بەم بۆنەیەوە لەژێر ناوی (ئافرەت لە چەمکی ئەخلاق، یاسا و شەریعەت) بەڕێوەچوو.



* پ.د. ادریس محمدطاهر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێری کرد، مەبەست لەم سەردانە گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی و پێشکەشکردنی چەپکە گوڵی هیوای سەرکەوتنی دەستە بەکاربوونی ستافی نوێی ژووری بازرگانی بوو بە هەموو هاوکارییەکی زانکۆمان.



* دژی هێرشە نامرۆڤایەتییەکانی سوپای پاسداران و ئێرانی بۆ سەر شاری هەولێر، کە قوربانی گیانی و ماددی لێکەوتەوە، ڕێپێوانێکی هێمنانە بۆ پێش بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بەبەشداری ژمارەیەکی زۆری گشت چین و توێژەکانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و ستافی پەیمانگەو کۆلێژەکانی سەر بەزانکۆمان بەئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشدارییان لەم ڕێپێوانە کرد و داوای پاراستنی ئەمن و ئاسایشی و گیانی هاوڵاتیانیان کرد.

* هۆڵی پراکتیکی ئامادەکردنی خواردن لە بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە، بە مەبەستی ئاشناکردنی قوتابیانی ئەم بەشە بە چۆنیەتی دروستکردنی خواردن و بەڕێوەبردنی چێشتخانە و میوانخانەکان.





* کردنەوەی چەندین خولی وەرزشی یاری تۆپی پێ و تێنس بۆ قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران لە گشت کۆلێژ و پەیمانگەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

* لە یادی 18ی شوباتدا، ئەنجوومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سەردانی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کرد بەبۆنەی 71مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.





* کۆمپانیای تۆیۆتا ژمارەیەک پێداویستی تاقیگەی وەک (گێڕ، بزوێنەری ئۆتۆمبێل و جەگی بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبێل)، بۆ بەشی ئەندازیاری تەکنیکی ئۆتۆمبێل لە کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر دابین دەکات.



* مارک سترۆ کونسوڵی گشتیی کونسوڵخانەی ئەمریکا سەردانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێری کرد و لەگەڵ دکتۆر ئیدریس هەرکی سەرۆکی زانکۆ و کارگێڕانی باڵای زانکۆکە کۆبووەوە، گفتوگۆ کرا دەربارەی پرۆگرامە بەردەوامە ئاڵوگۆڕە پەروەردەیی و کەلتورییەکان و چۆن زانکۆکە قوتابیان ئامادە دەکات بۆ پەیوەندیکردن بەهێزی کار دوای تەواوکردنی خوێندنەکانیان. زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سودمەندبووی مینحەیەکی دارایی یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلاریی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە، کە لەرێیەوە تەکنەلۆجیای ئەمریکی سیسکۆ (CISCO) و راهێنانی پەیوەندیدار دەهێنێتە کامپەسی زانکۆکە.

و پرۆگرامەکانی زیرەکی دەستکرد لە خوێندنی باڵا) و (ئەپلیکەیشنەکانی زیرەکی دەستکرد لەبواری توێژینەوە) لە سەنتەری توێژینەوەی زانستی بۆ ژمارەیەک توێژەر و مامۆستای زانکۆمان بەڕێوەچوو.

* له 27ی کانونی دووەمی 2024 ئەنجوومەنی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشداری ڕۆژی نیشتمانی هندستان دەکەن لە کونسوڵخانەی هندستان لە شاری هەولێر.






* ئەکادیمیای هواوی ICT لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد لە هەشتەمین خولی پێش کۆتایی پێشبرکێی تەکنەلۆژیای جیهانی هواوی (2023–2024) کە 22 وولات بەشداربوون لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا، لەم پێشبرکێیەدا ئەکادیمیای هواوی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر پلەی دووەمی بەدەستهێنا، کە لە ووڵاتی ئیمارات ئەنجامدرا لە 18 – 22/ 12/ 2023.



* نوێنەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشداری لە کۆنفرانسی زانکۆکانی عەرەبی بۆ کاروباری تۆمار و وەرگرتن کرد کە لە ڕێکەوتی 18- 21/12/2023، کە لەووڵاتی تونس ئەنجامدرا و پ.ی.د.سەرسام خلیل عمر وەک نوێنەری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشداری لە کۆنفرانسی ژمارە 40 ی ڕێکخراوەکە کرد، کە بۆ ئەم ساڵ لە زانکۆی تونس المنار ئەنجام درا.



* له 17/12/2023 بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە تەواوی دامودەزگاکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.



* سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سەردانی کۆنسوڵخانەی ئوردونی کرد و لە لایەن بەڕێز فؤاد المجالي کونسولی شانشینی ئوردونەوە پێشوازیان لێکرا. سەردانەکە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی و هاوکاری بوو لە نێوان زانکۆمان و زانکۆکانی شانشینی ئوردن، تاکو چالاکی زانستی هاوبەش لە نێوان زانکۆکان ئەنجام بدرێت.



# ڕۆڵی خێزان لەپەروەردەدا

ڕیپۆرتاژ

**خێزان وەک بنەمای سەرەکی دروست بوونی کۆمەڵگە، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی ڕۆشنبیری لەو کۆمەڵگەیە، بێگومان لەبواری پەروەردە و فێرکردنیش، خێـزان ڕۆڵێکـی گرنگ دەبینێت لەدروسـت بوونـی تاکێکی ڕۆشـنبیر و زیرەک و هۆشـیار، بۆیـە ناکرێـت لە کاروانـی بەڕێوەچوونی پـەروەردە و خوێنـدن و فێرکـردن، ڕۆڵ و بایەخی خێزان فەرامۆش بکەین، لەکاتێکدا بنچینەی ئاستی ژیـان و دەوروبەر و دروسـت بـوون و فێربوونی تاکەکانـی کۆمەلگـە لە خێزانەوە سـەرچاوە دەگرێت.**

کاتێـک منـداڵ دەچێتـە فێرگـە، بێگومان لەدەسـتپێکێکی تازە و نوێدایە لە ئەلف و بێی ئاسـتی پیتەکان و ژمارەوە خوێندن و نوسـین، بۆیـە ئـەو قورسـایی فێربوونـە تەنیـا ئەرکی مامۆستا و قوتابخانە نیە، بەڵکو هەوڵ و هاندان و پاڵپشتی خێزانیش وەک تەواوکەر و بەردەوامی ئەم پرۆسەیە گرنگ و کاریگەرە، ڕاستە مامۆستا بـە دەروازەی زانسـت و زانیـاری و خوێنـدن دادەنرێت هەر لەقۆناغی باخچەی سـاوایانەوە تا دواییـن قۆناغ، بەڵام لەپاڵ ئەوەشـدا هۆکارێکی تریش هەیە بۆ بەردەوامی لەو پرۆسەیە.

بێگومان قوتابی ڕۆژانە چوار تا پێنج کاتژمێر



ئەحمەد حاجی و محەمەد ڕەزا
لە بەشی تەکنیکی میدیا

لـــە قوتابخانە زانســـت و زانیـــاری وەردەگرێت و فێردەبێت، بەڵام کاتژمێرەکانی تر لە ماڵەوەیە، بەجێگەیاندنـــی ئەرکەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەی لەئەســـتۆیە و پێویســـتە جێبەجێی بکات، بۆیە ئەگـــەر بێت و هاندان و چاودێری ماڵ و خێزانی بە گشـــتی لەســـەر نەبێت ڕەنگە بەشێکی زۆری قوتابی ئەرکەکانی ڕۆژانەی بەهەند هەڵنەگرێت و فەرامۆشی بکات! هەروەها پرسیار و ڕونکردنەوە و بابەتە ڕۆژانەییەکانی قوتابی لەلایەن خێزانەوە زیاتر بەرچاو ڕوونی پێدەدات.

لەبەر هەســـتیاری و گرنگی ئـــەم بابەتە، بە پێویســـتمانزانی ڕا و ســـەرنج و تێڕوانینی چەند

**من وەک قوتابییەک، خێزانەکەم ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان هەبووە لە پەروەردە کردنم، بەمجۆرە باوەڕ بەخۆ بوونەم و هەستکردنم بە بوونی خۆم لە کۆمەڵگە...**

قوتابی و مامۆستا و کەسایەتییەک وەربگرین و لە ڕیپۆرتاژێکدا بیخەینە بەر دیدی خوێنەران.



**نادا هەکار لەپەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، بەشی ژمێریاری قۆناغی دووەم**

من وەک قوتابییەک، کە زۆربەی کاتەکانم لەپەیمانگە بەسەر دەبەم، خێزانەکەم ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان هەبووە لە پەروەردە کردنم، بەمجۆرە باوەڕ بەخۆ بوونەم و هەستکردنم بە بوونی خۆم لە کۆمەڵگە، بەگشتی لەوانەیە کاتەکانم کەم بێت لە ماڵەوە بەڵام خۆشترین کاتەکەنمە لەگەڵیان، لەمنداڵیەوە فێریان کردوم، کە باوەڕبە خۆبوونم لەپێش هەموو شتێکە، دیسان لە باسی پەروەردەدا جەخت دەخەمە سەر گرینگی خێزان، بۆ من کە پاڵپشتم بوونە هەر ئەو گرینگی پێدانە وای لە من کردوە، کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەم لە ئەرکەکانی ڕۆژانەم، وەک قوتابییەک داوە لە گشت خێزانەکان دەکەم پاڵپشتی و پەروەردەی بنەڕەتی منداڵەکانیان بکەن و گرینگیەکی زۆرتر بەم لایەنە بدەن.



**ڕۆژنا هاشم عادل، قوتابی پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، بەشی ژمێریاری دەڵێت:**

من قوتابی بەشە ناوەخۆییم ماوەیەکی زۆرە دورکەوتمەتەوە لەپەروەردەیی خێزانم بەهۆی خوێندنەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر دروست نەکردووم، کە من جیاواز بم و شێوازی پەروەردەم بگۆڕێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە بنەڕەتیەی، کە لە ماڵەوە لەسەری پەروەردە کراوم شانبەشانی پەروەردەی قوتابخانەش تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەرم، لەهەمان کاتدا لەپەیمانگە من هەست بە بەرپرسیاریەتی زۆر دەکەم و بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانم شتێک، کە زۆر گرنگ بێت لەلام پەروەردەیە، داوا دەکەم لە هەمووان بەهیچ شێوەیەک پەروەردەی خێزان و قوتابخانە و پەیمانگە لەبیر نەکەن.

کۆتا پەیامم ئەوەیە، چەند دووربکەوینەوە لە خێزانەکەمان، کە پەروەردەیەکی دروستی بنەڕەتی تەواو کردووین، هەر وەک خۆمان دەمێنینەوە و ناگۆڕێین.



**بروا محمد تۆفیق قوتابی لە پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر بەشی کارگێڕی کار**

مرۆڤ هەڵگری پەروەردەی خێزانێتی، کە لە ماڵ دەڕۆیتە دەرەوە تۆ نمونەی خێزانەکەتی بە هەڵسوکەوت و قسە کردنت نموونەیەکی لە دایک و باوکت، من ڕۆژانە دەرۆمە زانکۆ ئەوەی لە ماڵەوە فێرکراوم لەوێ دەریدەبڕم تا ئەوەندەی توانیبێتم لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان بە ڕێز و بە ئەدەبەوە هەڵسووکەوت دەکەم، چونکە وا فێرکراوم ڕێزگرتن لە خەڵک ڕێزگرتنە لەخۆت، من لەگەڵ کەسانێک هەڵسوکەوت ناکەم، کە کردار و قسەکردنیان لەگەڵ کەسایەتی من گونجاو نەبێت، بەردەوام کەسانێک هەڵدەبژێرم ڕەفتار و گوفتاریان جوان بێت، چونکە ئەو کەسانەی لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەم ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسایەتی من دەبێت.



**م. محمد ساڵح پێندرۆیی**
**(جگەر سۆز پێندرۆیی) لەبارەی پەروەردە و خێزانەوە دەڵێت:**

هەڵبەت خێزان یەکەمین قوتابخانەی منداڵە، دایـک و باوکیـش یەکەمین مامۆسـتای منداڵن، بۆیـە رۆڵـی خێزان لـە پـەروەردەی نەوەکاندا، زۆر کاریگـەر و گرنگـە، چونکـە پـەروەردەی خێزانی، دەبێتە بەردی بناغە بۆ پەروەردەکردنی تاکێکـی وشـیار و بێدار و بەرپرسـیار بۆ ژیانی ئایندە، بە واتایەکی دیکە، خێزان ئەو دامەزراوە پەروەردەییـە گرنگەیـە، کـە تاک تیایدا فێرە کۆمەڵێک بەها و رەوشت و ئاکار و دابونەریت و رەفتـار و خو و کارامەیی جۆراوجۆر دەبێت و لە ئایندەدا لە کەسایەتی ئەودا رەنگ دەداتەوە.

بۆیـە ئەگەر منداڵ لەسـەر دەسـتی دایک و باوکێکـی رۆشـنبیر و زانا و کارامـە و لێهاتوو و سەرکەوتوو پەروەردە بکرێت، ئەوا رەنگدانەوەی لەسـەر کەسـایەتی و هەسـت و نەسـت و دڵ و دەروون و هزر و ئەندێشە و خەیاڵ و جیهانبینی ئـەو دەبێـت و لـە دوارۆژدا ئەو کەسـە دەبێتە کەسـێکی زانا و دانا و بەتوانا و لێهاتـوو و پێشـکەوتوو و سـەرکەوتوو و تێگەیشـتوو و پێگەیشتوو و ئاکارجوان و رەوشتبەرز، هەروەها دەتوانێـت لـە گۆرەپانی داهێنـان و ئافراندن و نوێخوازی و نوێسـازیدا ئەسپی خۆی تاو بدات و لە گشـت بیاڤەکانی ژیاندا شوێنپەنجەکانی دیار بێت.

بۆیـە زۆربـەی کۆمەڵنـاس و دەروونناس و پەروەرشـیارانی جیهـان کۆکن لەسـەر ئەوەی، کـە خێزان گرنگتریـن کۆڵەگەیە بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستا و ئایندە...

لـەم سـۆنگەیەوە، پێویسـتە گرنگییەکـی زیاتـر بە پـەروەردەی خێزانی بدرێت، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشـمان هەبێـت، چونکە ئایندەی ئـەم وڵاتـە لـە دوارۆژدا دەکەوێتـە دەسـت نەوەکانـی ئێسـتا، بۆیە دەبێـت هەموومان لە ئاسـت ئەو بەرپرسـیارێتیەدا بین و ئەو ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرین و بتوانن نەوەیەکی زانا و بەتوانا و لێهاتوو و سـەرکەوتوو پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەین...



**مامۆستا بەدرەدین عەبدوڵڵا حەمەد مامۆستای پەروەردە و فێرکردن دەڵێت:**

لەپـەروەردەی منداڵـدا، خێـزان رۆڵێکـی گرنگی هەیە بۆ دروستکردنی مرۆڤایەتی لە ناخ و کەسایەتیی منداڵدا، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەشە لە داهاتووی منداڵەکەدا. خێزان پێویسـتییەکی کاریگـەرە لەژیانی منداڵدا بە جۆریک لە یەکەم ساتی ژیانیدا منداڵ پشت بەخێزانی دەبەستێت، دایـک و بـاوک یەکەمین ماموسـتاي منداڵن بۆ ژیـان، لەیەکەم سـاتی ژیـان تاکۆتایی تەمەن پـەروەردە کـردن و پێگەیاندنی منـداڵان تەنها دابینکردنی خۆراک، شـوێنی خەو، جلوبەرگ و بابەتی یاریکـردن نیە، بەڵکو پەروەردەکردن و دروسـتکردن و بنیاتنانی کەسـایەتی منداڵان، کـە گەورەکانـی دوارۆژن، ئامانج لەپەروەردەی منـداڵان ئەوەیە، کـە یارمەتی منـداڵان بدەین بۆ ئەوەی بەدروسـتی گەشـە بکەن و بەجوانی پێبگەن و بەباشی رەفتار و هەڵسوکەوت بکەن و کۆمەڵایەتی بن و کەسـاتیەکی دروست و بروا و متمانە بەخۆیانەوە هەبێت، تاکو بتوانن پشت بەتوانا و بەهرەکانی خۆیان ببەسـتن و هەستن بە بەرپرسیاریەتی بکەن و پەیوەندی بە بەهای جوان و پیرۆزەکان ببەستن.

**لە پەروەردەی منداڵدا، خێزان رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە بۆ دروستکردنی مرۆڤایەتی لە ناخ و کەسایەتیی منداڵەکەدا...**

**تاکی سەرکەوتوو و کۆمەڵگە و تەواوی شارستانیەتەکان لەسەر بنەمای کوالیتی سیستەمی پەروەردەیی خۆیان دامەزراون....**



**مامۆستا چیمن مەروان حسین مامۆستا لە قوتابخانەی کەرتی تایبەت گووتی:**

مامۆستا بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی سەلامەتی کۆمەڵگە دادەنرێت و بەبێ ئەو کۆمەڵگە هیچ بەهایەکی نییە. بۆیە پێویستە ڕۆڵی مامۆستایان بەرز بنرخێنین بەو پێیەی گرنگییەکی زۆریان لە ژیانماندا هەیە و هەروەها پەروەردە بکەرێکی بەهێزی گۆڕانکارییە بەو پێیەی تەندروستی و بژێوی باشتر دەکات، بەشدارە لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بزوێنەری گەشەی ئابوورییە.

تاکی سەرکەوتوو و کۆمەڵگە و تەواوی شارستانیەتەکان لەسەر بنەمای کوالیتی سیستەمی پەروەردەیی خۆیان دامەزراون.

منداڵان ڕەنگە بەزەحمەت وێنەی گەورەتر ببینن و تێبگەن، کە بۆچی ساڵانی خوێندنیان لە گرنگترین ئەو ساڵانەیە، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆیە وەک دایک و باوک گرنگە تۆ حەماسەتیان بۆ فێربوون ڕابکێشیت و دڵنیابیتەوە لەوەی، کە خوێندنیان واتا پێکهاتەدار.

وەک مامۆستایەکی باش گرنگە ڕەفتارێکی باشت هەبێت و لەبیرت بێت، کە قوتابیەکانت هەموو جارێک چاودێریت دەکەن، بۆیە ئاگاداری کارەکانت بە، مامۆستا بە دایک و باوکی دووەم دادەنرێت بۆ هەریەک لە قوتابیەکانی تەنانەت ئەگەر منداڵەکەت هێشتا زۆر گەنج بێت.

***پێداویستییە سەرەتاییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵان بریتین لە:**

_هەست بە خۆشەویستی ئەکەم.

_هەستکردن بە بوونی گوێگر.

_هەستکردن بە تێگەیشتن.

_هەستکردن بە قەدرزانی.

_هەستکردن بە ئاسایشی سۆزداری.

_هەستکردن بە بەهای خۆت.

_هەستکردن بە مانا.

_هەستی هیوا.

_ متمانە بە کەسانی تر بکات و ئەوانی تریش متمانەیان پێی هەبێت.

_هەستکردن بە پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەوە.

_هەستکردن بە لێهاتوویی.

_ هەستکردن بە کۆنترۆڵکردنی دەوروبەریان.

***لە تایبەتمەندی و هەڵوێست و ڕەفتاری مامۆستایان بریتین لە:**

_هاوسۆزی.

_ بێ حوکمدان و قبوڵکردنی منداڵ.

_ ئارامگرتن و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکیەکاندا بە هێمنی.

_ توانای دەربڕینی خەمخۆری و نیگەرانی.

_ گوێگرتنی چالاکانە.

_ سەبر، هاندانی منداڵان، بەردەوام ستایشکردنیان، وداننان بە دەستکەوتەکانیان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لە هەموو قۆناغێکی ژیانماندا ئامانجمان هەیە، کە دەمانەوێت پێی بگەین.

هەموو ئەمانە تەنها ئەوە دەخوازن، کە لە ڕێگەی مامۆستای ئایدیاڵ و ژینگەی پەروەردەیی گونجاوەوە پەروەردەیەکی باش بەدەست بهێنێت.

**مستەفا بدرالدین حمد مامۆستای پەروەردە و هونەر لە کەرتی تایبەت**

قوتابیان لەڕووی پەروەردەییەوە دەکرێنە ٥٠/٥٠ نیوەی بۆ کاریگەری مامۆستا، نیوەشی بۆ خانەوادە، من وەکو مامۆستایەکی هونەر






دەتوانم بڵێم کاریگەریەکی زۆرم هەبووە بۆ قوتابییان لەڕووی دەروونییەوە، چونکە بە چاو دیارن ئەو قوتابییانەی، کە برسی یاری کردنن و برسی نازی خانەوادەن و برسی چێژی منداڵییانن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە قوتابیان بێبەشن لە خۆشییەکانی خۆیان و تەمەنەکەیان، پێویستە لەسەردەمی ئەمڕۆدا چەند خاڵێک ئاماژە بخرێنە بەر دید ئەوانیش پێکدێن لە :

١-پەروەردەیەکی تەندروست
٢-نیشاندانی ئاراستەی ڕاست
٣-ناز هەڵگرتنی منداڵان
٤- فێرکردنێکی لەبیر مانەوە
٥-تێگەیاندنی ئامرازە ڕاستەکانی ژیان.

بەڕاستی ئەم خاڵانە پێویستە بکرێت لەڕووی پەروەردەی منداڵان لەلایەن مامۆستا و خانەوادە.

منداڵەکانیان فێری ڕێزگرتن بکەن و پێویستە مامۆستایانیش قوتابییان فێر بکەن کەوا چۆن لە داهاتوودا ببنە سەرکردەی سەربەخۆ بە شوێنکەوتنی چەندین ڕێگای گرنگ و کاریگەر و بەسوود.

پێویستە هەردوولا مامۆستا و دایک و باوک، کار لەسەر کەسایەتی قوتابی بکەن و هەموو هەوڵێک بدەن بۆ تێگەیشتن لە هەوڵەکانیان بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنێکی زۆر هەستیاردا بن و ڕووبەڕووی کۆسپ و بەربەستی زۆر ببنەوە لە گەشتی ژیاندا.

خوێندنەوەی کتێب لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەکردنی کەسی، بۆیە پێویستە قوتابیان بە شێوەیەکی دروست ڕێنمایی بکرێن و ژینگەیەکی تایبەت و سەلامەت بۆ فێربوون لە قوتابخانە و ماڵەوە بۆیان دروست بکرێت.

**خوێندنەوەی کتێب لەوانەیە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ گەشەکردنی کەسی، بۆیە پێویستە قوتابیان بە شێوەیەکی دروست ڕێنمایی بکرێن...**



**مامۆستا ڤیان مەروان حسین بەڕێوبەری قوتابخانە دەڵێت:**

پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان دایک و باوک و مامۆستاکان لە گەشتە پەروەردەییەکەی منداڵەکەدا، چونکە دایک و باوک و مامۆستاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەشەکردنی گشتگیری منداڵەکەدا و دایک و باوک کاریگەرترین مامۆستان لە ژیانی منداڵەکانیاندا.

پێویستە دایک و باوکان

# تۆڕی پای



رێبین ئەنوەر - میدیاکار
دەرچووی بەشی تەکنیکی میدیا

**تۆڕی پای لەلایــەن ئەکادیمییەکانی زانکۆی ستانفۆرد نیکۆلاس کۆکالیس و چێنگدیاو فان لە ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە، لە ١٤ی ئازاری ٢٠١٩ وەرەقەیەکی سپییان بڵاوکردەوە و ئەپی تۆڕی پاییان بڵاوکردەوە، ئەپەکە بۆ کانگاکردنی دراوی کریپتۆی Pi بەکاردێت، بەکارهێنەران هەر ٢٤ کاتژمێر جارێک دوگمەیەک دادەگرن.**

بەکارهێنەران کۆدی بانگهێشتنامە لە ئەندامێکەوە وەردەگرن بۆ ئەوەی بەشداری ئەپەکە بکەن، پلاتفۆرمەکە سیستەمێکی ڕەوانەکردنی هەیە، کە بەکارهێنەران پارەی زیادە بەدەستدەهێنن بەپێی ئەوەی چەند بەکارهێنەری نوێ ناویان تۆمارکردووە.

تۆڕی Pi جیاوازە لە زۆرێک لە دراوە کریپتۆکانی تر، بەو پێیەی میکانیزمێکی تایبەتمەند بەکاردەهێنێت، کە بە پرۆتۆکۆڵی کۆدەنگی ئەستێرەیی ناسراوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن سوود وەربگرن بۆ بەشداریکردنیان لە تۆڕەکەدا.

لە تۆڕی Pi چوار جۆر بەکارهێنەر هەیە، ئەمانەش بریتین لە:

پێشەنگ: ئەو کەسانەی، کە پێبی مین دەکەن، کە دوگمەی ڕەشەبا دەدەن، زیاتر لە ٣٥ ملیۆن پێشەنگ هەبوون، تا ٥ی ژانویەی ٢٠٢٣.

بەشداربوو: بەکارهێنەران لیستی بەکارهێنەرانی متمانەپێکراو پێشکەش بە تۆڕەکە دەکەن لە بەرامبەر هاندانێکدا.

باڵێوزەکان: ئەو کەسانەی، کە بەکارهێنەری نوێ دەهێننە ناو تۆڕەکە بە بەکارهێنانی کۆدی ڕەوانەکردنیان.

گرێکان: بەشداربووان، کە نەرمەکاڵای گرێی Pi لە کۆمپیوتەرەکانی ماڵەوەیان بەکاردەهێنن.

کاتێک تۆڕی pi دەستپێیکرد، ڕێژەی بنەڕەتی کانگاکردن PI 1.6 بوو لە کاتژمێرێکدا، کە دوای زیادکردنی 100, 000 بەکارهێنەر بۆ PI 0.8 کەمکرایەوە. کاتێک یەک ملیۆن کەس دەستیان بە بەکارهێنانی ئەپەکە کرد، پاداشتەکە بۆ PI 0.4 لە کاتژمێرێکدا دابەزی، دواتر بۆ PI 0.2 لە کاتژمێرێکدا دابەزی کاتێک بنکەی بەکارهێنەرانی گەیشتە 10 ملیۆن. کانگاکە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی تۆڕەکە دەگاتە یەک ملیار ئەندام.



## بەهای PI چییە؟

هێشتا دروستکەرانی تۆڕی Pi ژمارەی ئەو دراوانەیان ئاشکرا نەکردووە، کە لە سووڕانەوەدان کاتێک پرۆژەکە بە فەرمی دەستی پێکردووە و هێشتا زۆرترین دابینکردن دیاری نەکراوە.

بەڵام لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ئاڵوگۆڕی کریپتۆ هوبی گلۆباڵ لیستی PI ی ڕاگەیاند. بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای CoinGecko، لە ماوەی 24 کاتژمێری دوای ڕاگەیاندنەکەدا، نرخی PI لە 44.03 دۆلارەوە بۆ 232.97 دۆلار لە 30ی کانوونی دووەمی 2022 بە ڕێژەی 461.3%




بەرزبووەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی کۆکەرەوەی زانیارییەکان، بەکارهێنەران هەروەها مامەڵەیان لەگەڵ تۆکنی تۆڕی Pi لە XT.COM و BitMart دەکرد. بەڵام تۆڕی پای وەڵامی دایەوە و هۆشداریدا لە خستنەڕووی تۆکنەکەی لە هووبی و ئاڵوگۆڕەکانی تر، لە تویتێکدا کە تا ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ "ڕێگەی نەداوە بە هیچ لیستێکی ئاڵوگۆڕکردن".

هەروەها تۆڕی Pi لە ماوەی ساڵێکی ڕابردوودا یان زیاتردا چەندین بەربەستی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ تۆڕی پای خستنەبازاڕی Pi Connect ی ڕاگەیاند. Pi Connect بۆ چارەسەرکردنی سنووردارکردنی کریپتۆی ئێستای تۆڕی Pi، هەروەها پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر نرخ و ڕێژەی گۆڕینی Pi بۆ دراوە کریپتۆ بەناوبانگەکانی تر بە بەکارهێنەران.

Pi Connect ڕێگە بە بەکارهێنەرانی تۆڕی Pi دەدات، کە بازرگانی هاوبەش لەگەڵ تۆڕەکانی تری بلۆکچەین وەکو Binance Smart Chain (BSC)، Ethereum (ETH)، Polygon (MATIC) و ئەوانی تر بە خێرایی و بە نرخێکی گونجاو و پارێزراو ئەنجام بدەن.

جگە لە پردکردن لەگەڵ بلۆکچەین، کۆمپانیای PiConnect ئامانجیەتی کشتوکاڵ و گرەوکردن، پلاتفۆرمی لانچپاد، قەرزدان، زیادکردن و بازاڕکردن، لەنێو شتەکانی تردا دابین بکات.

PI تۆکنێکی بێ لیستە، کە بە کردەوە لە ٦ی نیسانی ٢٠٢٣ەوە بێ بەهایە. لە ئەنجامدا، هیچ زانیارییەکی مێژوویی لەسەر کارایی تۆڕی Pi نییە، چونکە هێشتا تۆکنەکە لە هیچ ئاڵوگۆڕێکی دراوی کریپتۆدا نەخراوەتە بازاڕەوە.

## خستنەبازاڕی پردی پای

لـە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ تۆڕی پای پردی پای ڕاگەیاند، کە هەوڵدەدات پردێک لە نێوان تۆڕی پای و زنجیرە بلۆکچەینەکانی تردا دابین بکات، سـەرەتا بە زنجیرەی زیرەکی بایانانس (BSC) دەست پێدەکات.

پردی پای، بـە گوتەی تیمی پەرەپێدان، دەروازەیەکی بێ متمانەیە، کە بۆشـایی نێوان تۆڕی پـای و بلۆکچەینەکانی دیکە لا دەبات، وا دەکات Pi بەردەسـت بێـت و بتوانێـت دەستی خەڵک بگات و ئامرازێکی دارایی نوێی بێ مۆڵەت و شـەفاف بـۆ بەکارهێنەرانی Pi دابین دەکات.

پردی پای ڕێگە بە داتاکان دەدات، کە لە تۆڕەکانـدا بجولێن و هەڵگرانی پای بە ئازادی لە نێوانیاندا تێپەڕن. هەروەها ئەمە دەرفەتێکە بـۆ خاوەن Pi بۆ ئەوەی سـەرمایەگوزاری لە بەهای سەروەت و سامانەکە بکەن.

## پێشبینی نرخی تۆڕی Pi

هیـچ پێشـبینییەکی نرخی تـۆڕی pi لە بەردەسـتدا نییە، بەو پێیەی هێشتا دراوەکە بە فەرمی نەخراوەتە بازاڕەوە. هەروەها تۆڕی Pi مێـژووی نرخی نییـە، ئەمەش وایکردووە شـیکاری بکرێـت، کـە نرخەکـەی چـۆن کاردانـەوەی دەبێت بەرامبەر بە هەڵاوسـانی بازاڕی کریپتۆ.

ئەگـەر بتەوێت پێشـبینی نرخی کریپتۆ بکەیت، پێویسـتە حاڵەتەکانـی بەکارهێنانی ئێسـتا و ئایندەیـی دراوی کریپتـۆ، ژمارەی ئەو کەسـانەی، کە لە ئێستادا خاوەنی دراوی Piن، تیمـی ئەندازیارانی پشـتەوەی، تواناى داهاتـووی تۆڕی Pi و هتد لەبەرچاو بگرێت. لە دۆخی Piدا، هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ زانینی هەموو ئەم ڕاستیانە.

ئەگـەر PI لە کۆتاییدا لە بازاڕی کراوەدا مامەڵەی پێوە بکرێت، ئەوا بەهای دراوی PI لە سـەرووی نرخی ئێستایەوە بەرز دەبێتەوە کە 0 دۆلارە.

کاتێـک پـرۆژە زۆر چاوەڕوانکـراوەکان سـەرەتا لـە ئاڵوگۆڕەکانـی دراوی کریپتـۆدا دەخرێنـە لیسـتی کۆمپانیاکانـەوە، زۆرجـار نرخەکانیـان لە چەند هەفتـەی یەکەمدا بەرز دەبێتـەوە. کاتێـک تاکەکان پەلـە دەکەن بۆ بەدەسـتهێنانی ’شـتە گەورەکـە‘ی ئایندەیی نوێ، بەهۆی خواسـتێکی زۆرەوە، سەرمایەی بازاڕ بەرز دەبێتەوە.

بـەڵام بەگشـتی نرخەکـە بـۆ ماوەیەکی درێـژ بـە بـەرزی نامێنێتەوە. بـەزۆری چەند ڕۆژێـک دوای کاڵبوونەوەی یەکەم بانگەشـەی دادەبەزێـت، چونکە خەڵک دەسـت دەکەن بە فرۆشـتنی دراوەکانیان بۆ ئـەوەی قازانجێکی خێرا بەدەستبهێنن. ئایا تۆڕی Piیش تووشی هەمـان چارەنـووس دەبێـت؟ ئێمـە نازانین. لەوانەیـە، کە PI هەرگیز لە بـازاڕی کراوەدا نەخرێتە بازاڕەوە.

بەپێی وتەی سوزانا ستریتەر، شرۆڤەکاری بـاڵای وەبەرهێنـان و بازاڕەکان لـە هارگریڤز لانسـداون، پای ”هیچ بەهایەکی نییە“ چونکە ”هێشتا ناتوانرێت بازرگانی پێوە بکرێت“.

هەروەهـا ئامـاژەی بەوەشـکردووە، ئەپەکـە لەسـەر بنەمـای ”تەکنەلۆژیـای زۆر تازەپێگەیشتو و تاقیکاری“ دامەزراوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، سەرەڕای ئیدیعای زۆر، هیـچ دڵنیاییـەک نییـە، کە ئـەم تۆڕە داهاتوویەکی دەبێت و زۆر زووە بزانین ئایا ئەو دراوانەی بەدەسـت دەهێنرێـن بەهای هیچیان دەبێت یان نا؟

## داهاتووی تۆڕی پای چییە؟

نرخـی داهاتـووی دراوی Pi تـا ئێسـتا نادیارە، لە کاتێکدا تۆڕی Pi ئامانجی ئەوەیە ڕێگە بە هەر کەسـێک بدات کریپتۆ بدۆزێتەوە و وەک زۆرێـک لـە پلاتفۆرمـە کریپتۆکانـی تـر دەیەوێـت تەکنەلۆژیـای بلۆکچەیـن زیاتر دەستڕاگەیشـتن بـکات، بـەڵام پـڕ بـووە لە مشتومڕ.

پێکهاتـەی بەهێزی هاندان بە شـێوەیەکی بەرچاو لـە بەرژەوەنـدی دامەزراندندایـە، لە کاتێکـدا کانگـەرەکان بە دراوێکـی کریپتۆی ڕەسەن قەرەبوو دەکرێنەوە، کە هیچ بەهایەکی ڕاستەقینەی نییە.

پێشـنیار دەکرێت وەبەرهێنـەران وریا بن لەکاتـی مامەڵەکردن لەگەڵ ئـەم جۆرە کارە گەمژانەیەی دراوی کریپتۆ.

**پردی پای ڕێگە بە داتاکان دەدات، کە لە تۆڕەکاندا بجولێن و هەڵگرانی پای بە ئازادی لە نێوانیاندا تێپەڕن.....**

# میدیای پەروەردەیی

**میدیا بە پەهەندێکی سەرەکی سەدەی بیست و یەک دادەنرێت. یەکێکە لە سەرچاوە ستراتیژییەکان لە بنیادنانی پرۆژەکانی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی.**

میدیا لە ڕووی زاراوەوە : "بریتییە لە گەیاندنی زانیاری بە کەسانی تر"، هەندێ لە توێژینەرەکان میدیا بە "زانیاری پەیوەندی بە جەماوەرەوە" ناودەبەن.

میدیا بۆتە بەرزترین هۆی ڕووبەڕووبوونەوە و بەهێزترین چەک لە جیهاندا، توانای بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاوەدانی هەیە و توانای هەڵگیرساندنی شەڕ و وێرانکردنیشی هەیە. میدیا لە دوای دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و یاسایی و دادوەری بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناوی دەبەن.

## میدیای پەروەردەیی

زاراوەیەکی تازەیە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت. کاتێک، کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (یونیسێف) بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانیاری، لە ساڵی (١٩٧٧)دا لە کۆنگرەی سی و شەشەمیندا تایبەت بە پەروەردە، زاراوەی (میدیای پەروەردەیی)یان بەکارهێنا، بۆ ئاماژەکردن بەو شێوە پێشکەوتووانەی، کە لە بواری پەروەردەدا هاتوونەتە دی.

میدیای پەروەردەیی، بەوە پێناسە دەکرێت، کە قۆستنەوەی دەزگاکانی میدیایە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی پەروەردە، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی فێرکردن و پەروەردەکردن و ڕۆشنبیریکردنی منداڵان.

میدیای پەروەردەیی، سووچێکی بنەڕەتییە لە کرداری پەروەردەیی و فێرکردندا، کە بە هۆیەوە منداڵان پێشدەکەون، تا ئەو ڕادەیەی، کە توانای هەڵبژاردن و بڕیاردانی دروست و گونجاویان دەبێت، لەو کار و بڕیارانەی، کە تایبەتن بە ئەمڕۆ و داهاتووی خودی خۆیانەوە.. لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیدا.

هۆیەکانی میدیاش، کەرەستەیەکی گرنگی پەروەردەکردنن بەڵکو میدیا و پەروەردە، دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و تەواوکەری یەکترین. ئەدەبی پەروەردەیی و میدیا، ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەردووکیان گرنگن، بۆ یەکترین و بەبێ یەکتری هەڵناکەن.

پلاندارێژەری میدیا بۆ داڕشتنی پلانەکانی، پشت بە ئامانج و شێوازی پەروەردەیی دەبەستێت،

ئامانجی پەروەردە و میدیاش، گۆڕینی ڕەوشتی مرۆڤە بەرەو دروستتر و باشتر.

ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە میدیای پەروەردەیی هەیە، تا لەپاڵ ڕۆشنبیریی پەروەردەیی و زانیارییدا، بەشداری لە ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیشدا بکات.

میدیای پەروەردەیی، سووچێکی بنەڕەتییە لە کرداری پەروەردە و فێرکردندا، کە بە هۆیەوە منداڵان پێشدەکەون، تا ئەو ڕادەیەی، کە توانای هەڵبژاردن و بڕیاردانی دروست و گونجاویان دەبێت، لەو کار و بڕیارانەی، کە تایبەتن بە ئەمڕۆ و داهاتووی خودی خۆیانەوە.. لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیدا.

پسپۆڕانی میدیا پێناسەی جۆرجۆراویان بۆ میدیای پەروەردەیی کردوە تا ئەوەی، کە هەندێکجار تێکەڵاویی لەنێوان میدیای پەروەردەیی و میدیای فێرکارییدا هەیە، بەڵام دەکرێت "میدیایی پەروەردەیی وەک جۆرێک لەمیدیای تایبەتمەند بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای جەماوەریی بۆ خزمەتکردنی هەموو شتێکی پەیوەست بەکردەی پەروەردەیی و پرۆگرامەکانی خوێندن پێناسە بکرێت". واتە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا لەناو خوێندنگە و دەرەوەی خوێندنگەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەچوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا.

ئامانجە پەروەردەییەکان لە میدیای پەروەردەیی دەکرێت لەم چەند خاڵەدا پوخت بکرێن:-



**دانا سەباح محەمەد ئەمین**
قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا

## میدیای پەروەردەیی، بەوە پێناسە دەکرێت، کە قۆستنەوەی دەزگاکانی میدیایە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی پەروەردە ....

١. بەشداریی لەچاندنی بەها باڵاکان و بڵاوکردنەوەیاندا دەکات، بەتایبەت دەستبەرکردنی بەهاکانی فێرکردن، گەشەپێدانی ئاراستەی ڕەفتاری بنیاتنەر، بوژاندنەوەی ئاستی پەروەردە و هزر و شارستانیی و ویژدانی لای وەرگران.

٢. لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی سیاسەتی پەروەردەیی بۆ بەشدارییکردن لەسەرکەوتن و کارلێکردن لەگەڵ یەکتردا.

٣. پاراستن و بڵاوکردنەوەی میراتی پەروەردەیی، هەروەها ناساندنی کەسێتییە دیارەکان و هەوڵە پەروەردەیی و زانستییەکانیان.

٤. ناساندنی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لەبواری هزری پەروەردەیی و تەکنەلۆژیای فێرکاری، هەروەها هاندانی قوتابی لەسەر توێژینەوەی زانستیی و ڕۆشنبیریی و میدیایی.

٥. دەرخستنی ڕۆڵی قوتابخانە وەک ئامرازێکی سەرەکیی بۆ پەروەردە و فێرکردن.

پەروەردەی میدیایی و بنەماکانی هەموو میدیایەک لەسەر چەند بنەمایەک دادەڕێژرێت، کە گوزارشت لەدیدگای ئەو میدیایە دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا. هەندێکجار کارنامەی تایبەتیی لەپشتەوەیە، بەڵام میدیای پەروەردەیی لەسەر چەند پرەنسیپێک دادەڕێژرێت، کە پەیوەندییدارن بەژێرخانی پەروەردەیی تاکەکانی کۆمەڵگەوە و دوورە لەبەرژەوەندی تایبەتیی، کە بەگشتیی ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:-

١. قووڵکردنەوەی هەستی نیشتمانی، لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بەوەی، کە ڕۆڵی خۆیان لەبوژاندنەوە و پارێزگارییکردن لەسامان و دەستکەوتەکانی وڵاتەکەیاندا بگێڕن.

٢. جەختکردنەوە لەسەر زمانی دایک، کە ئامرازی سەرەکییە بۆ گوتاری میدیای پەروەردەیی و گەنجینە کولتوورییەکەی.

٣. ڕۆشنایی خستنەسەر کۆڵەکە زانستییە پەروەردەییەکان لەپەیامی میدیای پەروەردەیی وەک: مامۆستا، قوتابی، خوێندنگە، پرۆگرام و خێزان و بەشدارییکردن لەناساندنی ڕۆڵ و ئەرک و مافەکانیاندا.

٤. پابەندبوون بە بابەتی بوون لەخستنەڕووی ڕاستییەکاندا و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی قسەکردن و ڕێزگرتن لە وشە.

٥. کارلێکردنی هۆشیارانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی شارستانێتی جیهانیی لەسەرجەم بوارەکاندا، هەروا هەماهەنگیی نێوان میدیای پەروەردەیی و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان.

### پەرووردەی میدیای و منداڵان:

گرنگی میدیای ئاراستەکراوی منداڵان، لە گرنگی خودی منداڵانەوە سەرچاوەی گرتووە. منداڵان گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەل و وڵاتن، گرنگی دان بە منداڵان، گرنگی دانە بە ئەمڕۆ و بە داهاتوو، چونکە منداڵان بەشێکن لە ئەمڕۆ و هەموو داهاتووشن، کارکردن لە میانەی ئەوەی، کە ئەوەی نوێمان سامانی ڕاستی کۆمەڵن.

گرنگی میدیای پەروەردەیی، هەموو



لایەنەکانی ژیانی منداڵان دەگرێتەوە، منداڵ، کە لەدایک دەبێت، پەڕەیەکی سپی نەنووسراوە، زەوییەکی بەیاری نەکێڵراو و تۆو نەکراوە، گیانلەبەرێکی بایۆلۆژییە.. لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیریکردنی، لە ڕێگای داب و نەریت و بەهاکان و ڕەوشت و یاسا و ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری، کە لە خێزانەکەی و لە باخچەی منداڵان و لە قوتابخانە و لە ژینگەی دەوروبەری و لەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژی وەریاندەگرێت.. لە گیانلەبەرێکی بایۆلۆژییەوە، دەگۆڕێت بۆ کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی و شارستانی، پێویستە هانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەبواری میدیای پەروەردەیی بدرێت، میدیای پەروەردەیی بەهەموو جۆرەکانییەوە، گرنگییەکی زۆریان بۆ منداڵان هەیە، ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لە گرنگییەکانی:

١ـ گەشە بە هەستی بەرپرسیارێتی لە منداڵاندا دەکات.

٢ـ بڕوا و متمانە بەخۆبوونی منداڵان زیاتر و شیرینتر دەکات.

٣ـ کار بۆ چاندنی بەها بەرزەکان دەکات لە دەروونی منداڵاندا.

٤ـ بە پێی خەسڵەتەکانی قۆناغەکانی تەمەن و تایبەتمەندییەکانی زمان، بە شێوازێکی ناسک و شیرین و ئاسان منداڵان دەدوێنێت.

٥ـ بنیادنای تەوای منداڵان.

٦ـ ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری و زانستی منداڵان بەرزدەکاتەوە.

٧ـ گەشەکردنی زمانی و دەوڵەماندکردنی فەرهەنگی وشە و ڕستەکانیان.

بۆ ئەوەی منداڵ پەروەردەیەکی میدیایی هەبێت، پێویستی بەوە هەیە، کە دەرفەتی بەشدارییکردن و گەڕانی بۆ بڕەخسێنرێت؛ لەپێناوی پەرەدان بەهۆشیاری و کارامەییدا، تاوەکو میدیا بەشێوەیەکی گونجاو و مەبەستدار بەکاربهێنێت. لێرەشەوە؛ منداڵ پێویستی بەوە هەیە لە ناوەڕۆک و مەرامەکانی میدیا تێبگات، بۆ ئەوەی لە کەسێکی بەکاربەرەوە ببێتە کەسێکی ڕەخنەگر و هەڵسەنگێنەر و توانای ئەوەی هەبێت، کە زانیارییەکانی ناو میدیا بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەرهەمبهێنێتەوە.

**میدیای پەروەردەیی، سووچێکی بنەڕەتییە لە کرداری پەروەردەیی و فێرکردندا...**



# پیسبوونی ژینگە و
# کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ



ئەحمەد مۆفەق
قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا

**بێگومان گەر لە شوێنێکی بەرزەوە سەیری هەولێری پایتەخت بکەین دەبینین چۆن دووکەڵ و پیسبوونی ژینگەی پێوە دیارە، جا بابزانین هۆکار چییە و پیسبوونی ژینگە چیە؟**

پیسبوونی ژینگە، کە بەهۆی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەوە دروست دەبێت وەک دەردانی گازی ژەهراوی پیشەسازی، دارستانبڕین و فڕێدانی پاشماوەی نادروست، دەتوانێت کاریگەری توندی لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەبێت. بۆ نموونە پیسبوونی هەوا دەبێتە هۆی کێشەی هەناسەدان و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان و کێشەی تەندروستی دیکە. ڕەنگە پیسبوونی ئاو ببێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، کە ببێتە هۆی نەخۆشییە گواستراوەکانی ئاو، سەرەڕای ئەوەش، پیسبوونی خاک دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەرهەمە خۆراکیەکان هەبێت، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی خواردنی ماددە زیانبەخشەکان، بە گشتی چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگە بۆ پاراستنی خۆشگوزەرانی مرۆڤ و هەسارەکە زۆر گرنگە.

## کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ چیە ؟

1. کێشەکانی کۆئەندامی هەناسەدان:

• بەرکەوتن بە پیسکەرەکانی هەوا وەکو گەردیلە و ئۆزۆن دەبێتە هۆی کێشەی هەناسەدان وەکو تەنگەنەفەسی و نەخۆشی درێژخایەنی ڕێگری سییەکان (COPD).

2. نەخۆشیەکانی دڵ و خوێنبەرەکان:

• پیسبوونی هەوا پەیوەندی بە زیادبوونی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و جەڵتەی مێشکەوە هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر سیستەمی دڵ و خوێنبەرەکان دەبێت.

3. نەخۆشییە گواستراوەکانی ئاو:

• سەرچاوەی ئاوی پیس بەهۆی پیسبوونەوە دەتوانێت ببێتە هۆی نەخۆشییە گواستراوەکانی ئاو وەک کۆلێرا و تایفۆید و کێشەکانی گەدە و ڕیخۆڵە.

4. مەترسییەکانی شێرپەنجە:

• بەرکەوتنی درێژخایەن بە هەندێک ماددەی پیسکەر، وەک ماددە کیمیاییە پیشەسازییەکان و ژەهری هەوا، ڕەنگە بەشداربێت لە گەشەکردنی شێرپەنجە لە مرۆڤدا.

5. کاریگەری دەمارەکان:

هەندێک لە پیسکەرەکان دەتوانن کاریگەری ژەهراوییبوونی دەماریان هەبێت، کە ئەگەری هەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر کارکردن و گەشەکردنی مەعریفی، بەتایبەتی لە منداڵاندا.

6. پرسی زاوزێ و گەشەکردن:

• ڕەنگە هەندێک پیسکەر کاریگەری لەسەر تەندروستی زاوزێ بکەن، کە دەبێتە هۆی کێشەی منداڵبوون، کەموکوڕی لەدایکبوون، یان کێشەی گەشەکردن لە منداڵانی لەدایک نەبوودا.

7. کێشەکانی پێست:

• بەرکەوتن بە هەوا یان ئاوی پیس دەتوانێت بەشداربێت لە کێشەکانی پێست و هەستیاری، کاریگەری لەسەر باشی گشتی تاکەکان دەبێت.

8. تێکچوونی هێلکەدان:

• بەرکەوتن بە ماددە پیسکەرەکان دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی ناوپۆشی لەش و دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی هۆرمۆنەکان و کێشە تەندروستییە پەیوەندیدارەکان.

9. کاریگەری لەسەر دانیشتوانی لاواز:

• منداڵان و بەساڵاچووان و ئەو کەسانەی، کە پێشتر بارودۆخی تەندروستییان هەبووە، زۆرجار زیاتر ئامادەن بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی پیسبوونی ژینگە.

10. دەرئەنجامە تەندروستییە درێژخایەنەکان: بەرکەوتنی کەڵەکەبوو بە پیسکەرەکان بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە بەشداربێت لە بارودۆخی تەندروستی درێژخایەن، کە مەترسی درێژخایەن بۆ دانیشتوانی مرۆڤ دروست دەکات.

تێگەیشتن لەم کاریگەرییە تەندروستییانە جەخت لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگە دەکاتەوە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و پێشخستنی داهاتوویەکی بەردەوام و تەندروست.

## چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگە پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەنە هەیە:

1. ڕێوشوێنە ڕێکخراوەییەکان:
بەهێزکردن و جێبەجێکردنی ڕێسا ژینگەییەکان بۆ سنووردارکردنی دەردانی گازی ژەهراوی، کۆنترۆڵکردنی فڕێدانی پاشماوە، و دڵنیابوون لە پراکتیزە پیشەسازییە بەرپرسیارەکان.

2. گواستنەوە بۆ وزەی بەردەوام:
• وەبەرهێنان و پێشخستنی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سووتەمەنی بەردینی و کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا و کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا.

3. باشترکردنی بەڕێوەبردنی پاشماوە:
• جێبەجێکردنی سیستەمی کارامەی بەڕێوەبردنی پاشماوە، لەوانەش ڕیسایکلکردن و فڕێدانی دروست، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پاشماوە لەسەر ژینگە.

4. دارستان و دارستانکردنەوە:
• پشتگیریکردن و بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی چاندنی دار بۆ بەرەنگاربوونەوەی دارستانبڕین، بەرزکردنەوەی هەڵمژینی کاربۆن و گەڕاندنەوەی ئیکۆسیستەمەکان.

5. پاککردنەوەی گواستنەوە:
• هاندانی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی و گواستنەوەی گشتی و پاسکیلسواری بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی ژەهراوی ئۆتۆمبێل و پیسبوونی هەوا.

6. پەروەردە و هۆشیاری:
• زیادکردنی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی پیسبوون و پێشخستنی ڕەفتارە هۆشیارەکانی ژینگە لە ڕێگەی بەرنامەکانی پەروەردە و گەیاندن.

7. تەکنەلۆژیای سەوز:
• وەبەرهێنان و وەرگرتنی تەکنەلۆژیا دۆستی ژینگە، کە کەمترین پیسبوون و کەمبوونەوەی سەرچاوەکان لە پیشەسازییەکان و ژیانی ڕۆژانەدا.

8. هاوکاری نێودەوڵەتی:
• پەرەپێدانی هاوکاری جیهانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پیسبوونی سنوور بەزاندن، دڵنیابوون لە هەوڵێکی یەکگرتوو بۆ پاراستنی ژینگە.

9. توێژینەوە و داهێنان:
• پشتگیریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی توێژینەوە، کە سەرنجیان لەسەر پەرەپێدانی چارەسەری داهێنەرانە بۆ خۆپاراستن لە پیسبوون و پراکتیزە بەردەوامەکان بوو.

10. بەرپرسیارێتی کۆمپانیا:
هاندانی بازرگانەکان بۆ گرتنەبەری شێوازە بەرپرسیارەکانی ژینگە، کەمکردنەوەی دەردانی گازی ژەهراوی و جێبەجێکردنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بەردەوام.

بە تێکەڵکردنی ئەم هەوڵانە دەتوانین کاربکەین بۆ ژینگەیەکی پاکتر و تەندروستتر، کە هەم هەسارەکە و هەم نەوەکانی داهاتوو بەردەوام بێت.

دەبێت مرۆڤەکان، هەر تاکێک لە شوێنی خۆیەوە پارێزگاری لە ژینگەدا بکات و پیسی نەکات چونکە لە کۆتاییدا دەگەین بە شتێک، کە پاراستنی ژینگە بەدەستخستنی تەندروستیەکی باشە بۆخودی خۆت.

**دەبێت مرۆڤەکان، هەر تاکێک لە شوێنی خۆیەوە پارێزگاری لە ژینگەدا بکات و پیسی نەکات...**

# میدیای نوێ



**حسین مۆفەق**
قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا

میدیای نوێ زاراوەیەکی مۆدێرن و جیاوازە لەگەڵ میدیای تەقلیدی، چونکە میدیای نوێ ئیتر نوخبەیەکی کۆنترۆڵکەر یان سەرکردەی میدیایی نییە، بەڵکو بووەتە بەردەستی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی بۆ چوونە ژوورەوە و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لێی تا ئەو کاتەی توانا و شارەزان لە ئامرازەکانیدا.

پێناسەی میدیای نوێ چییە؟ ئەوان ئەو ئامراز و هۆکارە نوێیانەن، کە پرۆسەی میدیای پەیوەندیکردن لەسەریان کاردەکات، پشت بە ئینتەرنێت و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا دەبەستێت و بەردەوام لە گۆڕاندان، لەگەڵ ئەو نوێکاریانەی، کە لە تەکنەلۆژیادا ڕوودەدەن، ئامراز و هۆکارەکانیش بریتین لە سایتەکانی ئینتەرنێت و ڤیدیۆ و دەنگەکان، کە هەن دەگوازرێتەوە بۆ تۆڕەکە، ئیمەیڵ، پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و زۆر میدیای نوێی تر، هەروەها پێی دەوترێت میدیای کارلێککار، یان میدیای ڕاستەوخۆ، کە پشت بە کارەکانی دەبەستێت بە چەندین میدیای تەکنیکی.

تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی زانستی تایبەت نییە، کە بە وردی چەمکی میدیای نوێ پێناسە بکات، بەڵام میدیای نوێ چەندین هاوواتای هەیە، لەوانە:-

میدیای بەدیل.
تۆڕی کۆمەڵایەتی.
ڕۆژنامەگەری هاوڵاتی.
سایتەکانی سۆشیال میدیا.

میدیای نوێ ئامرازی پێویستی هەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دەستی بگات بە جیهانەکەی، وەک:-

بەردەستبوونی ئامێری ئەلیکترۆنی (کۆمپیوتەر، مۆبایلە زیرەکەکان، تابلێت).

**بەردەستبوونی ئینتەرنێت.**

سەبسکرایبی بکە یان بەشداری یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، یوتیوب، بلۆگەکان و سایتە کۆمەڵایەتییە ئەلیکترۆنییە چالاکەکانی دیکە بکە، کە قورساییەک لە جیهانی مەجازیدا پێکدەهێنن.

یوتیوب بە یەکێک لە سایتە گرنگەکان دادەنرێت، کە بووە هۆی دۆزینەوەی چالاکی کۆمەڵایەتی و کۆمیدیەکان لە میدیای نوێوە.

## تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ

میدیای نوێ چەندین تایبەتمەندی هەیە لەوانە:-

کارلێککارانە: کە پەیوەندیکەر و وەرگر ڕۆڵ دەگۆڕنەوە و پراکتیکی پەیوەندیکردن دوولایەنە و بەرامبەرە، یەک ئاراستەیی نییە، بەڵکو زیاتر گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لایەنەکەدا هەیە.

ناهاوسەنگی: ئەگەری کارلێککردنە لەگەڵ پرۆسەی پەیوەندیکردن لەکاتی گونجاودا بۆ تاکە کەسەکە، جا وەرگر بێت یان نێرەر.

بەشداریکردن و بڵاوبوونەوە: میدیای نوێ ڕێگە بە هەر کەسێک دەدات، کە خاوەنی ئامرازە سادەکانە، ببێتە بڵاوکەرەوەیەک، کە پەیامەکەی بۆ کەسانی دیکە دەنێرێت.

جوڵە و نەرمی: دەتوانرێت ئامرازی نوێ بگوازرێتەوە بۆ یاوەری وەرگر و نێرەر، وەک کۆمپیوتەری مۆبایل، کۆمپیوتەری ئینتەرنێت، مۆبایل و ئامێری دەستی، بە سوود وەرگرتن لە تۆرە بێ وایەرەکان.

گشتگیربوون: ژینگەی پەیوەندیکردن



بووەتە ژینگەیەکی جیهانی، بەربەستەکانی کات و شوێن و سانسۆر تێپەڕاندووە.

Media Fusion: لە میدیای نوێدا هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێن، وەک دەق، دەنگ، وێنەی وەستاو، وێنەی جوڵاو، گرافیکی دوو ڕوویی و سێ ڕەهەندی...هتد.

بە پێچەوانەی بەرکەوتن بە میدیای تەقلیدی، کە بەزۆری نەرێنی و ڕووکەشە.

### دەستکەوتەکانی میدیای نوێ

میدیای نوێ سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی چەند پرسێکی گرنگ دوای پەسەندکردنیان لەلایەن پێشەنگەکانییەوە بۆ پرسی ڕای گشتی، سەرنجی کۆمەڵگە و بەرپرسانی بۆ لای ڕاکێشێت، هیچ کەسێک ئەمڕۆ ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات، کە حەزی لە کاروباری گشتی هەیە، یان نزیکە لە پەپولەی شەقام، و هەستکردن بە نیگەرانییەکانی خەڵک بەبێ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ کەناڵە نوێیە میدیاییەکان، هیچ لایەنێک، کە خزمەت بە هاوڵاتیان بکات لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پلانێکی ڕوونی نەبێت بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی میدیای نوێدا.

### پەیوەندی نێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ



کێبڕکێیەکی توند و توند لە نێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێدا هەیە.

ئاماری پشتڕاستکراوە سەبارەت بە دابەزینی ژمارەی شوێنکەوتوانی میدیای تەقلیدی و زیادبوونی بەکارهێنەرانی میدیای نوێ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا هەیە.

هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی دەستیان کرد بە پێکهێنانەوەی خۆیان و دووبارە بنیاتنانەوەی خۆیان، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە میدیای نوێ ببن و بەشێک بن لێی.

### ئەو دیاردانەی کە هاوڕێی میدیای نوێ بوون

شکاندنی قۆرخکاری دامەزراوە گەورەکانی میدیا.

سەرهەڵدانی چینێکی نوێی پیشەگەری میدیا، هەندێکجار پسپۆڕی میدیا نین، بەڵام بوونەتە پیشەیی لە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی میدیای نوێدا، کە تێیدا لە پسپۆڕە ڕەسەنەکان باڵاترن.

پلاتفۆرمی نوێ بۆ دیالۆگ هاتۆتە ئاراوە، هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا توانای ناردن و وەرگرتن و کارلێککردن و شوێنکەوتن و پرسیارکردن و کۆمێنتی ئازادانە و بە خێراییەکی زۆرەوە بووە.

دەرکەوتنی زانیاری گشتی بۆ ڕای گشتی.

سەرهەڵدانی ناوەڕۆکی نوێی کولتووری و میدیایی.

بەشداربە لە دانانی کارنامەی کار.

سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵگەی مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

شکاندنی جەماوەر.

زیانەکانی میدیای نوێ چین؟ سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی، کە میدیای نوێ بەدەستی هێناوە، کەموکوڕی هەیە، لەوانە: نەبوونی متمانە لەزۆربەی ئەو زانیاریانەی، کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بێتوانایی لە کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو بیرکردنەوە و بیروباوەڕە نەرێنیانەی، کە هاندەری توندوتیژین، زیادبوونی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، لەبەر ڕۆشنایی زیادبوونی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و مالتیمیدیا، ڕێزنەگرتن لە مافی چاپکردن، و نەبوونی کۆنترۆڵی ڕوون، کە گەرەنتی ڕێزگرتن لە بەها ئەخلاقییە گونجاوەکان و ژیانی تایبەتی تاکەکان بکات.

**کێبڕکێیەکی توند و توند لە نێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێدا هەیە....**

# پێگەی میدیای نوێ لەسەردەمی نوێدا




**هودا عوسمان**

قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا


بواری میدیا بەگشتی ژیانی مرۆڤایەتی داگیر کردووە، سەرەتا دەبێت لەم نێوەندی داگیرکاریەدا بزانین میدیای نوێ چییە؟ چونکە لای هەمووان ئاشکرایە، کە میدیای باو یاخود تەقلیدی ئەو میدیایەیە، کە خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا دەبینێتەوە.

میدیای نوێ شۆڕشێکی گەورەی زانیارییە، کە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرجەستەی دەکەن، ئەمجۆرە لە میدیا بە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی دێت لەڕوی مرۆڤایەتییەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە کەرتی میدیا بۆ دوو بەرە دابەش ببێت، ئەوانیش میدیای تەقلیدی و میدیای نوێیە.

لەگەڵ گەشەسەندی تەکنەلۆجیا، میدیای نوێ خۆی خزاندۆتە نێو دەستی هەموومان وەک بەکارهێنانی تەلەفۆنە زیرەکەکان و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لێی لە بڵاوکردنەوەی وێنە و هەواڵ و ڤیدیۆ و سەرجەم ئەو شتانەی، کە دەمانەوێت لە تۆڕەکان بڵاوی بکەینەوە و هەموو شێوازەکانی مۆنتاژی فۆتۆیی و ڤیدیۆیی تیادا ئەنجام بدەین، تەنانەت بە ئاسانی دەتوانین پەخشیان بکەین، کەواتە هەموو ئەمانە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی نەتوانێت بە سانایی و ئاسایی بجوڵێتەوە، چونکە بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی.

لەبیرمان نەچێت میدیای نوێ لەم ساڵانەی دواییدا، توانی هۆکارێک بێت لە هەڵگیرسانی خۆپیشاندان و شۆڕشی نوێی بەهاری عەرەبی لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا و خۆپیشاندانی خەڵکی عێراق لە ساڵی 2018 دژ بە حوکمەتی فیدڕالی عێراق.

کەواتە واپێویست دەکات بزانین لەپاڵ میدیای نوێ و دیجیتاڵ میدیادا کامانەن ئەو دیاردانەی ئەمڕۆ دەرکەوتوون لەپاڵ ئەم میدیایەدا، کە ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دیاردانەی ÷

یەکەم: توانیویەتی توێژێکی تری میدیاکار دەربخات، کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان بە بواری کاری میدیاوە نییە.

دووەم: دەرکەوتنی بڵندگۆی نوێ، کە مرۆڤەکان دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی بەیەکتریەوە بکەن و بە شێوازێکی خێرا و ئازادانە کۆمێنت و قسە لەسەر بابەتی یەکدی بڵێن.

سێیەم: دەرکەوتنی میدیای جەماوەر بۆ جەماوەر.

چوارەم: ئەوەی میدیا تەقلیدییەکان ناتوانن لە کەناڵەکانیانەوە باسی بکەن لەڕێگەی ئەم جۆرە لە میدیای نوێ دەیخەنە بەردەست و بەرچاو و ڕای گشتی.

پێنجەم: دەبێتە هۆی پەرت بوونی جەماوەر بەشێوازی گروپی بچوک، لەکاتێکدا میدیای تەقلیدی جەماوەرێکی پان و بەرینی هەبوو.

شەشەم: دەرکەوتنی دیاردەی کۆمەڵگەی خۆسەپێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش کۆمەڵە کەسانێکن موخاتەبەی کۆمەڵگە و کەسانی تر دەکەن بەهۆی ئەم میدیا نوێیەوە بەو مەبەستەی دەیانەوێت.

پسپۆڕانی زانستی نوێی میدیایی بۆیان دەرکەوتووە، کە میدیای نوێ لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە جێگای گومانە÷

یەکەم: کەمتر جێگەی متمانەی بینەر و خوێنەرێتی بەتایبەتی ئینتەرنێتیەکان، چونکە بڵاوکردنەوەکان بەردەوام جێگەی گومانن و کەسە سەرەکییەکان، کە لەگەڵ میدیای نوێ مامەڵە دەکەن دیارنین.

دووەم: ئازادییەکەی، کە هیچ سنورێکی نییە و کات و شوێنی دیار نییە، پەنا دەباتە بەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و بۆچونی هەڵە.

هەموو ئەمانە ڕێگە خۆشکەر دەبن لەبەردەم دروست بوونی هەموو جۆرە تاوانێک لەڕێگەی ئەم جۆرە میدیا نوێیەوە.

کەواتە چۆن دەتوانین ببینە بەربەست لە بەکارهێنانە هەڵەکانی میدیای نوێ بۆ ئەمەش بەدڵنیاییەوە پێویستمان بە یاسایەکە ئەمە ڕێکبخات وەک چۆن یاسای ڕۆژنامەگەری میدیای ڕێک خستووە.

# كاریگەری میدیا لەسەر بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر



**كەبیر میرۆ**
قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا

میدیا كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لەسەر بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان لە كۆمەڵگەدا، لە كاتێكدا، كە میدیا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دروستكردنی بۆچوونێكی گشتی تەندروست تر، هەروەها دەتوانێت كاریگەری لەسەر شێوازی تێڕوانینی خەڵك لە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان هەبێت، گرنگە تێبگەین، كە میدیا چۆن كاریگەری لەسەر بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین كۆمەڵگەیەكی تەندروستتر دروست بكەین.

یەكەم: میدیاكان دەتوانێت بیروڕای گشتی سەبارەت بە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان لە قاڵب بدات، دەزگاكانی هەواڵ و میدیاكانی تر دەتوانن بەشداری بكەن لە چۆنیەتی سەیركردنی خەڵك لە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان و ئالوودە بووانی مادده هۆشبەرەكان، لە لایەكی دیكەوە، ئەو میدیایانەی، كە بە وردی مەترسییەكانی بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان نیشان دەدەن، دەتوانن یارمەتیدەر بن لە ئاگاداركردنەوەی خەڵك لە مەترسییەكانی پەیوەست بەو مادەی هۆشبەر و یارمەتیان بدەن بڕیاری تەندروست تر بدەن.

دووەم: میدیا دەتوانێت كاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستكردن بە ئالوودە بووانی مادده هۆشبەرەكان هەبێت، گرنگە ئێمە بزانین، كە ئالوودە بوون نەخۆشییەكە و ئەوانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن شایەنی بەزەیی و تێگەیشتنن نەك حوكمدان و گاڵتەكردن، بەداخەوە هەندێك لە میدیاكان بە شێوەیەكی نەرێنی یان وەك تاوانبار وێنای ئەوانە دەكەن، كە بەدەست ئالوودە بوونەوە دەناڵێنن، كە ئەمەش وادەكات كەسانی ئالوودە بوو كەمتر داوای یارمەتی بكەن.

**میدیاكان دەتوانێت بیروڕای گشتی سەبارەت بە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان لە قاڵب بدات....**

لە كۆتاییدا دەتوانین میدیا وەك ئامرازێكی پەروەردەیی بەكاربهێنین بۆ زیادكردنی هۆشیاری لەسەر مادده هۆشبەرەكان و مەترسییەكانی ئالوودە بوون، دەتوانین بەكاری بهێنین بۆ بڵاوكردنەوەی زانیاری دەربارەی مەترسییەكانی بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان و هەروەها سەرچاوە بۆ ئەو كەسانەی، كە لەگەڵ ئالوودە بووندا لەململانێدان، هەروەها دەتوانرێت میدیا بەكاربهێنرێت بۆ تیشك خستنە سەر چیرۆكەكانی چاكبوونەوە و هیوا، كە دەتوانێت پاڵنەرێكی بەهێز بێت بۆ ئەوانەی لە ئێستادا ئالوودەی ئەم مادادانەن.



# تەکنیکی نوێی خوێندنەوەی کتێب

لە کۆمەڵگەکەماندا، بەشێوەیەکی گشتی خواستێکی زۆرکەم لەسەر خوێندنەوە هەیە، هەموو کەسێک کتێب خوێندنەوە بەرز دەنرخێنێت، بەڵام ناتوانن لەسەری بەردەوام بن، بەدڵنیاییشەوە دروستکردنی ئارەزووی خوێندنەوە لە ڕۆحماندا، هۆکارگەلێکی گرینگی هەیە.

خوێندنەوە دەبێتە هۆی پێگەیشتنی بیرکردنەوەکانمان، ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینانەی مرۆڤ خاوەنیانە، بەپێی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریەکەیەتی، کاتێک مرۆڤ باس لە ئەزموونەکانی دەکات، بەگوێرەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا باسیان دەکات، ئەمەش پێگەیشتوویی مرۆڤەکە لەچەند ڕوویەکەوە دەردەخات، لەوانە؛ هەڵسووکەوتەکانی، ئاستی بیرکردنەوەکانی، ڕێکوپێکی پەیوەندییەکانی و توانای بەکارهێنانی ئەزموونە کلتوورییەکان و زانیاریەکانی لە شوێنی خۆیاندا .

ئیدی ئەوەی مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەم پلەیە، بەهرەی زانین و پیادەکردنە، دروستبوونی ئەم بەهرەیەش بە خوێندنەوەیەکی ڕێک و پێک و بەردەوام دەبێت .



**هێلین محەمەد ئەحمەد**
**قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا**

## دەبێت چۆن بخوێنینەوە ؟

کاتی دیاریکراو بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن شێوازی خوێندنەوەی خۆتان بناسن، واتە لە خوێندنی سەرەتاییدا فێری خوێندنەوە بووین، نەک خێرا خوێندنەوە، لەبەر ئەوەی خێرایی خوێندنەوەی هەر کەسێک، بەشی قورسایی ئەو زانیاریانە ناکات، کە دەیەوێت فێریان ببێت .

خووەکانتان بگۆڕن، ڕاهاتن لەسەر خوویەک لەپڕێکدا دروست نابێت تاوەکو ئەمڕۆ بەمەبەست یان بێ مەبەست، چەندین هەوڵتان داوە تەنها لە پێناو خوێندنەوەیەکی هێواشدا و هەر بەم خوێندنەوە هێواشەدەش، کە لەسەری ڕاهاتوون، پێویستییەکانتان سەبارەت بە خوێندنەوە دەستەبەر کردووە، بۆیە کاتێک بەردەوام دەبن لەسەر فێربوونی شتی نوێ بەو شێوازە کۆنەی پێی ڕاهاتوون، دووچاری فشاری دەروونی دەبنەوە و زوو لێی بێزار دەبن، چونکە وەرگرتن و پیادەکردنی زانیارییەکی نوێ قورسە، بەردەوامبوون لەسەر خووە کۆنەکان، زۆر ئاسانترە لەچاو خووە تازەکاندا، چونکە پێویستی بەهەوڵدان نییە، ئەو ئارامی و گرینگییەی پێویستە لەگەڵ منداڵێکی تازە پێگەیشتوودا بدرێت، پێویستە لە پیادەکردنی خووە نوێیەکانیشدا نیشان بدرێت .

## بۆ ئەوەی لەسەر وشەکان بوەستن، بخوێننەوە

زۆرجار گرینگ نییە بەهۆی بارودۆخ یاخود شوێن و نەگونجان، گرنگ نییە چەند بە خێرایی وشەکان دەخوێننەوە، بەڵکو ئەوە گرنگە چەند لەو پەیامە تێگەیشتوون، کە کتێبەکە (نووسەر) مەبەستییەتی، لەتاقیکردنەوەکاندا ئەوانە سەرکەوتوو دەبن، کە بە شێوازێکی باش و بەپێی پێویست هەوڵییان داوە، نەک ئەوانەی کۆششی زۆریان کردووە، کاتێک لەبری وشە بۆ چۆنییەتی تێڕوانین و مەبەستی کتێبەکە دەخوێنینەوە، هەست دەکەن لەماوەیەکی کورتدا زانیاریەکی زیاتر بەدەست دەهێنن.

## لەڕووی ژیری و جەستەییەوە ژینگەیەکی گونجاو دەستەبەر بکەن

هەرچەندە (پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی فوئاد) دەڵێت، خوێندنەوە شوێن و کاتی بۆ نییە و نابێت بەدوای شوێنێکی گونجاودا بگەڕێین، بەڵام لە هەل و مەرجی ئەمڕۆماندا، دروستکردنی کاتی گونجاو بۆ خوێندنەوە، لە کەشخەیی دەرچووە! کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە یارمەتیمان دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی زۆر باش لەبارەی خوێندنەوە، وەک: دابینکردنی مێزی سەعیکردن، گڵۆپی سەرمێز و کتێبخانە و هەڵبژاردنی کتێبی دروست و شوێنێک، کە تێیدا هیچ کەس هەراسانمان نەکات، ئەم بارودۆخەی ئێستا تێیداین ئەنجامدانی ئەو شتانەی وەک پێویست هانمان دەدەن بۆ چێژوەرگرتن و حەزکردن لە خوێندنەوە.

## جۆرەکانی خوێندنەوە کامانەن ؟

هەرچەندە هەموو کەسێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ خوێندنەوە، بەڵام وا چاکترە مرۆڤ تەکنیکێکی تایبەت بەخوێندنەوە بۆخۆی دابنێت، لێرەدا خاڵە سەرەکیەکانی جۆرەکانی خوێندنەوە کورت دەکەینەوە :-

١- خوێندنەوەی سست و بێ ئامانج :

مرۆڤ دەبێت سەرەتا بیر بکاتەوە لەوەی، دەیەوێت لەو دەقەی دەیخوێنێتەوە فێری چی ببێت و بۆچی دەخوێنێتەوە و دەیەوێت چی لێ

بەدەست بهێنێت؟ پێویستە لەپاش دیاریکردنی ئەمانە و هەڵبژاردنی شێوازی خوێندنەوە، ئینجا دەست بکات بە خوێندنەوە.

٢- خوێندنەوەی بێ دەنگ :

خوێندنەوەی بێدەنگ، لەئەنجامی پەیوەندی نێوان چاو و دەقەکەوە دێتە کایەوە، لەکاتی خوێندنەوەی بێدەنگدا چاو دەتوانێت بێ ئەوەی یەکە یەکەی پیتەکان بخوێنێتەوە، وشەکان بەتەواوی و تەنانەت بەشێکی زۆری دێڕەکەش ببینێت، خوێندنەوە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان چاو و دەقێکەوە دێتە بوون، کەواتە چۆنێتی ئەم پەیوەندیەش گرینگییەکی ئێگجار زۆری هەیە.

کاتێک چاو نووسراوێک دەخوێنێتەوە، بە چاوپێداخشانێکی خێرا بەسەر دێڕەکاندا ناڕوات، بەڵکو بە بازدانی یەک بە دوای یەک پارچەیەکی دێڕێک دەخوێنێتەوە و نیمچە وەستانێک دەکات و پاشان باز دەداتە سەر پارچەیەک یان گرێیەکی دیکە، خوێندنەوە سەرەکیەکەش لەکاتی ئەو وەستانانە دەبێت، کاتێک چاو لەدوای هەر بازدانێک دەچێتە سەر خاڵێک، ئەو بەشەی خوێنەرێکی باش لە بازدانەکاندا لێی تێدەگات بە بەراورد لەگەڵ خوێنەرێکی لاواز، زۆر فراوانترە و لەبەر ئەمەش وەستانەکانیان کەمترە، کاتێک چاو دەخوێنێتەوە، چەندێک ئاشنا بێت بە وشەکان، ئەوەندەش تێگەیشتنی لە بابەتەکەدا زیاتر دەبێت، بەڵام کاتێک ئاشنای پەیوەندی نێوان وشەکان و واتاکانیان نەبێت، کۆمەڵە جووڵەیەکی گەڕانەوە لەسەر دێڕەکە دەکات، کە دەبێتە هۆی تێکدانی کێشی خوێندنەوەکە، ئەم جۆرە جووڵانەش، کە خوێنەر دەگێڕنەوە سەر وشەکانی پێشتر، دەبنە بەربەست لەبەردەم خێرا خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی خێرادا. لە خوێندنەوەیەکی دیاریکراودا ئەو بەشەی بە چاو لێی تێدەگەین، لەو بەشە زیاترە، کە بە دەنگەوە دەری دەبڕین، ئەم جیاوازییەی لە نێوان خوێندنەوەی چاو و خوێندنەوەی بەدەنگدایە لە خوێنەرە لاوازەکاندا کەمە و لە خوێنەرە باشەکاندا زۆرە، هەموو ئەمانە وا دەکات، چاو لەکاتی خوێندنەوەدا لەبری یەکە یەکە خوێندنەوەی پیتەکان، وشەکان بە تەواوی و تەنانەت بەشێکی زۆری دێڕەکە لە یەک کاتدا بەباشی وەربگرێت.

خوێندنەوەی بێدەنگ، چوار تەکنیکی جیاوازی هەیە :

تەکنیکی چاوپێداخشاندن: لە تەکنیکی چاوپێداخشاندندا سەرنجی سەر باسەکە سەرەکی و لاوەکییەکان و سەرەتای پەرەگرافەکان دەدرێت.

تەکنیکی خێرا خوێندنەوە: بۆ دەستکەوتنی هەندێک هەواڵی گرینگ، یاخود دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێک ئەنجام دەدرێت.

تەکنیکی خوێندنەوەی تێر و تەسەل: لەم تەکنیکەدا هەموو وشە و ڕستەیەک بە شێوەیەکی ورد سەرنجیان دەدرێت و دەخوێندرێنەوە، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەو بابەتانە بەکاردێت، کە زۆر قورس و نامۆن و پێویستیان بە سەرنجدانێکی زۆرە.

تەکنیکی خوێندنەوەی ئاسایی: لە خوێندنەوەی خێرا هێواشترە و لە خوێندنەوەی تێر و تەسەل خێراترە، بەشێوەیەکی گشتی بۆ سەعیکردن لە وانەکاندا بەکاردەهێندرێت، لێرەدا بە وردی بەسەرنجەوە بخوێندرێتەوە و وردەکاریەکان لەدەست دەرنەچن و لە بابەتی خوێندنەوەکە تێبگەن.

تەکنیکی خوێندنەوەی بەدەنگەوە: پێویستە تۆنی دەنگ لەگەڵ ژینگەی خوێندنەوەکەدا بگونجێت.

خوێندنەوەی بە کۆمەڵ: ئامانجی ئەم خوێندنەوەیە وتنی وشەکان و دووپاتکردنەوەیان و لێکدانەوەی خاڵبەندییەکانە بەشێوەیەک لەگەڵ ئامانجی نووسەردا گونجاو بێت.

وەرگرتنی تێبینی لەکاتی خوێندنەوەدا: لەکاتی خوێندنەوەدا تێبینی دەنووسین.

خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە: شێوازێکی خوێندنەوەیە، بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن و خستنەڕووی بۆچوون و بڕیاردان لەسەر دەقێک بەکاردێت.

خوێندنەوە بە پەرۆشییەوە: خوێندنەوەی ڕۆمان، گۆڤارە ناودارەکان، وتارەکان، بابەتی خۆشی ئامێزەکان و زانیاریە هەنووکەییەکان، لەم چەشنە خوێندنەوەیە هەژمار دەکرێن.

خوێندنەوەی نموونەیی: هەموو کەسێک خوێندنەوەیەکی نموونەیی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات ئایا ئەو تەکنیکەی بەکاریدەهێنێت تا چەند نموونەییە، پێویستە ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات :

١- چێژ لەو کتێبە دەبینم، کە دەیخوێنمەوە؟

٢- خوێندنەوەم کردووە بە ڕۆتینێکی بەردەوام؟

٣- ئایا تێبینی دەنووسم، تاکو ئەوەی خوێندوومەتەوە؟

گەر وەڵامەکانتان بەڵێ بێت کەواتە گەیشتوونەتە خوێندنەوەی نموونەیی.

**کاتی دیاریکراو بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن شێوازی خوێندنەوەی خۆتان بناسن، واتە لە خوێندنی سەرەتاییدا فێری خوێندنەوە بووین، نەک خێرا خوێندنەوە، لەبەر ئەوەی خێرایی خوێندنەوەی هەر کەسێک، بەشی قورسایی ئەو زانیاریانە ناکات، کە دەیەوێت فێریان بێت....**

# باسێک لەسەر توندوتیژی شاراوە




هێلین هێرش

قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا


**توند و تیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ و پاشان دەبێتە ڕەفتارێکی زارەکی و دواتر کردەوەیی، کەواتە هزری توند و تیژ بەرهەمهێنەری توندوتیژییە، بۆیە دەکرێ بڵێین توند و تیژی بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤە و تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توند و تیژی وای کردوە، کە ئێمە تەنیا خوێندنەوە بۆ ڕووداوە خوێناوییەکانی توند و تیژی بکەین، ئەگینا توند و تیژی چەند فۆرمی هەیە، کە یەکێک لە وان توند و تیژیی شاراوەیە.**

باسەکەی ئێمە دەربارەی چەوسانەوە و جیاوازیخوازیە بە دژی کچان و ئافرەتان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کە زیاتر ئاشکرا کراو، وردە وردە ڕوخساری خۆی گۆڕی لەژێر گوشاری خەباتی ئازادیخوازی و بە یارمەتیی بزووتنەوەی چەپی جیهانی و چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و زانست لە جیهاندا، چی دیکە نەدەکرا بە ڕوونی و ڕاشکاوی بڕیار و کردار بە دژی ئافرەتان بەڕێوە بچێ، بەڵام ئەوە کۆتایی چەوسانەوەی ئافرەتان نەبوو، بەڵکو بە تاکتیکی نوێ و شێوەیەکی دیکەی دژایەتیکردنی لە فۆرمی ستەمی شاراوە لەگەڵ ئافرەتان بە خۆوە گرت؛ کە پێویستە لە سێ ڕەهەندەوە ئەو دیاردەیە تاوتوێ بکرێ.

### ١- کۆمەڵایەتی

لاوازی ڕۆڵی ئافرەت لەزۆربەی بوارەکاندا، پێوەندیی بە فەرهەنگ و کلتوور و سایکۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە، کە ئافرەتان تێیدا دەژین، بۆیە گەشەکردن و پێگەیشتنی ئافرەتان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازیی هەیە، بۆ وێنە: زۆرجار دەبینرێ لە بنەماڵەیەکی دێموکراتدا، لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆربەی مافی وەک یەکیان پارێزراوە، بەڵام لەهێندێک بواردا، کە لێنزی دووربینەکانی کۆمەڵگە دەکەوێتە سەر ئەو بنەماڵەیە، گەورەکانی بنەماڵەکە ڕوو بە دەرەوە دەگۆڕێن و خۆ ناچار دەبینن، بە پێچەوانەی دڵخوازی خۆیان ڕەفتار بکەن، لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر قسە و باسی نەرێنیی دەوروبەر، بۆیە لەسەردەمی ئێستادا چیدیکە ناکرێ بە بیانووی پیرۆزکردنی دەوری گەورەکان، ستەم لە ئافرەت بکرێ، بەڵام ئێستا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای پیرۆز کردنی دەوری" بنەماڵە " لە کۆمەڵگەدا، ئافرەتان بچەوسێندرێنەوە و بێبەشکردنی ڕەگەزی مێ لە خوێندن و ئیزننەدان بە فێربوون لە هەموو ڕشتەکاندا، کە کاریگەریی لەسەر پێگەیشتنی نەسل بە نەسل دەبێ، یەکێک لە وێنەگەلی درێوی ستەمی شاراوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە، کە لەسەر شکڵگرتنی کەسایەتی ئەوان شوێندانەر دەبێ، بۆیە ناکرێ ئافرەتان لە خوێندن بێبەش بکرێن، یان ناچار بکرێن، کە تەنیا لەچەند ڕشتە و زانستی تایبەتدا پسپۆڕیان هەبێ.

### ٢- ئابووری

بەستراوەیی ئابووریی ئافرەت بە پیاوەوە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئافرەت هەمیشە چاو لەدەستی پیاو بێ بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، کاتێک کەسێک لە باری ئابوورییەوە پێویستیی بە کەسێکی دیکە هەبوو، ئەمە دەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای، کە نەتوانێ ئەوجۆرەی خۆی دەیەوێ لە تواناییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ بۆ گەشەکردن و خۆپێگەیاندن، بۆ نموونە: زانستگا و خوێندنی باڵا کۆسپی گەورەیان بۆ دروست دەبێ. دیارە ئێستا تا ڕاددەیەک بە گشتی بارودۆخی ئافرەتان باشتر بووە.

وێنەی دیکە لە ژیانی ئافرەتاندا هەیە، کە جێی سەرنجە، لەکاتێکدا ئافرەتان کار دەکەن و مووچەی خۆیان هەیە، بەڵام خاوەنی داهاتەکەیان نین، زۆرجار دەبیسرێ، کە پیاوەکان لەماڵێدا بە خانمەکانیان دەڵێن ڕەئیسی ماڵێ و گۆیا بۆ هەموو شتێک هەر خانم تەسمیم دەگرێ، بەڵام دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کاتێک، کە باس دەکەوێتە سەر هێندێک بڕیاری ئەسڵی و کۆتایی، دەسەڵاتی پیاوەکە پترە، بەو جۆرە هەڵسوکەوت و کردەوانە ناکرێ ئافرەتان لە چالاکیی ئابووری و سەربەخۆیی ماڵی قەدەغە بکرێن، بەو جۆرە ڕوانینە تەنیا لەچەند بواری تایبەت و " ئافرەتانە" دا، دەرفەت بۆ ئافرەت دەڕەخسێ و زۆربەی بوارەکان هەر لە پاوانی پیاواندا دەمێنێتەوە.

### ٣- سیاسی

ئافرەت و سیاسەت، ئافرەت و دەسەڵات،

خەباتی ئافرەتان، خەباتی نێونەتەوەیی ئافرەت و بڕیاردان لە کاروباری سیاسی، هەموو ئەو وشە و ڕستانەن، کە لەمێژە گوێمان لێ دەبن و بەشی زۆری حیزب و ڕێکخراوەکان لەبەرنامە و پرۆگرامی خۆیاندا، بانگەشەی بەشداریی ئافرەتان دەکەن لەم بوارەدا، پرسیار ئەوەیە ئاکامەکەی بە کوێ گەیشتوە؟ چمان کردوە و تا کوێ هاتووین؟ بەشداریی ئافرەتان زۆر کەم ڕەنگە، لە دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتییەکاندا، پێویستە لەو بوارەشدا، ڕێگایەکی گونجاو بۆ بەشداری لە سیاسەتی بەڕێوەبەری لە زۆربەی بوارەکادا، بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەرکانە "پیاوانە" نەمێننەوە.

## ڕێگا چارەسەرەکان

بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە و چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمی شاراوە، دەتوانرێت مکانیزمێک بۆ بەربەرەکانیی دژ بەم توندوتیژییە دابندرێ. پەرە پێدان و گرینگیدان بە خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی یەکسانی لەنێو کۆمەڵگە، وەک ئەرکی تاک دەبێ هاوکات بکرێ، واتا ئەم دوو شێوە خەباتە هاوتەریب بن.

بوونی ڕێکخراوی ئافرەتانی سەربەخۆ، کە هەوڵ بدەن بۆ وەدیهێنانی مافی یەکسانی ئافرەت و پیاو، کە وەک پلاتفۆرم و سەکۆی سیاسەت، کەڵکی لێوەربگیرێ بۆ پێکهێنانی فەزایەک، کە بیر و بۆچوونی یەکسانکردنی ئافرەت و پیاو بەشێوەیەکی ئازاد بۆ ئەکتیڤ بوونی ئافرەتان بینێتە ئاراوە، ئەو کەش و هەوایە واتا فەرهەنگسازی بۆ مافی یەکسان و بەشداریی وەک یەک لە کۆمەڵگەدا بێتە ئاراوە.

پەروەردەکردن و مەجال خوڵقاندنی ئافرەتی سیاسەتمەدار، ئافرەتی تێکنۆکرات و خاوەنبیر، پێویستە ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە تایبەت ئافرەت و ڕێکخراوە تایبەتییەکەیان بێ.

پەروەردەکردنی ئافرەتان بۆ کاری بەڕێوەبەری و دەسەڵات لە کاتێکدا، ئافرەت بتوانێ وەک مرۆڤ نەک لەقالبی ئافرەت وەک پیاو کاری سیاسی بکات و توانا و کارامەیی خۆی نیشان بدات، ئەوکات بەشێک لە ویست و داخوازییەکانی دێتە دی و بەشەکەی دیکەشی بەها و ڕابوونی ئەو پیاوانە، کە باوەڕیان بەمافی ئافرەت وەک مرۆڤ هەیە، دەتوانێ تەکمیل بکرێ.

پەیوەندیی ئەرێنی و یەکسانیخوازانەی تاکەکانی بنەماڵە لەنێو خۆیاندا، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان و بەردی بناغەی چارەسەرە لە پەروەردەی نەسلی داهاتوودا، ڕێکخراوەکان بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی، پێویستە کارێکی وا بکەن، کە لە چوارچێوەی خاڵە هاوبەشەکانیاندا وەک هەبوونی دێمۆکراسی، هەبوونی مافی یەکسانی ئافرەت و پیاو واتە بەرابەری و یەکڕیزیی ڕەگەزی لەژێر سایەی کۆدەنگییەکی ڕێکخراو و بە پلاتفۆرم کار بکەن، کە هەموو ئەو ئافرەتانەی داوای مافی یەکسان دەکەن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

**بەستراوەیی ئابووریی ئافرەت بە پیاوەوە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئافرەت هەمیشە چاو لەدەستی پیاو بێ بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان....**



# ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە

ئافرەت ئەو کەسەیە، کە مرۆڤ لە نەبوونەوە دێنێتە بوون و داینەمۆی مرۆڤایەتییە، ئافرەت ڕۆلێکی سەرەکی و کاریگەری هەبووە و بەردەوامیشە لە بنیاتنانی کۆمەلگە لە هەموو بوارەکانی ژیان شانبەشانی پیاوان لە پاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی، کە بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی نەوەکانە.

هەروەها ئافرەت لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆیی خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکەوە ژیانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، کە هەردوکیان تەواوکەری یەکترن.

بەشداریکردنی هاوڵاتیان بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە پرسە گشتییەکانی ژیان و کۆمەڵگە، خۆی لە خۆیدا شێوازێکە لە دەربڕینی دیموکراسیەت و بەشداری مێینەش پێویستییەکی حەتمییە، بێ بەشداری کردنی ئافرەت مانای بەهەدەرچوونی وزە و توانای فکری و سەرمایەی بەشێک لە کۆمەڵگەیە، چونکە ڕەگەزی مێینەش دەتوانێت سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو ئەنجام بدات.

نێر یان مێ پێگەی هەردووکیان لەڕووی کاروبارەکانی ژیان یەکسانن، ئەمەش لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، ئافرەت پێویستی بەهێزێکی ڕووبەڕووبونەوەیە، کە پێکهاتبێ لە ئیرادەی هەستکردن بەخود بۆ ئەوەی بتوانێ شان بەشانی پیاوان خۆی لەگۆڕەپانی سەختی ژیان جێگیر بکات و بتوانێ لە هەموو بوارەکانی ژیان کاربکات تا لەو چوارچێوەیەیەی، کە خۆی تێدا حەشارداوە لەشەرم و بێدەسەڵاتی بەربەستەکان ببەزێنێ و بەشداری لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگە بکات، هەر بۆیە هەنێک لەفەیلەسوف و ناودارانی جیهان، کە باس لە ئافرەت دەکەن لەوانە ناپلیۆن پۆناپارت دەڵێت: (ئافرەت بەدەستێکی لانکە و بەدەستێکی هەموو جیهان ڕادەژەنێ)، هەروەها نوسەری ڕووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕی پەروەردە دەڵێت: (ئافرەت لە پەروەردە کردنی خۆشەویستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، نەک هەر دایکی منداڵە، بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات) هەروەها دەڵێت: (ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە، کە پیاوی ئازا و بەهێز دەخوڵقێنێت)، خودای گەورە مرۆڤەکانی بە ئازادی دروست کردووە بێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز، ئافرەتیش دەتوانێ ئەوشتانە بکات، کە پیاو دەیکات.

دەتوانین بڵێین ئافرەتان گەوهەرێکی خودان لەسەر زەوی، هەر بۆیە خودای گەورە بەهەشتی لەژێر پێی دایکان داناوە، هەروەها لە ئاینی ئیسلامدا بە گەورە باسی ئافرەت دەکات و دوو سورەت بەناوی ئافرەتان دانراوە لەوانە سورەتی (مریم و نساء)، هەروەها داوا دەکات ڕێزی ئافرەتان بگرن و پیاوانیش ئاگادار دەکاتەوە، کە ئافرەتان ئەمانەتن و دەبێت بەجوانترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

هەروەها بارزانی نەمر یەکێکە لەو ڕابەر و سەرکردە یەکەمانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە بڕوایەکی زۆری بەوە هەبووە ئافرەتانی کورد دەتوانن شان بەشانی باوک و برا و هاوسەرەکانیان ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیان لە پاراستن و خزمەتکردن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ببینن بەو پێیەی، کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، زۆر چاک پەی بەوە دەبرد، کە ئافرەت و پیاو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و هەریەکە لەوان چۆن ئەرکی نیشتیمانیان لە ئەستۆدایە ئاوهاش دەبێت مافیان هەبێ و ڕێزیان لێبگیرێ بەتایبەتیش لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ ئافرەتانی کورد لە چ بارودۆخێکن و توانیویانە چی بۆ خۆیان بکەن؟ ئایا توانیویانە خۆیان وەڵامی پرسیارەکانی ژیان بدەنەوە و بەشداریەکی کارایان هەبێت لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردا لە ناو کۆمەڵگە و خێزاندا.

ئێمەی میللەتی کورد لە ئێستادا لەنێو دوو چەرخی جیاوازدا دەژین، لەلایەک دەمانەوێت هەنگاو بنێین و پێشبکەوین، لە لایەکی تریشەوە کەلتور و عەقڵ و تێگەیشتن لە چەمکەکانی ژیان ناهێڵێت بەرەو دنیای ئازادی کرانەوە و شارستانیەت هەنگاو بنێین، لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئافرەتان ڕۆڵیان بینی و بەشداری کارا و چالاک و بەرچاویان هەبووە، بەڵام پێویستە ڕۆڵی ئافرەتان بەرجەستە بکرێت و ڕەنگ



**ڕەوەند غەریب**
قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی میدیا





بداتەوە لە گشت بوارەکاندا.

ئەمەش پێویست بە هەڵوێست و چارەسەرکردنە لەشێوازی پەروەردەیی خێزانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە پەروەردەکردن لەناو گشت مەڵبەندەکانی خوێندن، کە تاکەکان وا پەروەردە بکرێن و گۆش بکرێن بە هۆشیاریەکی دروست بەرامبەر یەکتر، کە هەموان یەکسان لە بەرامبەر بەدەست هێنانی ئامانج و مافەکان، دابینکردنی هەندێ بواری خزمەتگوزاری و هەلی کارو ئابوری سەربەخۆ، کە یارمەتیدەر بێت بۆ ئافرەتان بۆ بینینی ڕۆڵی خۆیان، ڕەخساندنی دەرفەتی وەک یەکی لەبەردەم ئافرەتان و پیاواندا، ئاشنا کردنی ئافرەتان بە ئەزمونەکانی دنیای پێشکەوتوو، ئەوەش بە ڕەخساندنی دەرفەتی ناردنە دەرەوەی وولات و نەهێشتنی ڕێگریەکانی دەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی ئافرەتان بەناوەندەکانی بڕیار و ئاستەکانی سەرکردایەتی دێتە دی.

ڕێزگرتن و چۆنێتی مامەڵەکردن پەیوەستە بە ڕۆشنبیری تاکەکەسی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لەکۆمەڵگەی کوردیدا لای زۆربەمان ڕوونە، کە ئافرەتان لە بەشێکی مافەکانی بێبەش کراوە، لەکاتێک، کە ئافرەتی کورد لە بواری سیاسی و ڕاپەڕینەکانی کورد و پەروەردە کردنی منداڵ هاوشانی پیاوان لەخزمەتکردنی کۆمەڵگە بەشداری کردوە و پێشکەوتنی ژیانی کورد لەهەموو بوارەکاندا تەنیا بەپیاوان نەکراوە، بەڵکو دەست و بازو و هەوڵدانی ئافرەتیش ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەر بووە بۆ سەرکەوتنی بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا.

ئافرەتی کورد لەهەموو بوارەکاندا هەوڵ و تێکۆشانی کردوە لەگەڵ پیاوان، بەجۆرێک شان بەشانی پیاوان لە پەروەردە کردنی نەوەی نوێ، کە دەبێتە هێزێکی بەتوانا بۆ پێشکەوتنی وڵات، هەروەها بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان خەباتیان کردوە و جێ دەستیان دیار بووە، لەمێژە ئافرەتی کورد پاڵپشت و یارمەتیدەری پیاوان بوونە لەمێژووی کورددا چەندین ئافرەتی ئازا و بوێر و دەست ڕەنگین باسکراون لەوانە (حەپسەخانی نەقیب، مەستورە کوردستانی، عادیلە خانم و عسمەت قازی محمد) و چەندین ئافرەتی بەتواناتر، لەم ساڵانەی دواییدا ئافرەتی کورد ڕۆڵی زۆری بینی لەشەڕی دژی داعش و شان بەشانی پیاوان بەرگریان لە خاک و لاتەکەیان دەکرد بەتایبەتی ئافرەتانی کۆبانێ، کە بوو بوون بە پارێزەری نەتەوە و شارەکەیان، تەنانەت پارێزەری مرۆڤایەتیش ناوزەند کران و بوون بە سیمبولی نەتەوەکەیان، هەروەها سەلماندویانە، کە ئەرکی دیکەش لە ئەستۆ دەگرن وەک بەشێک لە کۆمەڵگە بەشداری خەباتی سیاسی دەکەن و لە هەموو بوارەکاندا ئازایی و تواناکانی خۆیان دەردەخەن.

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی ئافرەت سەرکردایەتیەک و بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانە ئەنجام بدا لە گشت کایەکانی ژیاندا و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیادا بەرە و گۆڕانکاری بڕۆن و تێبگەن، کە وەرگرتنەوەی ماف و یەکسانی و ئازادی بەخشین نیە، بەڵکو بەدیهێنانی ماف بەداواکردن نابێت هێندەی بەستراوە بە جوڵە و کارەوە و بێدەنگ نەبوون بەرامبەر هەر نادادپەروەری و نایەکسانیەک، کە بەرامبەر بە ئافرەتان بکرێت، دەبێت بەردەوام بن لە کۆڵنەدان و هۆشیاری و ڕۆشنبیری بۆ کردنەوەی دەرگاکانی ژیان بە دروست و تەندروست، چونکە ئافرەت بناغەی خێزانە و سەرچاوەی خۆشەویستی و گەرمکەرەوەی هێلانەی ژیانە، هەر بۆیە ژیان بەبێ ڕۆڵی ئافرەت هیچ بەهایەکی نابێت.

**دەتوانین بڵێین ئافرەتان گەوهەرێکی خودان لەسەر زەوی، هەر بۆیە خودای گەورە بەهەشتی لەژێر پێی دایکان داناوە....**

# مێژووی یاری تۆپی پێ

**تۆپی پێ، ئەو یارییەی، کە ئێستا بە ملیۆنان هەوادار و بینەری هەیە بەجۆرێک بۆتە یاری پلە یەک لە جیهاندا هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهانی گرتۆتەوە و کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ڕەوتی وەرزش لەجیهاندا بەجۆرێک، هەر کە ناو وەرزش دێت تۆپی پێ لە سەرەوەی ڕیزبەندی یارییەکان دێت، بێگومان وەک هەر کار و دیاردە و کردەیەکی مرۆڤ ئەویش مێژووی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە گرنگە تیشک بخەینە سەر چەند وێستگەیەکی گرنگی ئەم یارییە لە جیهاندا و شۆڕبینەوە بە مێژووی سەرهەڵدان و دەستپێک و شوێنی ئەنجامدانی.**



**سوهێب شاکر ڕەزا**
**وەرزشوان**

گرنگە ئەوە بزانین، کە چینییەکان 2500 ساڵ پێش زایین ئەم یارییەیان کردوە، بەجۆرێک ئاهەنگیان بۆ تیپی براوە گێڕاوە و تیپی دۆڕاویش سزا دراوە، دواتر لە 600 ساڵ پێش زایین یۆنانییەکان و یابانییەکان ئەم یارییەیان کردوە و مـ×رییەکانیش لە ساڵی 300ی پێش زایین دەستیان بە یاری کردوە، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا لە ساڵی 1016ی زایینی لەلایەنە ئینگلیزەکانەوە ئەنجام دراوە و بە چەندین قۆناغی قەدەغەکردن و سەرهەڵدانەوەدا تێپەڕیوە، بەڵام لە سەدەی هەژدەی زایینی بەدواوە پێگەی خۆی بەهێز دەکات و دەبێتە یارییەکی گرنگ و لە تەواوی کۆمەڵگە و ناوچەکانی جیهان ئەنجام دەدرێ و ئیتر وورده وورده گۆڕانکاری تێدا دەکرێ و قۆناغ بە قۆناغ زیاتر برەوی پێدەدرێ، بێگومان لەم بارەیەوە پشکی شێر بەر ئینگلیزەکان دەکەوێ، وەک دەبینین ÷

* لە ساڵی 1710 لە قوتابخانەکانی ئینگلتەرا ئەنجام دەدرێ و دێتە ناو گۆڕەپانی قوتابخانەکان.

* لە ساڵی 1857 یانەی شیفلد وەک کۆنترین یانە لەجیهاندا دامەزرا.

* لە ساڵی 1862 بۆ یەکەمجار یاساکانی تۆپی پێ دانرا لە ئینگلتەرا.

* لە ساڵی 1866 بۆ یەکەمجار پەیرەوی لە کاتی 90 خولەک کرا بۆ یاریکردن، ئەویش لە یاری نێوان یانەکانی شیفلد و لەندەن بوو.

* لە ساڵی 1872 یەکەم یاری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا لەنێوان ئینگلتەرا و سکۆتلەندا.

* لە ساڵی 1878 بۆ یەکەم ناوبژیوانی بەریتانی فیکەی بەکارهێنا لەکاتی یاریکردن.

* لە ساڵی 1885 یاسا و ڕێسای پیشەگەری دانرا.

* لە ساڵی 1891 یاسای لێدانی سزا پەیڕەو کرا.

* لە ساڵی 1900 لە خولی ئۆلۆمپی پاریس، یاری تۆپی پێ بەڕێوەچوو.

* لە ساڵی 1904 یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ (فیفا) دامەزرا لە شاری پاریس و لە حەوت ئەندام پێکهاتبوون.

* لە ساڵی 1912 بۆ یەکەمجار ڕێگەدرا گۆلپارێز دەستەکانی بەکار بهێنێ لەناو چوارچێوەی دیاریکراو.

* لە ساڵی 1929 بڕیاردرا جامی جیهانی ئەنجام بدرێت هەر چوار ساڵ جارێک.

* لە ساڵی 1930 یەکەم پاڵەوانیەتی جامی جیهانی ئەنجامدرا لە وڵاتی ئۆرۆگوای و هەر وڵاتی خانەخوێش جامەکەی برد.

* لە ساڵی 1992 یەکەم پاڵەوانیەتی جامی جیهانی بۆ ئافرەتان ئەنجامدرا لە وڵاتی چین.

دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵە، یاری تۆپی پێ ئێستاش لە پلەی یەکەمی یارییەکان دێت و هەمیشە پێگەی خۆی پاراستوە و لەگەڵ ژیانی مرۆڤ هەڵدەکات، لە بۆنە و کێبڕکێکان ملیۆنان دۆلار لەپێناویدا خەرج دەکرێ و بۆتە ناسنامەی تێکەڵبوونی گەلان و ڕەنگە جیاوازەکان، تۆپی پێ هەموو سنوورەکانی بڕیوە و ئێستا ئەم یارییە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایین و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە گۆشەیەک لە گۆشەکان قسەی لەسەر ئەم یارییە هەیە، خودی یارییەکەش تا دێت جەماوەریتر دەبێت و لە نوێبوونەوەی زیاتردا دەبێت لە ڕووی گۆڕانکاری لە یاسا و ڕێساکانی ئەم یارییە و تایبەتمەندییەکانی.

# پێشنیاری هێلکاری نوێی
# گۆڕەپانی تۆپی پێ




ئەندازیاری راوێژکار
سیروان علی رفیق
کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر


یاری تۆپی پێ بە یەکێک لە یاریە زۆر کۆنەکان ئەژمار دەکرێت و کۆنترین تۆپ لە سکۆتلاندا و لەسەدەی چواردەهەم لەسەر دیوارەکانی کۆشکی شاهانەدا هەڵگیراوە. شێوەی ئێستای یاریگای تۆپی پێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1863، کە لەو ساڵەدا یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی دامەزرا و دواتر دامەزراندنی فیفای بەدوا داهات لە ساڵی 1904، کە بنەما سەرەکییەکانی یاریەکەی دانا و تایبەتکرا بە یاساکانی تۆپی پێ، یەکەم یاری نێودەوڵەتی فەرمیش لەنێوان ئینگلتەرا و سکۆتلاندا لە ساڵی 1872 لە گلاسکۆ ئەنجامدراوە.

لە ئێستادا بوونی نزیکەی 250 ملیۆن یاریزانی فەرمی لە 200 وڵاتی جیهان وایکردووە، کە تۆپی پێ بە بەربڵاوترین وەرزش ئەژمار بکرێت. یاریگای ئۆلدترافۆلد لە شاری مانشستەر لە ساڵی 1910 دروست کراوە و بە کۆنترین یاریگا و هاوشێوەی یاریگای ئێستا دادەنرێت.

لەو ماوە درێژەدا گۆڕانکاری بەسەر پلانی نەخشەی یاریگادا نەهاتووە. لە کاتێکدا رووبەرێکی زۆری بەتاڵ لەنێوان چەقی یاریگا و ناوچەی سزا هەیە و تەنانەت ناونیشان و ناویشی نیە، لەکاتێکدا ناوچەیەکی زۆر گرنگ و کاریگەرە و زۆرترین کاتی یاریکردن لەو ناوچەیەدایە. گرنگی نەخشەکردنی ئەو ناوچەیە یارمەتیدەرێکی زۆر باش دەبێت بۆ پلاندانان و رێکخستنی هێرشبردن و بەرگریکردن، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناوبژیوان بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی یاریگا و جولەی خۆی لەناو یاریگادا.

لێرەدا پێشنیاری دوو هێڵی یەکتر بڕ دەکەین لە ناوەڕاستی یاریگا و درێژ بێتەوە ستوونی گۆڵەکان لە هەردوولای یاریگا، کێشانی ئەو دوو هێڵە کۆمەڵێک ئاسانکاری و بەرچاو روونی زیاتر دەدا بە یاریزانان و ناوبژیوان و راهێنەری تیم، تەنانەت بۆ هاندەران و بێژەری یاری زیاتر روون و ئاشکرا دەبێت، سوودەکانی ئەو دوو هێڵە پێشبینی دەکەین بەو جۆرەی خوارەوە بێت:-

1) سوودی بۆ ناوبژیوان:
ئەو دوو هێڵە یارمەتی ناوبژیوان دەدات بۆ ئەژمارکردنی یاریزانەکان و گۆڵچی ئامادەبوو لەپێش دەستپێکردنی یاری بە پابەندکردنی یاریزانەکان بە راوەستان لەسەر یان لە نێوان ئەو دوو هێڵە، لە ئێستادا یاریزانەکان لەپێش فیکەی ناوبژیوان بەشێوەی پەرت و بڵاو رادەوەستن و هەندێک جار لەسەر هێڵی یاریگا دەوەستن، بەشێوەیەک تێکەڵاوی دەبێت لە نێوان یاریزانی راستەقینە و یاریزانی یەدەگ.

2) سوودی بۆ تیپی تۆپی پێ:
